دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٧٥٩، دووشەممە ١٥ی ڕەزبەری ١٣٩٨ی هەتاوی، ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠١٩

www.kurdistanmedia.com

## بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی مامۆستاوە

٥ی ئۆکتۆبر بەرانبەر بە ١٣ی مانگی ڕەزبەر، لەلایەن ڕێکخراوی یوونسکۆوە بەرۆژی جیهانیی مامۆستا دیاری کراوە. لە ساڵی ١٩٩٤ بەملاوە هەمووساڵێک ئەم ڕۆژە بە دەرفەتێک بۆ ڕێزلێنان لە مامۆستایان سەیر دەکرێ و پێداگری لەسەر ئەوە دەکرێ کە بەرزبوونەوەی چۆنایەتیی پەروەردەو فێرکردن پێویستی بە بەرەوسەرچوونی کارو ژیانی مامۆستایانەوە هەیە. ڕۆژنامەی «کوردستان» بە پێویستی زانی بەم بۆنە پیرۆزەوە، لە هەموو مامۆستایانی زەحمەتکێشی جیهان‌و بە تایبەتی کوردستان پیرۆزبایی بکا. بەو هیوایە کە لە کوردستانێکی ئازاددا مامۆستایانی دڵسۆز و خەمخۆری کورد بە مافە بنەڕەتییەکانیان بگەن.



ڕێکخراوی ٤ ... ئێرانی

دێموکراسیخوازی بە شێوازی ئێرانی

٤



سیاسەتی بانێک و دووهەوای تاران ...

٦



داهاتووی دوای شەڕی نێوان ئێران و عەرەبستان ..

٨



لە زاری پارێزەرانی وڵاتەوە

١٠

# برینە قەتماخەنەبەستووەکانی عێراق کولانەوە



پاش ١٦ ساڵ لە ڕووخانی ڕێژیمی بەعس و هاتنەسەرکاری سیستمێکی فێدراڵ لە عێراق، بەهۆی چارەسەرنەکردنی گرفت و کێشە بنچینەییەکانی ئەم وڵاتە و هاوکات دەستێوەردانە بەردەوامەکانی وڵاتانی ناوچەیی و زیاترلە هەمووان ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، جارێکی تر خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی جەماوەری هاتە ئاراوە و زۆربەی هەرەزۆری شار و شارۆچکەکانی نێوەڕاست و باشووری ئەم وڵاتەی گرتەوە. ناڕەزایەتی دەربڕینەکان لە ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٩ی ڕەزبەرەوە دەستی پێکرد؛ یەکەم شارە نارازییەکان بەرامبەر بە دۆخی داسەپاو بریتی بوون لە نەجەف و ناسریە و دواتر بەشێوەیەکی بەرین بەغدای پێتەختی عێراق و تەنانەت ناوچەی سەوزیشی گرتەوە. دوا ڕاپۆرتە فەرمییەکان باس لەوە دەکەن کە زیاتر لە ٦٠٠٠ کەس لەم ڕووداوانەدا بریندار بوون و زیاتر لە ١٠٠ کەسیش کوژراون.

خۆپیشاندانەکانی ئەم جارە لە عێراق دوو ئاراستەی سەرەکییان بەخۆوە بینیوە؛ یەکەم ناڕەزایەتی دەربڕین بە حزوور و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ناوەندەکانی بڕیاردان لەم وڵاتە و دووهەم ناڕەزایەتی لەهەمبەر دواڕەوشی ژیان و نەبوونی خزمەتگووزاری پێویست لەلایەن دەوڵەتی ناوەندییەوە.

مەسەلەی سەرنجڕاکیش لەم نێوانەدا کە دەتوانێ خاڵی جیاکەرەوەی ئەم ناڕەزایەتییانە بەبەراورد لەگەڵ ناڕەزایەتییەکانی ڕابردوو بێت ئەوەیە کە خۆپیشاندەران بەفەرمی داوای کورتکردنەوەی دەستی ئاژاوەگێڕانەی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتەکەیان دەکەن کە ئەم مەسەلە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ڕێژیمی تاران ئەگەرچی ماوەی نیزیک بە چوار دەیەیە هەوڵی سەپاندنی هێژمۆنی خۆی و قایمکردنی پێگەی خۆی لەم وڵاتە دەدات لەگەڵ شکستێکی گەورە بەرەوڕوو بووەتەوە.

گرینگییەکی دیکەی ئەم خۆپیشاندانانە بریتییە لە شکستی ئایدیۆلۆژیکی ڕێژیمی تاران لە عێراقدا کە بە ڕاپەڕینی خەڵک لە شارە مەزهەبییەکانی کەربەلا و نەجەف گەیشتە لووتکەی خۆی؛ دوو شاری گەورەی شیعەنشین کە ساڵانێکە کۆماری ئیسلامی هەوڵی سەپاندنی هێژمۆنی ئایدیۆلۆژیکی خۆی دەدات.

«ئێران بڕۆ دەرەوە» یەکێک لە دروشمە سەرەکییەکانی خۆپیشاندەران بووە کە لە ڕۆژانی ڕابردوودا وێڕای ئاگردانی ئاڵای ڕێژیمی تاران و ئاگردانی ئەو بنکە و بارەگایانەی کە حەشدی شەعبی سەر بە تاران تێیدا نیشتەجێن دەری دەخەن ئاراستەی سەرەکی ئەم جووڵە ئێعترازییە وەدەرنانی کۆماری ئیسلامی و گەڕاندنەوەی شکۆ و سەروەری عێراق لەلایەن لاوانی تازەپێگەیشتووی ئەم وڵاتەیە. لەم بگرەوبەردەدا نووسینگەی فەرمی عەلی خامنەیی لەسەر زاری ناوبراو و لە تویتێکدا، ڕووداوەکانی عێراقی بە «دوژمنانی» ئەم وڵاتە بەستەوە و ڕایگەیاند: دوژمنان (کە ڕوون نەکراوەتەوە مەبەست کێیە؟) هەوڵی تێکدانی پیوەندییە سالم و تەندرووستەکانی (!) ئێران و عێراق دەدەن بەڵام ئەم پیلانەش سەر ناگرێ. چەند ڕۆژ لەمەوپێشیش حسەین شەریعەتمەداری نوێنەری تایبەتی خامنەیی لە «کەیهان» ڕوو لە خەڵکی عێراق ڕایگەیاند: باڵوێزخانەی ئامریکا لە بەغدا دەبێ هاوشێوەی باڵوێزخانەی ئەم وڵاتە لە ئێران لە ساڵی ٥٧ بکرێتە ئامانج و داگیر بکرێت!

هاوکات بەشێک لە حەشدی شەعبی سەر بە ڕێژیمی تاران بە فەرمی ڕایگەیاندووە کە بۆ پشتیوانی لە دەوڵەتی عێراق بە هەموو شێوەیەک بەرامبەر بە خۆپیشاندەران دەجووڵێتەوە و بۆ پێشگرتن لە کودتا یان شۆڕش ئامادەی ئەنجامدانی هەر بڕیارێکە لەلایەن دەوڵەتەوە.

بەگشتی ئەم خۆپیشاندانانە هەر ئەنجامێکی لێ بکەوێتەوە لە دوو ڕەهەندی زۆر گرینگەوە شوێندانەریی لەسەر ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دادەنێ: یەکەم، باری ڕەوایی بوونی لە عێراق و ڕای گشتیی ناوخۆ و دەرەوە، دووهەم پاشەڕۆژی ئیستراتیژیی سیاسەتی فراوانخوازیی و هاوسەنگیی هەرێمی.

لایەنی یەکەم، لە کۆڵەکەیەکی گرینگی ڕێژیم دەدات کە ئەویش بڵاوکردنەوەی دەنگۆ و پرۆپاگاندایە و هەموو ڕاستییە بەراوەژووکراوەکان وەک خۆیان دەخاتە ڕوو و نیشان دەدات کە خەڵکی وڵاتانی دراوسێ، پێچەوانەی دروشمەکانی ڕێژیم، هیچ زەروورەتێک بۆ بوونی ڕێژیم لە نێو وڵات و کۆمەڵگەی خۆیان نابینن. هەر ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە خەڵک لە ناوخۆوە هەست بە لاوازییە ڕاستەقینەکانی ڕێژیم بکەن و سەرهەڵدانی ئەو هەستپێکردنە مۆتەکەی هەموو ڕێژیمە پۆپۆلیستییەکان و یەک لەوان ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانە. هۆیەکەشی ئەوەیە کە هەیمەنەیان لە زێهنی تاکەکان تێکدەشکێ. ئەمە تێکشکانی هەمان شتە کە خامنەیی وەکوو «اقتدار» ناوی لێ دەبات و بەردەوام دووپاتی دەکاتەوە.

لایەنی دووهەمیش هێژمونیی ئێران دەکاتە ئامانج. بەو واتایە کە کۆریدۆری ڕێژیم بۆ دەستێوەردان و هەناردەی چەک بۆ سووریە و یەمەن و لوبنان نائەمن و ناسەقامگیر دەکات. لێرە بەدواوە سپای پاسداران دەبێ خۆی لە بەرامبەر خەڵکی عێراق و بەتایبەتی کۆمەڵی شیعە ببینێتەوە. بە دیوێکیتردا ئێران و سپای پاسداران نەک دۆست بەڵکوو داگیرکارە و دەبێ یان بگەڕێتەوە ناو سنوورەکانی و یان بە مانەوەی، چاوەڕێی داهاتوویەکی تەماوی و نادیار بکات؛ ئەمە کەتوارێکە کە دەکرێ وەک کوولاندنەوەی برینە قەتماخەبەستووەکانی عێراق ناوی لێ بێنین کە ڕوونە سەرچاوەکەی هەمان کۆماری ئیسلامییە.

## پەیڤ

## دوورکەوتوویی و تێنەگەیشتن

کەریم پەرویزی

دژایەتی لەگەڵ دەسەڵاتیک کە بە سەر وڵات یان شوێنێکدا زاڵە دەتوانێ چەندین هۆکاری جیاوازی هەبێ. بەو مانا کە هەموو ئەو کەسانەی کە دژایەتیی دەسەڵاتێک دەکەن وەکوو یەک نین و هەموویان بە یەک مەبەست دژی ئەو دەسەڵاتە نین. ڕەنگە کەسانێک تەنیا لەبەر ئەوەی خۆیان لە دەسەڵاتەکەدا بەشدار نەبوون دەوری ئۆپۆزیسیۆن بگێڕن و گەر ڕۆژێک لە ڕۆژان هەندێک لە شیرینیی دەسەڵاتیان بەر کەوت، واز لە دژایەتیی دەسەڵاتی زاڵ بێنن. کەسانێکیش هەن کە دژایەتییان لەگەڵ دەسەڵات تەنیا و تەنیا لەبەر ئەوەیە کە دژی هەرجۆرە دەسەڵاتێکن و لە ڕاستیدا پێیان خۆشە کە بەردەوام دژبەر بن، یان بە واتایەکی دیکە هەموو کات گاردی دژبەری بگرن. لە نێوان ئەم دوو جۆر دژبەرییەدا ئیدی بە دەیان و ڕەنگە سەدان هۆکار هەبن کە کەسانێک لە پێگەی ئۆپۆزیسیۆندا جێ بگرن. لەوانە ڕەنگە مافی گرووپەکەیان پێشێل کرابێ یان سیاسەتی دەسەڵاتیان لە بوارێکدا قبووڵ نەبێ. یان لە بناخەدا ئیدئۆلۆژی و بیرکردنەوەی بەتەواوی جیاوازیان هەبێ. لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیشدا تەواوی ئەو جۆرە ڕەنگ و سیما جیاوازانە دەبینرێ و زۆرن ئەوانەی کە تەنیا دژبەریی دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیە دەکەن لەبەر ئەوەی کە خۆیان تێیدا وەلا نراون. لە ماوەی چوار دەیە ستەمکاریی کۆماری ئیسلامیدا لەو جۆرە ڕەوتانە زۆر هاتوون و دوایەش کز بوونەتەوە و وەکوو تاک و چەند کەسێکی دابڕاو لەیەک لە چەند شوێنێک کەوتوون و ئەوە بەلایانەوە پرسیار بووە کە بۆچی خەڵک گوێیان بۆ ناگرێ و وەدوایان ناکەوێ، خۆ ئەوان دروشمی زۆر چاکیان داوە و ڕستەی زۆر ڕازاوەیان بەسەر زاردا هاتووە؟ ئەدی بۆ خەڵک بە ئاڵترناتیڤیان نەبینیون؟

ئەم پرسیارە، پرسیارێکی زۆر سەرەکی و هەستیارە کە ڕەنگە بە ڕاشکاوی کەسیان نەیڵێ و هەموویان تەنانەت تاکە هەڵبڕاوەکانیش خۆیان بە ڕێبەری خەڵک ببینن، بەڵام دوای چەندین ساڵ بێ کاریگەری و دوای پەراوێزکەوتنیان، لە ناخی خۆیاندا ئەو پرسیارەیان لا دروست دەبێ کە بۆچی نەبوون بە ئاڵترناتیڤ؟ بۆ ئەوەی ڕەوتێک ببێ بە ئاڵترناتیڤ دەبێ چۆن بێ؟

یەکێک لە مەرجە سەرەکییەکانی ئەوەیکە کەسێک و ڕەوتێک ببێ بە ئۆپۆزیسیۆنێکی جیدیی دەسەڵاتێک ئەوەیە کە سیاسەت و بیرکردنەوەی

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# هەڵەی پزیشکی و گیانی بێنرخی خەڵک

لە گوندی ‹›چنارمەحموودیە‹›ی سەر بە شاری لۆردگان، بێهدارانی ناوەندی تەندروستیی ئەو گوندە بەهۆی ئەوەی کە بۆ تاقیکردنەوەی دیابێت لە سۆرەنگی پیسبوو بە وایرۆسی ‹›HIV‹› کەڵکیان وەرگرتبوو، زیاتر لە ٢٠٠ کەس تووشی نەخۆشیی ‹›ئەیدز‹› بوون.

خەڵکی ئەم گوندە وتوویانە کە بێهدارەکانی ناوەندی تەندروستیی ڕێژیم بۆ تاقیکردنەوەی شەکرەی خوێن، لە سۆرەنگی پیسبوو بە وایرۆسی «HIV» کەڵکیان وەرگرتووە.

ژمارەیەک لە خەڵکی گوندی چنار مەحموودی، نزیک دوومانگ لەمەو پێش دوای ئەوەی کە ئازمایشی دیابێتیان گرتووە، ئاگاداری ئەوە بوونە کە تووشی نەخۆشیی ئەیدز بوون. ئەم تووشبووانە بۆ دڵنیایی زیاتر سەردانی نەخۆشخانەی شارەکانی شیراز و ئیسفەهانیان کردووە و پێیان ڕاگەیاندراوە کە بە وایرۆسی ئەیدز ئالوودە بوونە.

لە شاری لۆردگان، کاربەدەستانی ڕێژیم ئەم کردەویان وەئەستۆی بەرپرسی تەندروستیی گوندی چنار مەحموودی خستووە. پارێزگاری چوارمەحاڵ و بەختیاریش بەبێ ئاماژەدان بە ڕێژەی تووشبووان تەنیا وتوویەتی: ئەم «لێکتێنەگەیشتنێک» ڕووی داوە! بۆیە داوای لێبوردن دەکەم.

پاش بەدواداچوونکردنی ئەم کەیسە لەلایەن بەرپرسانی پێوەندیدار و تەنانەت حاشاکردن لە کەتوارەکان کە بووەتە هۆی تووشبوونی بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی ئەم گوندە بە نەخۆشی مەترسیداری ئەیدز، خەڵکی شارەکانی ئەم پارێزگا وێڕای سازکردنی خۆپیشاندنان هێرشیان کردووەتە سەر تۆڕی گشتی بێهداشت و فەرمانداری و نووسینگەی بەرنوێژی هەینی شارستانی لۆردگان و ئاگریان داون.

لەلایەکی دیکەشەوە دوو دوکتوری ددانپزیشکی، ٦٠٧ هەزار دانە «ئیمپلەنت»ی ساختەیی ددانیان هاوردەی ئێران کردووە کە بۆ نەخۆشەکان کەڵکیان لێوەرگرتووە و تەندروستیی ئەو نەخۆشانە لە ئێستادا لە مەترسیدایە.

ئەو دوو کەسە، «ئیمپلەنت»ی ساختەی وڵاتی «چین»یان بە بەرچەسبی ئورووپا لە ئێراندا فرۆشتووە. جیا لە هاوردەی ئەو کەرەستە پزیشکییە ساختەیانە، ئەو ئیمپلەنتانەیان بە ٣ هەتا ٩ بەرابەر لە نرخی ئەسڵیی خۆی فرۆشتووەتەوە.

ئەگەر لە ڕابردوودا کەمتەرخەمی پزیشکێک دەبووە هۆی گیانلەدەستدان یان کەمئەندام بوونی هاووڵاتییەک، ئەوا ئێستە ئەم کەیسانە دەری دەخات کە ئەم خەمساردییانە سیستماتیک بەڕێوە دەچن و کەتوارەکە ئەوەیە کە: گیانی خەڵک لای دەسەڵات هیچ نرخێکی نییە.

# «مستەفا هیجری» سەردانی مامۆستا «کەریم ئەحمەد»ی کرد



لێپرسراوی گشتیی حیزبی دیمۆکرات سەردانی کەسایەتیی ناوداری گەلەکەمان، «مامۆستا کەریم ئەحمەد»ی کرد.

ڕۆژی یەکشەممە، ٧ی ڕەزبەر، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە سەرپەرستیی ‹‹مستەفا هیجری››، لێپرسراوی گشتیی حیزبی دیمۆکرات، سەردانی مامۆستا ‹‹کەریم ئەحمەد››، سکرتێری پێشووی حیزبی شیوعی کوردستان و کەسایەتیی ناوداری گەلی کوردیان کرد. لەم دیدارەدا، «هیجری» وێڕای ئەحواڵپرسی لە ڕەوشی تەندروستیی مامۆستا «کەریم»، پرسە و سەرەخۆشیی حیزبی دێموکراتی بە بۆنەی کوچی دوایی خاتوو ‹‹بەیان››، کچی مامۆستا «کەریم ئەحمەد»، پێی ڕاگەیاندن و خۆیانی بە بەشدار و شەریکی خەمیان زانی. لە بەرانبەردا، ماموستا «کەریم ئەحمەد»، وێڕای سپاسی «مستەفا هیجری»، ئاواتی لەشساغی و تەندروستیی بۆ خواست و ڕایگەیاند کە دۆستایەتی و نزیکایەتی لەگەڵ حیزبی دێموکرات بۆ هەمووان جێگای شانازییە.

# حیزبی دێموکرات و دیپلۆماتکارانی کانادا کۆ بوونەوە

هەیئەتێکی باڵوێزخانەی کانادا سەردانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد و لەو دیدار و دانیشتنەدا لەبارەی دۆخی کوردستان و دۆخی زیندانیانی سیاسی گفتوگۆیان کرد.

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٨ی ڕەزبەری ١٣٩٨ی هەتاوی، هەیئەتێکی باڵوێزخانەی کانادا لە عێراق؛ بە سەرپەرەستیی خاتوو «ئەشلی دۆرک» بەڕێوەبەری نووسینگەی باڵوێزخانەی کانادا لە عێراق بە یاوەریی سکرتێری یەکەمی باڵوێزخانە «تارق گوردون» سەردانی پەیوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان لە شاری سلێمانی کرد.



ئەو هەیئەتەی کانادا لە لایەن هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرەستیی «محەمەد نەزیف قادری» جێگری دووهەمی لێپرسراوی گشتی و بەرپرسی دەزگای پەیوەندییە گشتییەکان، بە یاوەریی «تاهیر مەحمودی» بەرپرسی دەزگای ڕێکخستن و «ئیسماعیل ڕەحمانی» بەرپرسی پەیوەندییەکانی سلێمانی پێشوازییان لێکرا.

لەم دیدارەدا، سەرەتا وێڕای بەخێرهاتنی میوانەکان؛ باسێکی تێروتەسەل لەسەر حیزبی دێموکرات و وەزعیەتی حیزب بە گشتی بۆ میوانان باس کرا.

هەروەها «قادری» لەسەر وەزعیەتی ئێستای ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی و ئەو کێشە و گیر و گرفتانەی کە کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵات پێکی هێناوە بۆ میوانان قسەی کرد.

لە بەشێکی دیکەی دیدارەکەدا «تاهیر مەحمودی» باسێکی لەسەر وەزعیەتی زیندانیاسی سیاسی و هەڵسوکەوتی نالەباری دامو دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم و کوژران و بریندار بوونی کۆڵبەران بۆ میوانان باس کرد.

دواتر میوانەکان لەو چوارچێوەدا پرسیار و ڕای خۆیان باس کرد و لەسەر پەیوەندییەکانی حیزبی دێموکرات و لایەنە سیاسییەکانی ناوچە تێبینی و نەزەری خۆیان هێنایە بەر باس.

لە کۆتاییدا دوو لایەن لەسەر پەیوەندی بەردەوام و دانیشتنەکانیا پێداگریان کرد.

# پرۆفیسۆر «عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ»، کۆچی دوایی کرد

پرۆفیسۆر «عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ»، نووسەر و کەسایەتیی تێکۆشەر و ناسراوی نەتەوەی کورد، لە شاری سلێمانی بۆ هەمیشە ماڵاوایی لە ژیان کرد.

بەرەبەیانی ڕۆژی ١١ی ڕەزبەری ١٣٩٨ی هەتاوی، پرۆفیسۆر دوکتور «عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ»، بەهۆی نەخۆشییەوە لە تەمەنی ٨٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.



پرۆفیسۆر «عیزەدین»، کوڕی «مەلا مستەفای سەفوەت»، کوڕی حاجی «مەلای دێلێژە» کە ساڵی ١٩٣٤ لە گەڕەکی دەرگەزێن لە شاری سلێمانی لەدایک بووە.

ناوبراو لە لای باوکی لە مزگەوتی «حاجی مەلا ڕەسوولی دێلێژە» خوێندوویەتی، پاشان لە ساڵی ١٩٣٩ لە قوتابخانەی غازی لە بەر وریایی وەک گوێگر وەرگیراوە.

دوای ئەوەی ناوبراو چووەتە شاری بەغدا، بووەتە خوێندکاری کۆلێژی شەریعە، بەڵام بەهۆی تێکەڵبوونی بە کاری سیاسییەوە، ساڵی یەکەمی شەریعەی پێ تەواو نەکراوە و دەرکراوە.

لە ساڵی ١٩٥١دا لە خانەی ماڵی مامۆستایان وەرگیراوە، لە ساڵی ١٩٥٢دا، بەشداری لە ڕاپەڕینی هەمان ساڵ لە شاری بەغدادا کردووە.

لەو سەردەمەی «عەبدولکەریم قاسم» خوێندکارانی لەسەر ئەرکی دەوڵەت دەنارده وڵاتی سۆڤییەت، «عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ» یەکێک بووە لەو خوێندکارانە.

دوای تەواوکردنی زمان، «عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ» لەگەڵ «کەماڵ مەزهەر» و «نەسرین» چووەتە باکۆ و ساڵی ١٩٦٣دا، دکتۆرای وەرگرتووە. لە ساڵی ١٩٦٥دا، گەڕاوەتەوە کوردستان و بووەتە پێشمەرگەی حیزبی شیوعی عێراق، بەڵام دوای ساڵێک مانەوە لە بارەگای بارزانی، لە ٢٦ی ١٢ی ١٩٦٦ بە هەوڵی «مەلا مستەفای بارزانی» بووەتە مامۆستا لە زانکۆی بەغدا و لە بەشی کوردی دامەزراوە. ساڵی ١٩٧٩ چووەتە مۆسکۆ و درێژەی بە خوێندن داوە و پلەی دوکتورا و پرۆفیسۆری وەرگرتووە.

«عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ» یەکێکە لە دامەزرێنەرانی یەکێتیی نووسەرانی کورد و یەکەم بەیاننامە بە قەڵەمی ئەو نووسراوە.

«عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ» ٨٦ بەرهەمی ناوازەی هەیە، لە سەرەتای گەنجییەوە دەستی بە کاری ڕۆژنامەنووسی کردووە، دواجار لە گۆڤاری ژین بابەتی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

پرۆفیسۆر «عیزەدین» لە ساڵی ٢٠٠٩دا، خەڵاتی «بلە»ی بۆ کەسایەتیی ساڵی لە بواری ئەدەبدا، وەرگرتووە.

# «مستەفا هیجری»، پرسە و سەرەخۆشیی خۆی ئاراستەی بنەماڵەی پرۆفیسۆر «عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ» کرد



«مستەفا هیجری»، لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی کۆچی دوایی پرۆفیسۆر «عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ»، پەیامێکی پرسە و سەرەخۆشیی بڵاو کردەوە.

دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:

بەڕێز/ خاتوو ڕووناک، هاوژینی پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ

ئەندامانی بەڕێزی بنەماڵەی پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا

بەداخ و کەسەرێکی گرانەوە ئاگادار کراین، بەرەبەیانی ڕۆژی پێنجشەممە، ١١ی ڕەزبەری ١٣٩٨ی هەتاوی، پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، دۆستی دێرین و بەوەفای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەگشتی و شەهید دوکتور قاسملوو بەتایبەتی، کۆچی دوایی کرد.

پرۆفیسۆر عیزەدین ساڵی ١٩٣٤ی زایینی لە سلێمانی لەدایک بووە، لە ماوەی ٨٥ ساڵ تەمەنی پڕدەسکەوتی، خزمەتێکی زۆری بە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردستان، بەتایبەت بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی کردووە.

بە ئاوڕدانەوە بە ژیان و بەرهەمەکانی پرۆفیسۆر عیزەدین، ئەو ڕاستییە حاشاهەڵنەگرەمان بۆ دەردەکەوێت کە کوردستان و کورد کەسایەتییەکی وەها مەزنی تێدایە کە بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیی لە سەرووی خواستەکانی ژیانەوە دادەنێن.

پرۆفیسۆرعیزەدین بە خەرمانێک لە بەرهەمەکانی کە زیاتر لە ٩٠ کتێب و نامیلکە بە شێوەی نووسین، توێژینەوە و وەرگێڕان تۆمار کردووە، زۆرترین خەمی شوناسی نەتەوایەتیی بووە و وەک کۆڵەکەیەکی سەرەکی لە پاراستن و پەرەپێدانی زمان و ئەدەبیاتی کوردی بووە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەدەستدانی ئەو دۆستە بەوەفایە بە خەسارێکی گەورە دەزانێت و پرسە و سەرەخۆشیی خۆی ئاراستەی هاوژین، بنەماڵە و کەسوکاری کۆچکردوو دەکات و خۆی بە شەریک و بەشداری خەمیان دەزانێت و هیوای سەبووریيان بۆ بە ئاوات دەخوازێت.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**لێپرسراوی گشتی**
**مستەفا هیجری**
**١١ی ڕەزبەری ١٣٩٨ی هەتاوی**
**٣ی ئۆکتۆبری ٢٠١٩ی زایینی**

# هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات لە ڕێوڕەسمی سەرەخۆشیی پرۆفیسۆر «عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ»دا بەشدارییان کرد

هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێوڕەسمی پرسە و سەرەخۆشیی پرۆفیسۆر «عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ»دا بەشدارییان کرد و پەیامی هاوخەمیی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتیان بە بنەماڵەی خوالێخۆشبوو گەیاند.

ڕۆژی هەینی، ١٢ی ڕەزبەری ١٣٩٨ی هەتاوی، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی «محەمەد نەزیف قادری»م جێگری دووهەمی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات، بەشدارییان لە ڕێوڕەسمی پرسە و سەرەخۆشیی پرۆفیسۆر «عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ»دا کرد.

هەیئەتی حیزبی دێموکرات لەو بەشدارییەدا هاوخەمیی حیزبی دێموکراتیان پێی ڕاگەیاندن.

لەو پێوەندییەدا، پەیامی هاوخەمیی «مستەفا هیجری»، لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات، ئاراستەی بنەماڵەی بەڕێزیان کرا. پرۆفیسۆر «عیزەدین»، نووسەر و ڕووناکبیر و دۆستی بەوەفای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەگشتی و دوکتور قاسملوو بەتایبەتی بوو کە ڕێکەوتی ١١ی ڕەزبەری١٣٩٨ی هەتاوی، لە تەمەنی ٨٥ ساڵیدا، لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد.

# سێمینارێک لەژێر ناوی «زمانی دایک ناسنامەی نەتەوەیە»، بەڕێوەچوو

یەکیەتیی لاوانی دێموکرات، سێمینارێکی بە مەبەستی خستنەڕووی گرینگیی زمانی دایکی لە پەروەردە و هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ تواندنەوەی زمانی نەتەوە بندەستەکان، بەڕێوەبرد.

ڕۆژی یەکشەممە، ١ی ڕەزبەر، هاوکات لەگەڵ کرانەوەی قوتابخانەکان لە کوردستان و ئێراندا و هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ تواندنەوەی زمانی نەتەوەکانی دیکە لە ڕێگەی ناوەندەکانی فێرکردن، یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بنکەی سەرەکیی حیزبی دێموکرات، سێمینارێکی لەژێر ناوی «زمانی دایک ناسنامەی نەتەوەیە» بۆ «جەماڵ فەتحی»، جێگیر سکرتێری یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکرات، پێکهێنا.

سەرەتای ئەم سێمینارە بە ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.

پاشان «جەماڵ فەتحی» باسەکەی خۆی پێشکەش بە بەشداربووانی سێمینارەکە کرد کە لە باسەکەیدا ئاماژەی بە ڕەوتی لەنێوبردنی زمانی نەتەوە کەمدەستەکان و کاریگەرییەکانی خوێندنی بە زمانی بێگانە کرد کە لە ئەنجامدا منداڵێک کە بە زمانێکی بێگانە لە زمانی دایکی دەخوێنێت، تووشی نامۆبوون لە کۆمەڵگا دەبێت.

ناوبراو لەبارەی نوێترین گەڵاڵەی ڕێژیم بە ناوی «تێستی بەسندەگی زمانی فارسی»، بە هەواڵنێری کوردستان میدیای ڕاگەیاند: «لەم گەڵاڵەیەدا ڕێژیمی ئیسلامی، ڕاهاتوویی و ئاشنایەتیی منداڵانی کورد لەگەڵ زمانی فارسی تاقی دەکاتەوە، بۆ ئەوەی بزانن چەنێک ڕستەی کوردی بەکار دەهێنن، تا بەجۆرێک پەروەردەیان بکات، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا زمانی کوردییان لە بیر بباتەوە».

«فەتحی»، لە درێژەی قسەکانی خۆیدا لەگەڵ هەواڵنێری کوردستان میدیا باسی لە ڕەوتی لەنێوبردنی زمانی کوردی و باقی نەتەوە غەیرە فارسەکانی ئێرانی کرد و ڕایگەیاند: «ئەم ڕەوتە لە سەردەمی پەهلەویدا دەستی پێکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەی ئەو هەموو کارەیان کردووە و سەرەڕای تێچووە زۆرەکانیان، ئەم پیلان و پرۆسەیان بۆ جێبەجێ نەبووە، چونکە خەڵک و کەسانێکی نیشتمانپەروەر هەن کە هەستیان بەم پرۆژانەی ڕێژیم کردووە و بە دانانی ئەنجومەن و ناوەندە فەرهەنگییەکان بەرپەرچی ئەم کارانەی ڕێژیمیان داوەتەوە».

# سپای تیرۆریستیی پاسداران، مانۆڕێکی لە کرماشان بەڕێوە برد

سپای تێرۆریستی پاسدارانی ڕێژیمی ئێران، مانۆڕێکی لە ناوچەی هەورامانات و بەرزاییەکانی شاهۆ لە پارێزگای کرماشاندا بەڕێوەبرد.

ڕۆژی پێنجشەممە، ٤ی ڕەزبەر، هێزی زەوینیی سپای تێرۆریستی پاسدارانی ڕێژیمی ئێران بە هاوکاریی «لەشکەری ٢٩ی نەبیی ئەکرەم» و «تیپی ئەنساروڕەسووڵ»، لە ناوچە عەمەلیاتییەکانی بنکەی «نەجەفی ئەشرەفی» ئەو هێزە، لە ناوچەی هەورامانات و بەرزاییەکانی شاهۆ لە پارێزگای کرماشاندا، مانۆڕێکی بەڕێوەبرد.

بەپێی قسەکانی پاسدار «محەممەد نەزەر عەزیمی»، فەرماندەی بنکەی نەجەفی ئەشرەفی سپای تێرۆریستی پاسداران، ئەو مانۆڕە ماوەیەکی زۆرە بەرنامەی بۆ داڕێژراوە و هێزەکانیان لەو ناوچەیەدا جێگیر کردووە و بەڕێوەیان بردووە.

پاسدار «عەزیمی»، پەیامی ئەو مانۆڕەی «بەرگری لە نائەمنی و ئامادەبوون بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ هەڕەشەکان» ڕاگەیاندووە، لە حاڵێکدا کە خۆیان سەرچاوەی نائارامی لەو ناوچانەدان و دەبنە هۆی دڵەڕاوکێ و نیگەرانیی خەڵک.

هەروەها بەهۆی ئەو مانۆڕانەوە، ڕووبەرێکی بەرچاو لە ژینگە تێک دەدەن و ئەمە تەنیا بۆ سەپاندنی ئۆتۆریتەیانە لە ناوچەکەدا و هەروەها دروستکردنی دڵەڕاوکێ و ترس لە دڵی خەڵکدا.

# ڕێژیمی ئێران بۆ سیخوڕیکردن لە دژبەرانی، ئەپی سیخوڕیی داناوە



سیخوڕیکردنی ڕێژیمی ئێران، بە ئەپە سیخوڕییەکانی دروستکراوی خۆی بە شێوەگەلی جیاواز بەردەوامە.

لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ڤیدیۆیەک لە سیخوڕیی سایبێریی یەکێک لە ئەپە سیخوڕییەکانی سپای تێرۆریستی پاسداران بڵاو بووەتەوە کە ڕەهەندە جیاوازەکانی سیخوڕیی ڕێژیم ئاشکرا دەکات.

«مۆبۆگرام، سرووش، ئیتا و تێلێگرامی تەلایی»، ئەپگەلێکن کە لە لایەن سپای تێرۆریستی پاسدارانەوە دروست دەکرێن و لە خزمەت بەڕێوەبردنی ئامانجەکانی سپادان. سپای پاسداران لە ڕێگەی شێرکەتگەلی گرێدراو بە خۆیەوە وەک «هانیستا»، بەرنامەیەکی بە ناوی «ئیتا» دروست کردووە کە هاوشێوەی ئەپی تێلێگرامە و ئەم ئەپە بۆ سیخوڕیکردن لە بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە. لە ئەپی «ئیتا»دا، پاش چالاک کردنەوە، ئەپەکە دەستپێڕاگەیشتنی تەواوی بە زانیارییە کەسییەکانی بەکارهێنەر دەبێت و لە ڕوومەتی بەکارهێنەرەکەی وێنە هەڵدەگرێت، بەبێ ئەوەی ئاگادار بێت.

## باوکی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان کوچی دوایی کرد

باوکی شەهیدێکی سوورخەڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری بانە، کۆچی دوایی کرد.
ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی ٢٩ی خەرمانان، کاک ‹›ڕەحمان ئەمینزادە››، ناسراو بە وەستا «ڕەحمان»، باوکی شەهید ‹› ناسر ئەمینزادە››، خەڵکی گوندی ‹›بەنەژاژ››ی شاری بانە، لە تەمەنی ٩٠ ساڵیدا، ماڵاوایی لە ژیان کرد.
شەهید ‹›ناسر ئەمینزادە››، پێشمەرگەی لاو و قارەمانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو کە لە دەرگیرییەکدا لەگەڵ هێزەکانی داگیرکەری ڕێژیمی ئێران لەسەر جادەی بانە - سەردەشت، لە پشتی گوندی ‹›سوێروو››، شەهید بوو.
ماڵی کاک ‹›ڕەحمان›› هەمیشە شوێنی حەسانەوەی پێشمەرگە بووە. بە هەموو شێوەیەک هاوکاریی پێشمەرگەی دەکرد و هەتا دواساتەکانی ژیانیشی هەر پشتیوانی هێزی پێشمەرگە بوو.
تەرمی کاک ‹›ڕەحمان « لەنێو ئاپۆڕای خەڵکی ناوچەکەدا بە خاکی پیرۆزی کوردستان ئەسپێردرا.

## کەسایەتییەکی خۆشناو لە شاری سنە ماڵاوایی لە ژیان کرد

ڕۆژی یەکشەممە، ٣١ی خەرمانان، کەسایەتییەکی حیزبدۆست و خۆشناو بە ناوی «حاج یەدوڵڵا محەممەدی»، کوڕی حاج «عەبدوڵڵا» لە گوندی «چڕنوو»، سەر بە شاری سنە، بەهۆی نەخۆشیی شێرپەنجەوە، کۆچی دوایی کرد. حاجی «یەدوڵڵا» کەسایەتییەکی دڵسۆز و خۆشناوی ناوچەکە بوو. ناوبراو وێڕای هاوکاریی حیزب، هەمیشە یارمەتیی خەڵکی هەژاریشی داوە. تەرمی ناوبراو لەنێو ئاپۆڕای خەڵکی ناوچەکەدا بە خاک ئەسپێردرا.

## کەسایەتییەکی خۆشناو و نیشتمانپەروەر، لە شاری شنۆ ماڵاوایی لە ژیان کرد

شەوی هەینی، ٥ی ڕەزبەر، حاجی ‹›حوسێن ئیسپەندار››، خەڵکی گوندی ‹›ئالیاوێ›› سەر بە شاری شنۆ، کۆچی دوایی کرد. حاجی «حوسێن « لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە هاتە نێو شۆڕش و ماوەیەک وەک هێزی بەرگریی میللی کاری کرد، پاشان بوو بە پێشمەرگە. دواتر لەسەر ئیجازەی حیزبی دێموکرات گەڕایەوە و لەوێ ئەرکی حیزبیی ڕادەپەراند و تا کۆتایی ژیانی، بەم ڕێبازە وەفادار مایەوە.
هەروەها، برایەکی حاجی «حوسێن»، بە ناوی ‹›کەریم ئیسپەندار››، کادری دەرجەی ٣ی حیزبی دێموکرات بووە کە لە ساڵی ١٣٦١ی هەتاویدا تێکەڵ بە کاروانی شەهیدان بووە. تەرمی ناوبراو لەنێو ئاپۆڕای خەڵکی ناوچەکەدا بە خاک ئەسپێردرا.

## کۆچی دوایی پێشمەرگەیەکی دێرینی حیزبی دێموکرات

پێشمەرگەیەکی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی «نیووزلەند»، بۆ هەمیشە ماڵاوایی لە ژیان کرد.
کاک «کەماڵ عەبدوڵڵازادە»، پێشمەرگەی قارەمان و دڵسۆزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خەڵکی گوندی دشەی شاری پاوە لە ناوچەی هەورامان، ڕێکەوتی ١ی ڕەزبەری ٩٨ی هەتاوی، لە وڵاتی نیووزلەند، بۆ هەمیشە ماڵاوایی لە ژیان کرد.
کاک «کەماڵ» یەکێک لەو کەسانە بووە کە بۆ بەرگری لە گەل و نیشتمانی هاتووەتە نێو شۆڕشەوە و بە هەموو توانایەوە وەک مرۆڤێکی خۆنەویست و دڵپاک ئەرکەکانی جێبەجێ کردووە.
ناوبراو لە نیووزلەند، کۆمیتەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانی دامەزراندبوو و هەر لەوێش وەک دڵسۆزێکی نیشتمان، چالاکانە بەشداریی لە هەموو کۆڕێکی کوردەکاندا کردووە.

## باوکی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان ماڵاوایی لە ژیان کرد

حاجی «ڕەحمان فیرووزمەند» باوکی شەهید «محەممەد فیرووزمەند» لە شاری پیرانشار کۆچی دوایی کرد.
ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٣ی ڕەزبەر حاجی «ڕەحمان فیرووزمەند» ناسراو بە حاجی «ڕەحمانە سوورە» باوکی شەهید «محەممەد فیرووزمەند» لە شاری پیرانشار کۆچی دوایی کرد.
حاجی ڕەحمان کاتی خۆی کادری حیزبی دێموکرات بوو و ئەرکی حیزبیی خۆی لە ناوچەکەدا بەجێ دەگەیاند.
هەروەها کچێکی حاجی ڕەحمان بە ناوی «گوڵێ فیرووزمەند» کادری دەرمانیی حیزب بووە.
حاجی ڕەحمان لە کاتی پێشمەرگایەتیدا جارێک بە توندی بریندار دەبێت بەڵام واز لە خەبات و تێکۆشان ناهێنێت.
کوڕێکی ناوبراو بە ناوی شەهید «محەممەد ئەمین فیرووزمەند» شەهیدی ڕێگای ڕزگاریی کوردستانە. شەهید محەممەد ئەمین ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی لە پیرانشار چاوی بە دنیا هەڵدێنێت. ناوبراو لە شەڕێکی قارەمانانەدا دژی داگیرکەرانی کوردستان لە ڕێکەوتی ٤ی گەلاوێژی ١٣٦٤ی هەتاوی لە گوندی «سنجەلی» تێکەڵ بە کاروانی شەهیدان دەبێت.
ناوبراو کادری دەرجە ٤ی حیزب بووە.
گڵکۆی شەهید محەممە ئەمین لە گوندی «شیناوێ»یە.
تەرمی مام حاجی لە نێو ئاپۆڕای خەڵکی ناوچەکەدا بە خاک ئەسپێردراوە.

## کەسایەتییەکی خۆشناو ماڵاوایی لە ژیان کرد

کەسایەتییەکی خۆشناو و نیشتمانپەروەر لە شاری سەردەشت، ماڵاوایی لە ژیان کرد.
ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی ١٠ی ڕەزبەر، کاک «مەحموود محەممەدزادە» ناسراو بە «مەحموودی عەبدوڵڵا غونچە مارەغان»، خەڵکی گوندی مەراغانی سەردەشت، کوچی دوایی کرد. کاک «مەحموود» کەسایەتییەکی خۆشناو و لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر بوو و لە گوندەکەیاندا بۆ یەکڕیزی و تەبایی نێو خەڵک هەوڵی دەدا.
برایەکی ناوبراو بە ناوی «فەقێ حوسێن» ناسراو بە «کاوە مارەغانی»، لە شۆڕشی ٤٦. ٤٧دا شەهید بووە.
هەروەها برایەک و برازایەکی، ماوەی چەندین ساڵ پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بوونە.

## کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر ماڵاوایی لە ژیان کرد

کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر و ناسراوی خەڵکی شاری بۆکان، کۆچی دوایی کرد.
کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر و ماموستایەکی قوتابخانەکانی شاری بۆکان بە ناوی «سەید فەتاح حوسێنی››، کوچی دوایی کرد.
مامۆستا «سەید فەتاح» هەم مامۆستایەکی خۆشەویست بوو و هەم وەك کەسێکی نیشتمانپەروەر قوتابییانی بو نیشتماندۆستی و دووریکردن لە خیانەت و خۆفرۆشی هان دەدا.
مامۆستا «سەید فەتاح» لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە تا پاییزی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی کە شاری بۆکان لە کۆنترۆڵی هێزی پێشمەرگەدا بوو، لە قوتابخانەی «ئێبنی سینا» کە لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە ئیدارە دەکرا، وانەی بیرکاریی بە قوتابییان دەوتەوە.
ناوبراو، ئەو ماوەیەی وەك خۆشترین دەورانی مامۆستایی بو قوتابییان، وەك بیرەوەری دەگێڕایەوە.
هەروەها مامۆستا «سەید فەتاح»، یاریزانی خۆشەویستی تیمی فووتباڵی لاوانی بوکان بوو.

## کوردستان لەگەڵ نەبوونی قوتابخانە بەرەوڕوویە





لە کوردستانی ڕۆژهەڵات قوتابییان لەگەڵ کێشەی زۆری خوێندن بەرەوڕوون، لە لایەکی دیکەشەوە نەبوونی قوتابخانە هەڕەشەیەکە بۆ سەر داهاتووی منداڵانی کورد. لە شاری ورمێ، لە بەخشی ئەنزەلی ئەو شارە، قوتابییان بەهۆی ئەوەیکە قوتابخانەیان نییە، لە مزگەوتدا دەخوێنن. لە ئێستادا قوتابییان لە گوندی «مێ شک»، لە مزگەوتدا دەخوێنن و قوتابخانەیان نییە.
هاوکات لە گوندی «گوماره لەنگ»ی مەریوان، بەهۆی پرتووکاویی قوتابخانە، ئەو قوتابخانەیە داخراوە و ٣٥ قوتابیی سەرەتایی و ناوەندی، چارەنووسیان ناڕوونە.
هاووڵاتییەکی مەریوانی ڕایگەیاند: «ئەو قوتابخانەیە سەرەڕای ئەوەی کە ٣ هەتا ٤ جار نۆژەن کراوەتەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەیکە بە باشی نۆژەن نەکراوەتەوە، داخراوە».
«عەلیوڵڵا یار تورکمەن»، جێگری بەرنامەڕێژی و گەشەی وەزارەتی پەروەردە و بارهێنان، باسی لەوە کردووە: ‹›لە ناوچە پەراوێزخراوەکاندا قوتابخانەشمان نییە، چ بگات بە مامۆستای قوتابخانە». هەموو ساڵێک لە مانگی ڕەزبەردا کە قوتابخانەکان دەکرێنەوە، چیرۆکی نەبوونی مامۆستا و قوتابخانە لە ئێران و کوردستاندا دووپات دەبێتەوە و ئەو کێشەیە چارەسەر ناکرێت. نەبوونی بودجە بۆ بەشی پەروەردە و بارهێنان، خۆی بەشێکە لە کێشەکانی خوێندن.

## خوێندکارانی کورد، بێکارترین خوێندکارانی ئێرانن



ڕێژەی خوێندکارانی کوردی بێکاری پارێزگاکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەنیسبەت خوێندکارانی پارێزگاکانی دیکەی ئێرانەوە، زۆر بەرزترە و ڕێژیم لەمبارەشەوە کوردانی پەراوێز خستووە. بەپێی ئامارێک کە لە ماڵپەڕەکانی خودی ڕێژیمەوە بڵاو کراوەتەوە، دەرچووانی زانکۆی پارێزگاکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، لە بێکارترین دەرچووانی زانکۆکانی ئێرانن.
لەم ئامارەدا هاتووە کە پارێزگای کرماشان زۆرترین خوێندکاری بێکاری دەرچووی زانکۆی هەیە و دوای کرماشان، پارێزگای سنە لەم ڕیزبەندەدایە. ئەمانە لە حاڵێکدایە کە پارێزگا فارسنشینەکان، لە کۆتایی ئەم ئامارەدا هاتوون و زۆرتر لە پارێزگا پەراوێزخراوەکان بۆ ئەوان هەلی کار ڕەخساوە. خوێندکارانی کورد دوای دەرچوون لە زانکۆ، بەهۆی نەبوونی هەلی کار و دۆخی خراپی ئابووری، یان بۆ کرێکاری ڕوو لە شارەکانی دیکەی ئێران دەکەن، یان لە سنوورەکاندا سەرقاڵی کۆڵبەری دەبن.

## کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر کۆچی دوایی کرد

کەسایەتییەکی خۆشناو و نیشتمانپەروەر لە ناوچەی سۆمای سەر بە شاری ورمێ، ماڵاوایی لە ژیان کرد.
ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی ٥ی ڕەزبەر، کاک ‹›فەیسەڵ فەرزانە››، خەڵکی گوندی ‹›کەینیسی››، سەر بە ناوچەی سۆمای ورمێ، لە تەمەنی هەشتاد ساڵیدا کوچی دوایی کرد.
کاک «فەیسەڵ» لە سەرەتای دەستپێکی چالاکیی ئاشکرای حیزبی دێموکرات، وەکوو ئەندامێکی هێزی بەرگری لە گوندی کەینیسی خزمەتێکی بێوچانی بە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات کرد.
هەروەها لە دوای شەڕی «جەتەر»، بۆ ماوەیەک ماڵی ناوبراو وەکوو شوێنی حەسانەوە و دەرمانکردنی بریندارانی شەڕی جەتەر دەبێت و هەر بەو هۆیەوە هەمیشە وەکوو کەسێکی جێی متمانە و جێی بڕوای خەڵکی ناوچەکە دەناسرا و ڕێزیان لێ دەگرت و تا دوا چرکەی ژیانی هەر بەو ڕێبازە وەفادار مایەوە.

## دایکی دوو شەهیدی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان کۆچی دوایی کرد

دایکی دوو شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری نەغەدە، ماڵاوایی لە ژیان کرد.
ڕۆژی یەکشەممە، ٧ی ڕەزبەر، دایە ‹›بەسێ شابازی››، دایکی شەهیدان ‹›عەبدوڵڵا و حەسەن ڕەمەزانی››، خەڵکی گوندی ‹›خەلیفەلیان›› سەر بە شاری نەغەدە، دوای تەمەنێکی پڕسەروەری، بۆ هەمیشە ماڵاوایی لە ژیان کرد.
دایە «بەسێ» ژنێکی نیشتمانپەروەر و حیزبدۆست بوو کە هەمیشە شانازیی بە ڕێبازی کوڕەکانیەوە دەکرد و هەتا دوا ساتەکانی ژیانی وەفادار بە ڕێبازی کوڕە شەهیدەکانی مایەوە.
شەهید «حەسەن ڕەمەزانی»، ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی لە گوندی «خەلیفەلیان» لەدایک بوو.
دوای هێرشی داگیرکەران بۆ سەر خاکی کوردستان، پەیوەست بە ڕیزی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە بوو.
ناوبراو لە دەرگیرییەکدا دژی هێزەکانی ڕێژیمی ئێران لە ڕێکەوتی ٧ی بەفرانباری ساڵی ٦٣ی هەتاوی، لە شوێنێک بە ناوی «دێلکە» سەر بە شاری پیرانشار، تێکەڵ بە کاروانی شەهیدان بوو و هەر لەو شوێنەدا بە خاک ئەسپێردرا.
شەهید «عەبدوڵڵا ڕەمەزانی» لە گوندی خەلیفەلیان لەدایک بوو.
دوای پەیوەستبوونی بە ڕیزی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، وەکوو جێگرپەل ئەرکە حیزبییەکانی خۆی بەو پەڕی دڵسۆزییەوە بەڕێوە دەبرد.
ناوبراو لە دەرگیرییەکدا دژی هێزەکانی ڕێژیمی ئێران لە ڕێکەوتی ٢٩ی ڕەشەمەی ساڵی ٦٧ی هەتاوی، لە شوێنێک بە ناوی گوندی «چەقەڵ مستەفا» سەر بە شاری نەغەدە، تێکەڵ بە کاروانی سوورخەڵاتی شەهیدان بوو.
گڵکۆی ناوبراو لە «شەبەکی» مەهابادە.

## باوکی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان کۆچی دوایی کرد

باوکی شەهیدێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری مەهاباد، ماڵاوایی لە ژیان کرد.
ڕۆژی یەکشەممە، ٧ی ڕەزبەر، حاجی ‹›ڕەسووڵ ئیبراهیمیان››، باوکی شەهید «ڕەحیم ئیبراهیمیان»، دوای تەمەنێکی پڕسەروەری، لە شاری مەهاباد ماڵاوایی لە ژیان کرد.
حاجی «ڕەسووڵ»، کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر و حیزبدۆست بوو کە هەمیشە شانازیی بە ڕێبازی کوڕەکەیەوە دەکرد و هەتا دوا ساتەکانی ژیانی بە ڕێبازی کوڕەکەی وەفادار مایەوە.
شەهید «ڕەحیم ئیبراهیمیان»، ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی لە شاری مەهاباد لەدایک بووە.
دوای هێرشی داگیرکەران بۆ سەر خاکی کوردستان، پەیوەست بە ڕیزی پێشمەرگەی کوردستان بوو.
ناوبراو بەهۆی لێهاتوویی توانی ببێتە جێگرلک و ئەرکە حیزبییەکانی خۆی بەوپەڕی دڵسۆزییەوە بەڕێوەببات.
دەرەنجام، شەهید ‹›ڕەحیم›› لە ڕێکەوتی ٢٢ی خەرمانانی ساڵی ٦٧ی هەتاویدا، بە دەستی ڕێژیمی پەت و سێدارەی ئیسلامیی ئێران لە شاری ورمێ ئێعدام کرا و تێکەڵ بە کاروانی شەهیدان بوو.

## دریژەی پەیڤ

بەتەواوی دژی ئیدئۆلۆژی و سیاسەتی دەسەڵاتی زاڵ بێ. مەرجی دیکەی ئەوەیە کە دروستە ئەو سیاسەت و ئیدیۆلۆژییە کە دەبێ دژی سیاسەتی دەسەڵاتداران بێ، بەڵام دەبێ جێی پەسندی خەڵکیش بێ. خۆ ناکرێ ئیدئۆلۆژییەکی چەقبەستووی وەکوو بیری داعشی بە ئاڵترناتیڤی ویلایەتی فەقیهی بزانرێ. بۆیە مەرجی دووهەم پەسندکرانی لەلایەن خەڵکەوەیە. سیاسەت و بیرکردنەوەش کاتێک جێی پەسندی خەڵک دەبێ کە سیاسەتداڕێژەر لە ویست و تواناکان و ئاواتەکانی خەڵک تێ بگا و هەموو ڕەنگ و جیاوازییەکانی کۆمەڵگا ببینێ. کەسێک کە دەیهەوێ سیاسەتێک دابڕێژێ و هیچ پێوەندییەکی بە ناخی کۆمەڵگاوە نەبێ و هەموو ڕەنگە جیاوازەکانی کۆمەڵگا نەبینێ، لە باشترین حاڵەتدا سیاسەتێک دادەڕێژێ کە تەنیا بەشێکی کەم لە کۆمەڵگا کە وەکوو ئەون و هاوشێوەی ئەون لێی تێدەگەن. لە کۆمەڵگای ئێراندا، چەندین نەتەوە هەیە و لە سەر ئەرزی واقیع، ئەو نەتەوەگەلە ویست و ئاوات و خولیای جیاوازیان هەیە و لە نێو شار و شوێنەکانی هەرکام لەو نەتەوانەدا خەڵک بەشێوەی مەدەنی و خۆبەخۆ، خەریکی کردنەوەی بنکەی تایبەت بە فێرکردنی منداڵان بە زمانی دایکیی هەرکام لە نەتەوەکانن. لە دۆخی سیاسیی جیاوازیشدا نەتەوەکان هەرکام بە جیا لەسەر پرسەکانی تایبەت بەخۆیان هەستیارن، کاتێک لە تاران خۆپیشاندانە، کوردستان بە هی خۆی نازانێ و کاتێک لە کوردستان خۆپیشاندانە، ئیسفەهان بە هی خۆی نازانێ. بۆ هەموو نەتەوەکانی دیکەش هەر بەم شێوەیە. لەوەها کۆمەڵگایەکدا، بەرنامەیەکی سیاسی کە باس لە «یەکپارچەیی نەتەوەیی» بکا و گاڵتە بە چارەنووسی نەتەوەکان بکا ناتوانێ هیچ دەسکەوت و سەرکەوتنێک بەدەست بێنێ. تەنیا ئەوە دەسەلمێنێ کە داڕێژەرانی ئەو سیاسەتە زۆر لە ڕاستیی کۆمەڵگا و نەتەوەکانی ئێران دوورن و لێی تێناگەن.

# سەرەتایەک بۆ تێکڕووخانی هیلالی شیعە

**ئاگری ئیسماعیلنژاد**

خۆپیشاندان لە عێراق بۆ دابین کردنی سەرەتاییترین پێداویستییەکانی ژیان، شتێکی نامۆ نییە و دەتوانین بڵێین لە پاش ٢٠١١ ـەوە هەتا ئێستا، هەر ساڵێک، جارێک خۆپیشاندان بۆ خزمەتگوزاری لە گۆڕەپانی عێراقدا لە گۆڕێ بووە.

**خۆپیشاندانی ئەو جارەی عێراق سێ جیاوازی هەیە:**

**یەکەم:** خۆپیشاندەران سەرەڕای داوای خزمەتگوزاری، خوازیاری چوونەدەرەوەی ئێرانن.

**دووهەم:** زۆربەی خۆپیشاندانەکانی پێشوو، کارتێکی موقتەدا سەدر بوو کە بۆ زەخت ساز کردن لەسەر بەرەی ئێران لە شەقامی سیاسیی عێراقدا بەکاری دەهێنا.

**سێهەم:** لە خۆپیشاندانی ئەمجارە، عەرەبی شیعە، بێ ئەوەی سەرکردایەتیان لە دەستی موقتەدا سەدردا بێت، هاتوونە سەرشەقام و جەماوەری خۆپیشاندەر لەلایەن هەندێک لە گرووپەکانی نزیک لە ئێران سەرکوت دەکرێت، پێشووتر تەنیا ئەو بەشە لە خۆپیشاندانەکان سەرکوت دەکرا کە عەرەبی سوننە بوون کە دەکرێت وەک نموونە ئاماژە بە خۆپیشاندانەکانی ئەنبار لە ساڵی ٢٠١١ هەتا ٢٠١٣ بکرێت. ئەو سێ جیاوازییەی سەرەوە، دەتوانێ بەو مانایە بێت کە ئێران وەک دەسەڵاتێک کە لە جوغرافیای هیلالی شیعە، خۆی وەک هێزی ڕزگارکەری «شەعبی شیعە» دادەنا، ئێستا وەک داگیرکەرێک لەلایەن خەڵکی شیعەوە سەیری بکرێت. ئێران بۆ وەدیهێنانی خەونی هیلالی شیعە، تەنیا یەک کارتی بەهێزی هەبوو ئەویش پێگەی کۆمەڵایەتیی دەسەڵاتدارێکی شیعەی ئێرانی لە جوغرافیای هیلالی شیعەدا بوو. کۆماری ئیسلامی بە هۆی پێگەی

**ئێران وەک دەسەڵاتێک کە لە جوغرافیای هیلالی شیعە، خۆی وەک هێزی ڕزگارکەری "شەعبی شیعە" دادەنا، ئێستا وەک داگیرکەرێک لەلایەن خەڵکی شیعەوە سەیری بکرێت**

سیستمی مەرجەعی شیعە، لە نێو ئایینزای شیعەدا و بە هۆی ئەوەی لە جوغرافیای دەرەوەی ئێران باوەڕمەندانی شیعە لەژێر دەسەڵاتداری سوننەدا بوون، هەتا ئێستا توانیویەتی بەشێک لە جەماوەری شیعە بۆ لای خۆی ڕاکێشێ؛ هەڵبەت شەڕی ئێران و عێراق و سەرکوتی

**عێراق لە ئێستادا بۆ ئێران دەروازەیەکی ئابوورییە، هەم لە ڕێگای ئەو وڵاتەوە دۆلاری پێویست بۆ بەڕێوەبردنی سیستمی بانکی و دراوی ئێران دابین دەکات و هەمیش عێراق گەورەترین بازاڕی هەناردەکردنی شتوومەکی ئێرانییە کە ئەوە وایکردووە، بەشێک لە بنیاتی پیشەسازیی ئێران بە هیوای بازاڕی عێراق بگەڕێ و زەختی سیاسی بۆ سەر ئێران لە عێراق بە مانای لاوازبوونی پێگەی ئابووریی ئێران دەبێت**

شیعەی عێراق لە ماوەی دەسەڵاتداریتی سەدام بێ گومان ڕێگەخۆشکەریش بووە بۆ گەیشتنی کۆماری ئیسلامی بەو دەسکەوتەی باسمان لێکرد.

**لە ئێستادا جەماوەری شیعە لە شەقامی بەغدا، دوو داواکاریی ڕوونیان هەیە:**

**خۆپیشاندانی ئەمجارەی بەغدا سەرەتایەکە بۆ شکستی سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕشی کۆماری ئیسلامی و تێکڕووخانی خەونی هیلالی فارسی_شیعە و ئەگەر خۆپیشاندەران سەرکەوتوو بن، هیلالی شیعە تێک دەڕووخێ**

**یەکەم:** خزمەتگوزاری

**دووهەم:** چوونەدەری ئێران لە عێراق لە ١٦ ساڵی ڕابردوودا، حیزبە شیعەکان هێزی زاڵ لە نێو دەسەڵاتی عێراق بوون و ئەو بەرەیە نەیتوانیوە تەناهی و خزمەتگوزاری، تەنانەت بۆ جەماوەری دەنگدەری خۆشی دابین بکات و سەرەڕای ئەوە، دەسەڵاتداری شیعەی عێراقی، دوو نەتەوەی کورد و عەرەبی سونەشی خستۆتە پەراوێزی دەسەڵاتەوە و ناوچەی ژیانی عەرەبی سوننە بە تەواوی تێکڕمێندراوە.

هاوکات لەگەڵ ئەوە، دەیان بەرپرسی عێراقی وەک هادی عامری، ئەبوو مێهدی موهەندیس، ئەکرەم کەعبی و .. لە چەند مانگی ڕابردوودا، بە ڕاشکاوی بە ڕاگەیاندنەکانی جیهانی گوتووە کە چارەنوسی عێراق و ئێران یەک چارەنووسە و گەر هێرش بکرێتە سەر ئێران، ئەوە عێراقیش دەست دەکاتەوە، بەڵام خۆپیشاندانی ئەمجارەی شەقامی عێراقی، یەک ڕۆژ دوای هەڕەشەی ئیرەج مەسجدی، باڵوێزی ڕێژیم لە بەغدا دەستی پێکرد. مەسجدی گوتبووی ئەوان دەتوانن هێرش بکەنە سەر بەرژەوەندییەکانی ئامریکا لە عێراق و داواکاریی ڕوونی خۆپیشاندەرانیش ئەوەیە کە چارەنووسی سیاسیی ئێران و عێراق لێک هەڵاوێردرێ.

**عێراق بۆ ئێران لە پێنج ڕووەوە گرنگە:**

**یەکەم:** لە مێژووی ئایینزای شیعەدا، هەمیشە نەجەف و کەربەلا ناوەندی دەسەڵاتداریی مەرجەعیەتی شیعە لە ئایینزای شیعەدا بوون کە پێگەی ئەو دوو شارە لە ٤٠ ساڵی ڕابردوو لاواز بووە، بەڵام بە ڕووخانی سەدام دەرفەتی ئەوە هەیە ئەو دوو شارە پێگەی مێژوویی خۆیان لە سیستمی مەرجەعیەتی شیعە بەدەست بێننەوە.

**دووهەم:** عێراق لە ڕووی جەماوەرییەوە سێیەمین وڵاتی شیعەیە، بەڵام شیعەی عێراق زۆرینەی جەماوەری ئەو وڵاتەیە و بۆیەش عێراق دوای ئێران، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە زۆر ئاساییە دەسەڵاتداری شیعە تێیدا باڵادەست بێت؛ تەنانەت لە سیستمێکی دێمۆکراسیدا، سەرەڕای ئەوەیکە عێراق وڵاتی هەناردەکاری نەوتە و لە پرسی تەناهیی وزەشدا عێراق دەتوانێ پشتیوانەیەکی گەورەی ئێران بۆ یاریکردن بە کارتی تەناهیی وزە بێت.

**سێیەم:** عێراق لە ژێئۆپۆلتیکی هیلالی شیعەدا، گرنگترین وڵاتە و تەنیا کاتێک دەتوانین بڵێین، هیلالی شیعە سەرکەوتووە کە عێراق لەو هیلالەدا بێت و ئەگەر عێراق لەو هیلالە دابڕێ، کەلێن لەو هیلالەدا ساز دەبێت و پێگەی ئێران لە ناوچەکەدا بەتەواوی لە کزی دەدا، تەنانەت ئەگەر سوریا و یەمەنیش بەتەواوی بکەوێتە دەست ئێرانەوە.

**چوارەم:** عێراق لە ئێستادا بۆ ئێران دەروازەیەکی ئابوورییە، هەم لە ڕێگای ئەو وڵاتەوە دۆلاری پێویست بۆ بەڕێوەبردنی سیستمی بانکی و دراوی ئێران دابین دەکات و هەمیش عێراق گەورەترین بازاڕی هەناردەکردنی شتوومەکی ئێرانییە کە ئەوە وایکردووە، بەشێک لە بنیاتی پیشەسازیی ئێران بە هیوای بازاڕی عێراق بگەڕێ و زەختی سیاسی بۆ سەر ئێران لە عێراق بە مانای لاوازبوونی پێگەی ئابووریی ئێران دەبێت و ئەوەش سیاسەتی «زەختی ئەوپەڕ»ی ئامریکا لەسەر ئێران کارتێکەرتر دەکات.

**پێنجەم:** عێراق وڵاتێکی هەناردەکاری نەوتە و وڵاتێکی دەوڵەمەندە کە جەماوەرەکەی بە هۆکاری بێکاری و نەبوونی خزمەتگوزاری هاتوونەتە سەرشەقام، کەواتە هێزی دەسەڵاتدار لە عێراق کە لە ئێران نزیکە ئەو داهاتەی عێراق دەدزێ.

بەپێی هێندێ هەواڵی پشتڕاست نەکراوە، بەشێک لە تێچووی هیلالی شیعە لەلایان هەندێک لە هێزە عێراقییەکانی نزیک لە ئێران و لایەنە سیاسییەکانی ئەو وڵاتەوە دابین دەکرێت و بە کورتی تێچووی هیلالی شیعە تەنیا لەسەر شانی ئێران نییە، بەڵکوو عێراقیش پشکی لەو تێچووەدا هەیە. ئەگەر پێگەی سیاسیی لایەنگرانی ئێران لە عێراق لاواز بێت، بێ گومان ئەوان ناتوانن لە ڕووی ئابوورییەوە یارمەتیدەری پرۆژەی هیلالی شیعە بن. کە کۆی ئەو باسانە لە پاڵ یەک دانێین، دەتوانین بڵێین خۆپیشاندانی ئەمجارەی بەغدا سەرەتایەکە بۆ شکستی سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕشی کۆماری ئیسلامی و تێکڕووخانی خەونی هیلالی فارسی_شیعە و ئەگەر خۆپیشاندەران سەرکەوتوو بن، هیلالی شیعە تێک دەڕووخێ و زەختی ئابووریی سەر ئێرانیش چەند قات زیاتر دەکات و ئەوەش دەتوانێ بەمانای ئەوە بێت کە گلۆڵەی کۆماری ئیسلامی زیاتر دەکەوێتە لێژی.

# دێموکراسیخوازی بە شێوازی ئێرانی

## ڕوانینێک بۆ دامەزراندنی " شۆرای مودیرییەتی گوزار"

**کەیهان یووسفی**

لە ڕۆژانی ڕابردوودا واتە ٢٨ و ٢٩ی مانگی سێپتامبر، لە ئیمپریال کەلجی شاری لەندەن، دامەزراوەیەکی دیکە بە دامەزراوەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی ئیزافە بوو تا گرێکوێرەی ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری لەوەی کە هەیە خراپتر بێت.

ئەم دامەزراوەیە کە دامەزرێنەرانی ناوی «شۆرای مودیریەتی گوزار»یان لە سەر داناوە و لە سەر زاری ئەوانەوە گۆیا ئەم دامەزراوەیە دەیهەوێت لە ڕەهەندێکی بەربڵاو و بەریندا هێزە دێموکراتە ئێرانییەکان یەك بخات و تێدەکۆشێ بۆ ڕێکخستن و بەستەرخۆشکردن بۆ پێکهاتنی بەرەیەکی بەربڵاوی هێزە سیاسییە دێموکراتە ئێرانییەکان بە مەبەستی پێکهێنانی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی.

دێمۆکراسی، نەبوونی هەڵاواردن، پێبەندبوون بە ڕاگەیەنراو و کۆنوانسیۆنەکانی مافەکانی مرۆڤ، دێسانترالیزە کردنی دەسەڵات، مافی یەکسان بۆ گشت هاوولاتیان، مافەکانی کاملی جینسیەتی، سڕینەوەی هەڵاواردنی ئابووری و ... و هەر وشەیەکی جوان و گشت پەسەند کە لە وشەدانی سیاسیدا بوونی هەیە لە بەڵگە سێیانەکانی ئەم دامەزراوەیەدا دەتوانن بدۆزنەوە.

ئەوەیکە ئەم دامەزراوە بە هیچ چەشنێك ئاوڕی لێنەداوەتەوە و ئەوەی بۆ داهاتووی دوای ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هێشتۆتەوە، چۆنیەتی دیاریکردنی پێکهاتەی سیاسی داهاتووی ئێران و گرنگتر لەوەش، مەسەلەی نەتەوەیی و مافە پێشێلکراوەکانی نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێرانە. ئاماژەدان بە چەمکە گشتگیرەکانی وەك دێمۆکراسی، کۆ نو ا نسیۆ نە کا نی مافەکانی مرۆڤ و خوێندنی زمانی دایکی و ... ناتوانێت نەخشەڕێگایەکی ڕوون بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی سەرانسەری و ڕاکێشانی هێزە ئازادیخوازەکانی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران بۆ لای ئەم شۆرایە بێت.

بێ گومان لای هەر ئازادیخوازێك خەبات بۆ ڕزگاربوون لە سەرەڕۆیی بە واتای ڕۆیشتن بۆ شوێنێکی نادیار نییە و ڕووخانی ڕێژیمێك یان پێکهاتەیەکی ئایدۆلۆژیکی بە تەنها ناتوانێت مەبەست بێت. ئەم هەڵە تراژیکە لە شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩دا یەکجار ئەزموون کراوە و نرخەکەی بۆ نەتەوەی کورد قەڵاچۆ، زیندان ، بۆردومان و وێرانی بووە.

ئەوەیکە گرنگی هەیە و ئەوەیکە دەتوانێت بنیانی دامەزراوەیەکی جیددی بە پۆتانسییەلێکی بەهێز بۆ کۆکردنەوەی گشت هێزە ئازادیخوازە ئێرانییەکان لە ژێری یەك چەتردا هەبێت، تێپەڕبوون لە کۆماری ئیسلامی یان هەر ڕێژێمێکی دیکە نییە، بەڵکوو تێپەڕین لە ئەندێشەی گشتیەتخوازی، سەرەڕۆیی و دارمانی ئەو هێڵە سوورانەیە کە بۆ زیاتر لە سەد ساڵە، هێزە مافخوازەکانی سەر بە نەتەوە ژێردەستەکان لە ئێراندا وەکوو دێوەزمەیەك بۆ لەت لەت کردنی خاکی ئێران بە بیروڕای گشتی دەناسێنێ.

دێمۆکراسی وەکوو سیستم و ئەندێشە



جێگای ڕێزە و بەهایەکی بنەڕەتی هەیە و لە هەمان کاتدا چەمکێکی خەڵەتێنەریشە. ڕێژیمە دیکتاتۆر و تۆتالیتەرەکانیش خۆیان بە دێموکراتیکترین وڵاتانی جیهان دەناسێنن. ئەوەیکە دەتوانێت دێمۆکراسی وەکوو سیستم، پێکهاتەو ئایدیا بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگایەك بەنرخ و جێی ڕێز نیشان بدات، شیکردنەوەی وردەکارییەکان بۆ چۆنیەتی کردەیی کردنیەتی. ئەسڵێك کە شۆرای مودیرییەتی گوزار پشت گوێی خستووە و لە جیاتی کۆمەڵێك چەمك و وشەی جوان و ناسکی بەدوای یەك ریز کردووە و بڕیاردان لە سەر ئەم باسە گرنگەی بۆ دواتر هێشتۆتەوە.

لە بەڵێنییەکانی ئەندامبوون لە شۆرای مودیریەتی گوزار بە پێی بەڵگە سێیانییەکانی ئەم دامەزراوە کە بڵاو بۆتەوە، بەرگری لە سەربەخۆیی و یەکپارچەیی وڵات لە بەرانبەر هەر چەشنە هێرشێکی دەرەکیدایە و ... بە وتەیەکی دیکە پاراستنی تەواویەتی خاکی ئێرانە.

پرسیارێك کە لێرەدا دەبێت بخرێتە بەر باس ئەوەیە کە کێن ئەوانەی کە دەبێت بەرگری لە تەواویەتی خاکی ئێران بکەن؟ ئەگەر ئەمە ئەرکی سەرشانی هەمووانە ئەی بۆ باس لە چۆنیەتی دابینکردنی مافی هەمووان نەکراوە؟ ئەم دامەزراوەیە ئەرکی بۆ هەمووان دیاری کردووە، بەڵام پرسیار ئەوەیە بۆچی چۆنیەتی دابینکردنی مافی هەمووان بۆ دواڕۆژی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات بەجێ ماوە؟ پێکهێنانی مەجلیسی دامەزرێنەران بۆ نووسینەوەی یاسای بنەڕەتی و دیاریکردنی پێکهاتەی حکوومەتی داهاتوو و ... بابەتێکی دێموکراتیك و گرنگە، بەڵام ئایا خومەینیش هەمان بەڵێنی نەدا و مەجلیسی مۆئەسسانی پێك نەهێنا؟ چوار دەیە لەو ڕۆژانە تێپەڕ بووە بەڵام وادیارە ئەندێشەی گشتیەتخوازی ئێرانی و هێزە ناوەندگەراکان هیچ ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا نەهاتووە. هێشتاش دابینبوونی مافی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران هەرڕەشەیەکە بۆ سەر کۆشکی خەونی زۆر کەس و تەنانەت لە لای ئەوان ناوهێنانی مافە ڕەواکانی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران و دیاریکردنی پێکهاتەیەکی شیاو بۆ دێسانترالیزەکردنی دەسەڵات و گەرەنتی مافی یەکسان بۆ گشت خەڵکانی ئێران نە پێناسەی بۆ دەکرێت و نە دەتوانن وێناشی بکەن و ئەم بابەتە، بابەتێکی نەلواوە.

سەهۆڵی فیکری بیچمگرتوو لە سەرەڕۆیی ئێرانی هێشتاش سێبەری خستۆتە سەر ئەندێشەی ئەم کەسانە و ژێستی دێمۆکرات گرتن و دەروەستبوون بە مافەکانی مرۆڤ تەنیا لە وتاردان و بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەنراو و دروستبوونی دامەزراوە و بەرە و... ناتوانرێت جێگەی متمانە بێت.

دەبێت لەم پارێزەر و بەناو نوێنەری نەتەوەکانی ئێرانە ئەم پرسیارە بکەین بۆ ئەوەی هەڵوەستەیان لەگەڵ خۆیان و ئەوانی تریشدا ڕوون بێت و ئەمەش ئەوەیە کە ئەوان ئایا لە ڕاستیدا دڵنیگەرانی دێمۆکراسی و مافەکانی مرۆڤن یان هەراسانی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێرانن؟

ئەولەویەت لای ئەوان کامەیە؟ ئایا ئەمانیش وەکوو ئەو بەناو چەپ و دێموکراسیخوازەکانی تر بۆ پێشگیری لە پارچەپارچەبوونی خاکی ئێران، وەهمێك کە سەد ساڵە لە ڕێگەی ئەم وەهمەوە بزووتنەوەی دێموکراتی نەتەوەکانی ئێران و بەتایبەت کوردستان سەرکوت و قەڵاچۆ دەکەن، لە سەنگەری پاسدار و پان ئیرانیست و ...ن یان دێموکراسی و مافەکانی مرۆڤ بۆ ئەوان ئەولەویەتی هەیە؟

پێکهێنانی بەرەیەکی سەرانسەری بۆ تێپەڕبوون لە کۆماری ئیسلامی، نەخشەڕێگایەکە کە پێویستی بە ڕاکێشانی متمانەی هەمووان هەیە؟ لە سەر چ بنەمایەك حیزب و ڕەوتەکانی سەر بە نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران متمانە بەم شۆرایە بکەن و لە گەڵی بکەون؟ لە سەر بنەمای کام پێکهاتەی پێشنیارکراو؟ چ گەرەنتییەك هەیە مەجلیسی دامەزرێنەرانێك کە ئەم شۆرایە باسی دەکات، نەبێتەوە هەر ئەوەی دوای شۆڕشی ١٩٧٩؟

ئەوەیکە دەتوانێت تیشکی هیوایەك بخاتە سەر دواڕۆژی ئێران و شۆرایەکی بەم چەشنە بکاتە شۆرایەکی جیددی و کاریگەر، تێپەڕبوون لە ئەندێشەی نەخۆشی سەرەڕۆیی وگشتیەتخوازی ئێرانییە نەك کۆماری ئیسلامی.

بۆ دەربازبوون لەو زەلکاوەی کە ئۆپۆزسیۆنی سەرانسەری تێی چەقیوە و بۆ پێکهێنانی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی، ریزکردنی ئەم هەموو چەمکە جوان و دێماگۆژییانە بەس نییە. ڕێگەچارە زۆر ئاسانە و ئەویش دانپێدانان بە فرەچەشنی نەتەوەیی لە ئێران و پێناسەی پێکهاتە و سیستمێکی شیاو بۆ بەکردەیی کردنی چۆنیەتی دابینبوونی مافی خەڵکانی ئێران پێش لە پێناسەی ئەرکەکانیانە.

# میدیای داگیرکەر و ئێمەی کورد

**"ئێمە باشتر لە هەموان وانەمان لە مێژوو وەرگرتووە. دەزانین کە هیچ تاوانێک بێ‌سزا نامێنێتەوە. بەڵام هەر هەڵەیەکیش ئاسەواری تایبەتی خۆی هەیە کە حەوت نەسڵ پێوەی دەناڵێنن؛ هەر بیرۆکەیەکی نادرووست جینایەتێکە کە لەهەمبەر نەسڵەکانی دواتر تووشی دەبین. کەواتە سزای بیرە هەڵەکان دەبێ هاوتەراز لەگەڵ سزای جینایەتەکانی تر بێت: واتە مەرگ!**

**ئارتۆر کۆستلێر**

شەماڵ تەرغیبی

پڕئاشکرایە کە ڕاگەیاندن و میدیا ڕۆڵێکی سەرەکی و تەنانەت هەندێک جار یەکلاکەرەوە لە ئاستی گشتی کۆمەڵگادا دەگێڕن؛ بەچەشنێک کە بە شوێندانەرییان لەسەر چین و توێژە جۆربەجۆرەکان تەنانەت دەتوانن گۆڕان لە گرێچنی کۆمەڵگاش پێک بهێنن؛ واتە هەم دەتوانن ڕۆڵی ڕووخێنەر بگێڕن و هەمیش ببنە مایەی ڕۆنانی کۆمەڵگایەکی نوێ کە تێیدا پیشکەوتن و شارستانییەت ببنە ڕۆژەف. بەتایبەت لە سەردەمێکدا کە تێکنۆلۆژی و پیشکەوتنە زانستییەکان جیهانیان کردووەتە گوندێکی بچووک.

بەدرێژایی مێژوو دەسەڵاتبەدەستان و بەرهەڵستکارەکانیشیان هەوڵیان داوە کە لە میدیا وەکوو ئامرازێک بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان کەڵک وەربگرن؛ ئەگەرچی بەپێی پێناسەیەک کە بۆ میدیا و دەزگاکانی ڕاگەیاندن کراوە ئەرکی سەرەکی ئەوان ڕوومال کردنی ڕاستییەکان و دانی زانیاری درووست سەبارەت بە ڕووداوەکانی ڕۆژە بەڵام دەسەڵاتبەدەستانی ترساو لە هێزی خەڵک کە بناغەکانی دەسەڵاتەکەیان بریتی بووە لە زوڵم و زۆر و داگیرکاری بەردەوام هەوڵیان داوە بە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری نادرووست بیروڕای گشتی کۆمەڵگەی ژێر دەسەڵاتیان بەلاڕێدا ببەن و بە فریودانیان ئامانجە ئیدیۆلۆژییەکانیان بپێکن.

کوردستان یەکێک لەو هەرێمانە بووە کە لانیکەم لە چەند دەیەی ڕابردوودا، لەلایەن ئەو دەسەڵاتانەوە کە کوردستانی بەسەردا دابەش کراوە بەردەوام بووەتە سیبلی ئەم شەڕە نەرمە؛ بەتایبەت لە خۆرهەڵاتی نیشتمان و بەهاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی بەردەوام و بێ‌پسانەوە کەوتووەتە بەر پەلاماری ئەم سیاسەتە شەڕخوازانەیە کە دوژمنی سەرەکی کورد واتە ویلایەتی فەقیە ڕەچاوی کردووە.

ئەوەیکە دەسەڵاتی زاڵ لە تاران دژ بە کورد کردوویەتی (لە ڕەهەندی میدیاییەوە) دوو ئامانجی سەرەکی لەخۆگرتووە: یەکەمیان هەوڵدان بۆ فریودانی گەلی کورد و دووهەمیان هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی تواندنەوەی فەرهەنگی و خاشەبڕکردنی شوناسی نەتەوەیی لە کوردستان.

کۆماری ئیسلامی پاش شکستە بەردەوامەکانی لە کوردستان، کە هیچ کات نەیتوانی ئامانجە سەرەکییەکەی واتە بەچۆکداهێنانی کورد وەدەست بهێنێت، بەهۆی بیری کۆلۆنیالیستی خۆی لە چەند ڕەهەندەوە هەوڵی لاوازکردن و لەکۆتاییشدا خاشەبڕکردنی کورد و کوردستانی دا کە یەکێک لە گرینگترین بەشەکانی ئەم پازڵە، کەڵک وەرگرتن لە میدیا دژ بەم گەلە بوو.

ئەویش لە ڕێگەی وەڕێخستنی شەڕێکی ڕەوانی و بە کەڵکوەرگرتنی ئامرازی لە کەسانێکی وەک جەلایی‌پوور، قانعی‌فەرد، تالع و ... کە وێڕای پەلاماردانی هێما و پیرۆزییەکان و مێژووی کورد بە دوای ئەوەوە بوون کە باوەڕ و بایەخە مێژووییی، سیاسی و فەرهەنگییەکانی کورد داگیر بکەن و لە یەک ڕستەدا نەهێڵن کورد «باوەڕ بەخۆیی» هەبێ یان هەستی «متمانەبەخۆیی» تێیدا کاڵ و کەمڕەنگ بکەنەوە.

لە چوار دەیەی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامی لەڕێگەی «ناوەندی بەڵگەنامەکانی شۆڕشی ئیسلامی» کە یەکێک لە ناوەندەکانی ساختەکردنی مێژووی هاوچەرخی ئێرانە، ساڵانە دەیان کتێب و وتاری چەواشەکراوی بڵاو کردۆتەوە و کردوویەتە دەسمایە و خۆراکی تەبلیغی کەسە نەفسنزمەکانی دژبەری کورد و دەزگا پڕوپاگەندەییەکانی وەک «دەنگ و ڕەنگ»ی ڕێژیم تاکوو بەرەبەرە ئیرادەی سیاسی و شکۆی نەتەوەیی ئەم گەلە بە «چاڵش»دا بکێشن.

یەکێک لەو کارانەی کە میدیاکانی داگیرکەر چ بە زمانی فارسی و چ بە کوردی یان زمان و زاراوەکانی تر کردوویەتی بریتی بووە لە خەوشدارکردنی سیمای ڕاستەقینەی کورد و لە هەمان کاتدا سووکایەتی کردن بە زمان و کلتوور و عەقڵ و بیرکردنەوەی ئەم گەلە کە لە دوو بڕگەی زەمانیدا ئەنجامی داوە.

نموونەش لەم پیوەندییەدا کەم نین کە ڕەنگە زەقترینییان ئەمانە بن: فیلمەکانی «شورشیرین»، «کانی مانگا»، «زیندانی دۆڵەتوو»، «دەرە شلێر»، «فیلمی چ»، «نون خ» و دەیان فیلمی سینمایی و شۆوی تەلەفزیۆنی تر کە نێوەڕۆک و پەیامە سەرەکییەکەی خەوشدارکردنی سیمای شۆڕشگێڕانە و ئازادیخوازانەی کورد و پاشانیش لەمانا بەتاڵکردنەوە و دوورخستنەوەی مێشکی تاکی کورد لە گرنگی و بوونی خۆی!

لەم فیلمانەدا لە لایەکەوە هەوڵ دراوە کە کاراکتەری فیلمەکان بکرێنە دوو بەش: بەشێکیان کە جلی کوردییان لەبەردایە و بە زمانی کوردی (زمانێکی نەشیاوی پێنەگەیشتووی کرچوکاڵی گاڵتەئامێز) دەئاخفن و وێڕای ئەوەیکە ئاگاداری پیشکەوتنەکانی سەردەم نین بە گێلۆکە، ساویلکە، هیچ‌نەزان و تەنانەت وەحشی و بێ‌بەزەیی پیشان بدرێن کە بوونەتە ئامرازی دەستی دوژمنانی ئێران و ئیسلام و دەستەی دووهەمیش کەسانێکی سەردەمییانەن کە کۆت و شەڵوار یان جلکی پاسدارییان لەبەردایە و بە زمانی فارسی قسە دەکەن و کەسانێکی تێگەیشتووی پێگەیشتوون کە بە زمانی لۆژیک قسە دەکەن، خەمخۆر و بەدین و لەخواترسن و دەیانهەوێ کورد لەو دواکەوتوویی و وەحشیگەرییە ڕزگار بکەن و دنیای نوێیان پێ بناسێنن!!

هەر لەم ڕاستایەدا ڕێژیم، بە وەڕێخستنی کاناڵگەلی «محلی» لە ئاستی پارێزگاکانی کوردستاندا ویستوویەتی لەلایەکەوە بڵێ ئەوەتا ئێمە گرینگی بە زمان و فەرهەنگی «وردەکلتوورەکان» دەدەین و لەلایەکی تریشەوە بە زمانی نەتەوەکان بیری چەقبەستووی خۆی بخزێنێتە نێو میشکی تاکی کۆمەڵگە. هەڵبەت نابێ ئەوەش لەبیر بکرێ کە ئامانجێکی تری ڕێژیم لە وەڕێخستنی ئەو کارناواڵە میدیاییانە شەل و کوێرکردنی زمان و نەریتی ئەم گەلانەش بووە تاکوو لەلای نەسڵی نوێ و تازەپێگەیشتوو وا بنوێنێ کە ئەوەتا بوونی ئەوان بۆی گرینگە. کۆماری ئیسلامی بە پێڕەوی کردن لەو ئەسڵەی کە میدیا توانای سازکردنی ئۆلگوو و سەرباشقەی لە کۆمەڵدا هەیە، هەوڵی بۆ درووست کردنی سەرباشقەیەک لە کۆمەڵگای کوردستان داوە کە پارێزەری ویست و ئایدیا کۆلۆنیالیستییەکانی خۆی بێت؛ ئۆلگوویەک کە قەومی باڵادەست بە زانا، ژیر، بەتوانا، میهرەبان و لەخواترس دەناسێنێ و لەبەرامبەردا کورد وەک بێبەزەیی، ناشارستانی، دوور لە لۆژیک و بێهێز نیشان بدات کە هەمیشە دەبێ چاولەدەست و گوێ لەمستی تاران بێت. لێرەدایە کە نەخش و ڕۆڵی میدیای کوردی لەبەرامبەر میدیای داگیرکەر بەرجەستە دەبێتەوە؛ نەخشێک کە بەم پرسیارەوە دەست پێدەکات: میدیای کوردی دەبێ چی بکات؟

ڕوونە کە وڵامدانەوە بەم پرسیارە هەڵگری وردەکاری زۆرە، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ گرینگبوونی باسەکە کە بریتییە لە شێوازی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ شەڕی نەرمی ڕێژیم، بەڵام بە کورتی دەتوانین بڵێین میدیای کوردی لە ئێستەدا دوو بەشن کە هەر کام ئەرکێکی ئەخلاقی و مێژوویی دەکەوێتە سەر شانیان. یەکەمیان میدیا بەرهەڵستکارەکانن کە سەر حیزبە سیاسییەکانی کوردستان و دژبەری کۆماری ئیسلامین. دووهەمیشیان بریتییە لە میدیاکانی باشووری کوردستان کە زۆرجار بەهۆی نەبوونی ئاگاهی پێویست لەسەر شەڕی نەرمی کۆماری ئیسلامی و دەرووەست نەبوون بەرامبەر بە خۆرهەڵاتی کوردستان و هەروەها کەمیی کادری شارەزا لەسەر پرسی میدیا و شەڕی نەرم دەکەونە داوی ئەم شەڕەی ڕێژیم و تەنانەت دەبنە بانگەشەکەر و بەشێک لەو شەڕەی کە ڕێژیم دژ بە کورد دەیکات.

ئەوەیکە پێوەندی بە باشووری کوردستانەوە هەیە سێ بەشی سەرەکییە: یەکەم هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی ئینتمای نیشتمانی یان دەرووەست بوون بەرامبەر بە زێد و نیشتمان و بەرژەوەندییە باڵا نەتەوەییەکان، دووهەم هەوڵدان بۆ سڕینەوەی کاڵچێر و فەرهەنگ و کلتووری کوردی و ناچارکردنی بەردەنگی کورد لە باشوور بۆ ملکەچبوون بە فەرهەنگی جێگەی پەسندی کۆماری ئیسلامی. ئەمەش کە بە «پەلاماری فەرهەنگی» دەناسرێ لەڕێگەی فیلم و سریاڵە تێلێویزیۆنییەکان ئەنجام دەدرێ و بەداخەوە لە ساڵانی ڕابردوودا تا ڕادەیەکی بەرچاویش پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە؛ سێهەم بەشیش بریتییە لە بەهێزنیشاندانی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی ناوچەیی و جیهانی و بەرجەستەکردنەوەی ڕۆڵی تاران لە ناوچە کە گوایە تەنیا وڵاتێکە دەتوانێ بەرەوڕووی زلهێزە جیهانییەکان ببێتەوە!

بەڵام سەبارەت بە میدیا بەرهەڵستکارەکانی ڕێژیم کە سەر بە حیزبە سیاسییەکانی کوردستانن، لەگەڵ ئەوەیکە کۆمەڵێک گرفتی تکنیکی بەردەوام یەخەی داگرتوون بەڵام دیسانیش نابێ ببێتە هۆی خەمساردبوونیان لە ئاست ئەو ئەرکە ئەخلاقییەی کە کەوتووەتە سەر شانیان.

میدیا بەرهەڵستکارەکانی ڕێژیم دەبێ بە هەست بەبەرپرسایەتییەوە لەگەڵ پرسی شوناسی نەتەوەیی بجووڵێنەوە، بەچەشنێک کە لەلایەکەوە هەوڵ بۆ ئاگاکردنەوەی کورد لە خۆرهەڵات بدەن و ئاستی تێگەیشتنیان بەرامبەر بە خاک و زێد و نەتەوەکەیان، ڕابردوو و ئێستە و داهاتوو ببەنە سەرێ و لە بەرامبەریشدا هەوڵ بۆ لەقاودانی سیاسەتەکانی ڕێژیم لە پێوەندی لەگەڵ ئەم باسە بدەن و ئەرکی ڕۆشنگەرییان هەبێ لەبەرامبەر ئەم سیاسەتە قێزەونەی ڕێژیم.

نابێ لەم نێوانەدا ئەوەشمان لە بیر بچێ کە تاک بە تاکی کۆمەڵگە لەم چوارچێوەدا ئەرکدارن؛ ئەرکدار بەو مانایە کە هەم دەبێ بە وریایی زیاترەوە لەگەڵ ئەم پرسەدا بجووڵێنەوە و هەمیش هەوڵی تێگەیاندنی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە بدەن؛ پڕئاشکرایە کە کۆمەڵگای کوردستان بەردەوام نەخشی بێشکەیەکی بۆ بزاوتە میللی – دێموکراتیکەکانی خۆی گێڕاوە کە وێڕای حەواندنەوەی تاکە بەرهەڵستکارەکانی لە ڕاستای بەخشینی خوێنی نوێ بەو بزووتنەوانەش دەوری گێڕاوە.

دەبێ کۆمەڵگە ئەوە بەباشی بزانێت کە کۆماری ئیسلامی لە گوتاری فەرمی خۆیدا کە لە میدیاکانییەوە بڵاوی دەکاتەوە بەردەوام هەوڵی سووکایەتی پێکردن بەوانی داوە تاکوو خۆی و پاسدارەکانی ببنە پیاوچاک و شۆڕەسواری گۆڕەپانەکە؛ ئەو گۆڕەپانەی کە بە «ئێران» دەناسرێ!



**لەم فیلمانەدا لەلایەکەوە هەوڵ دراوە کە کاراکتەری فیلمەکان بکرێنە دوو بەش: بەشێکیان کە جلی کوردییان لەبەردایە و بە زمانی کوردی دەئاخفن و وێڕای ئەوەیکە ئاگاداری پیشکەوتنەکانی سەردەم نین بە گێلۆکە، ساویلکە، هیچنەزان و تەنانەت وەحشی و بێبەزەیی پیشان بدرێن کە بوونەتە ئامرازی دەستی دوژمنانی ئێران و ئیسلام و دەستەی دووهەمیش کەسانێکی سەردەمییانەن کە کۆت و شەڵوار یان جلکی پاسدارییان لەبەردایە و بە زمانی فارسی قسە دەکەن و کەسانێکی تێگەیشتووی پێگەیشتوون کە بە زمانی لۆژیک قسە دەکەن، خەمخۆر و بەدین و لەخواترسن و دەیانهەوێ کورد لەو دواکەوتوویی و وەحشیگەرییە ڕزگار بکەن و دنیای نوێیان پێ بناسێنن!!**

**میدیاکانی باشووری کوردستان کە زۆرجار بەهۆی نەبوونی ئاگاهی پێویست لەسەر شەڕی نەرمی کۆماری ئیسلامی و دەرووەست نەبوون بەرامبەر بە خۆرهەڵاتی کوردستان و هەروەها کەمیی کادری شارەزا لەسەر پرسی میدیا و شەڕی نەرم دەکەونە داوی ئەم شەڕەی ڕێژیم و تەنانەت دەبنە بانگەشەکەر و بەشێک لەو شەڕەی کە ڕێژیم دژ بە کورد دەیکات**

**لە چوار دەیەی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامی لەڕێگەی "ناوەندی بەڵگەنامەکانی شۆڕشی ئیسلامی" کە یەکێک لە ناوەندەکانی ساختەکردنی مێژووی هاوچەرخی ئێرانە، ساڵانە دەیان کتێب و وتاری چەواشەکراوی بڵاو کردۆتەوە و کردوویەتە دەسمایە و خۆراکی تەبلیغی کەسە نەفسنزمەکانی دژبەری کورد و دەزگا پڕوپاگەندەییەکانی وەک "دەنگ و ڕەنگ"ی ڕێژیم تاکوو بەرەبەرە ئیرادەی سیاسی و شکۆی نەتەوەیی ئەم گەلە بە "چاڵش"دا بکێشن**

# سیاسەتی «بانێک و دوو هەوای» تاران لە کۆتاییدا سەری ڕێژیم دەخوات!

محەممەد سلێمانی

حکوومەتی ئێران لەلایەک دەسپێشخەری بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانی ناوچەیی لەژێر ناوی ئومێد دەکا و لەو لاشەوە بە لێدانی مووشەک هەڕەشە لەسەر دۆستەکانی ئەمریکا دروست دەکا و بە کردار میحوەری شەڕ دەکاتەوە. ڕێژیمی تاران جگە لە قسەکردن، باوەڕی بە دیالۆگ و لێکتێگەیشتن و پێکەوەهەڵکردن نییە و هەتا ئەو جێگای بۆیان بلوێ، دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ناوچەکەدا فەرز دەکەن و دەست بەسەر هەرێمە ستراتیژییەکاندا دەگرن، ئەگەر بێت و دەرفەتیان هەبێ بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانیان بە پارێزراوی بهێڵنەوە و هەژموونی خۆیان بسەپێنن. ڕێژیمی ئاخوندی ئێران خەریکە بە تاکتیکێکی دیپلۆماسیانە، پێش بە پێکهێنانی هاوپەیمانی دەریاوانی بە سەرۆکایەتی ئەمریکا بگرێ و لەژێر بەهانەی ئەو دەستپێشخەرییەدا مەترسییە نێودەوڵەتییەکان لە خۆی دوور بخاتەوە و بانگەوازی ئاشتی و پێکەوەهەڵکردن بکا و دڵی ئەو وڵاتانە بەدەست بێنێ و بەو قسانەیان نیگەرانییەکانیان بڕەوێنێتەوە!

وەزیری دەرەوەی ڕێژیمی ئاخوندی ئێران، محەممەد جەواد زەریف لە تازەترین لێدوانیدا بۆ میدیاکان کە لە بارەگای کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیۆیۆرک بوویەتی، باسی پرسی پێکهێنانی هاوپەیمانەتییەك لە نێوان وڵاتانی کەنداودا بە پێویست دەزانێ؛ لەو دیدارە ڕۆژنامەوانییەدا دەڵێت: «پێویستە ئەو هاوپەیمانییە لە ئێران و عێراق و بەحرەین و ئیمارات و قەتەر و عومان و کوەیت و سعوودیە پێک بێت» بەمەبەستی پاراستنی ئاسایشی کەنداو و گەرووی هۆرمۆز بەدیاریکراوی.

بە قسەی جەواد زەریف ئەو پێکهاتە نوێیە کارەکانی لەژێر چاوەدێری نەتەوەیەکگرتووەکاندا بەڕێوەبەرێ و خۆیان ئارامی ناوچەیی بپارێزن و ڕێگا بە لایەنی دەرەکی نەدرێت لەو ناوەدا باڵادەستی خۆی بسەپێنێ. مەبەستی تاران بە ڕوونی ئەمریکا و هاوپەیمانەتییە کە بە شێوەی بەرفراوان شکڵی گرتووە و ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتانی ناوچەیی و جیهانی لەخۆ دەگرێ کە ئەو پێکهاتەیەش بێگومان تاڕادەیەك دەتوانێت جووڵە سیاسی و ئابوورییەکانی تاران کز بکا و هێزی پەلهاویشتنی لێبگرێ و لە سەر سنوورەکانییەوە گەمارۆی زیاتری بخرێتە سەر و کردنەوەی جەبهەیەکی هاوبەشیش دەبێت لە ئەگەری وەشاندنی گورزی سەربازی بەدژی تاران.

سیاسەتی ڕێژیمی ئاخوندی لە بارەگای نەتەوەیەکگرتووەکان ئەوەبوو کە، ڕوخسارێکی شەریفانە و هێمن لە خۆیان نیشان بدەن و بە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بڵێن کە ئێران هەوڵ دەدات لەگەڵ وڵاتانی ناوچەدا پێکەوە ئاسایشی کەنداو و گەروی هۆرمۆز بپارێزن و دژایەتی لەگەڵ باڵادەستیی ئەمریکا دەکا؛ دەنا کێشەی لەگەڵ وڵاتانی دەرووبەریدا نییە! ئەوەی حکوومەتی تاران نیازی ئەنجامدانی هەیە، جگە لە تاکتیکێکی دیپلۆماسی شتێکی تر نییە و پێناچێت ئەو وڵاتانە هەروەك هەتا ئێرە کێشە و ناکۆکی زۆریان لەگەڵ سیاسەتی تاراندا هەیە، بڕۆنە هاوپەیمانەتییەك کە ئێران تێیدا بەشدار بێت و خۆیان بە براگەورە بزانن. وڵاتانی ناوچەیی بە شێوەی گشتی و بە دیاریکراوی حکوومەتی تاران بە سەرچاوەی هەڕەشە و مەترسی دەبینن و باوەڕیان بە قسەی لەو چەشنەی کاربەدەستانی ئەو وڵاتە نییە، چوونکە بێگوومان لە ژێرەوە خەریکی پیلانێکی ترن بە دژی ئاسایشی هەرێمایەتی.

**بێدەنگی ئەمریکا سەبارەت بە سنووربەزاندن و هێرش کردنە سەر دۆستە نزیکەکانی ئەمریکا، حکوومەتی تارانی زیاتر چێرەگرتوو کردووە کە بەردەوام بێت لە سەر هەوڵەکانی و ئەگەر ئەو بارودۆخە بەو جۆرە درێژەی هەبێ، ئەگەری هەیە تاران هێرشی بەرچاوتر بەدژی هاوبەش و هاوپەیمانە هەرێمایەتییەکانی کۆشکی سپی ئەنجام بدات**

ئێران خۆی هۆکاری کۆی قەیرانەکانە و ئەگەر لە بەر ڕێژیمی تاران نەبێت، کەس نیازی بە دابینکردنی ئاسایشی ئەو ناوە نییە و نە داوا لە وڵاتێکی بەهێزی وەك ئەمریکا دەکرێ بێت کەنداو لەدەستی هەڕەشەکانی ڕێژیمی ئاخوندی بپارێزێ و هاوکاری ئەو وڵاتانە بکات کە ئێران دەیهەوێت لە گەڵیاندا ئاسایشی کەنداو بپارێزێ بە هاوکاری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان.



ئەوەی شایانی باسە ئەو دەسپێشخەریەی تاران بەدوای ئەوەدا هات کە، چەند ڕۆژ لەوەو پێش حکوومەتی تاران هێرشی کردە سەر کێڵگەی نەوت «ئارامکۆی» سعوودیە و بەو جۆرە بارگرژییەکانی بەرەو ئاڵۆزی زیاتر برد و ئەمریکا بە ڕێگای جۆربەجۆردا، وێڕای ڕەوانەکردنی هێز بۆ سعوودیە، لە هەوڵی پێکهێنانی هاوپەیمانەتییەکی بەرین لە کەنداو و کۆنترۆڵکردنی گەرووی هۆرمۆزدایە، ئەو پێکهاتە نوێیە کە بە ڕێبەری ئەمریکا دەبێت ٥٠ وڵات لەخۆ دەگرێ کە یەکێکیان حکوومەتی ئیسرائیل دەبێ. بوونی ئیسرائیل لەو پێکهاتە نوێیەدا بێگوومان بە دڵی ئێران نابێ و دەبێتە هۆی تەنگاوترکردنی ڕێژیمی تاران لە مەڕ ڕووداوەکانی داهاتووی سیاسی ئێران و ناوچەدا. ئەو هەنگاوەی ئێران جگە لە شتێکی بێ بنەما و سیاسەتێکی بانێك و دوو هەوا، ناتوانێ دەسکەوتێکی تری هەبێ و هەموو ئەو وڵاتانەی ئێران ناوی بردوون، حکوومەتی تاران بە سەرچاوەی مەترسی و هەڕەشەی گەورە لە سەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان دەزانن و دژایەتی باڵادەستیی تاران دەکەن لە سەر ئاستی ناوچەییدا. سەرکۆماری ئامریکا لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ڕاشکاوی سەبارەت بە ئێران قسەی کرد و سەرکۆماری ئەمریکا «ترامپ» لە قسەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد کە حکوومەتی ئێران دەسەڵاتێکی تیرۆریستە و بۆتە سەرچاوەی ئاژاوە و فیتنەی ناوچەیی و مەترسی لە سەر ئاشتی نێودەوڵەتی دروست کردووە. پاشان وڵاتانی ئەڵمان و فەڕانسە و بریتانیا دەست هەبوونی ئێرانیان لە هێرشی مووشەکی بۆ سەر ئارامکۆی سعوودیەیان پشتڕاست کردەوە و بۆ جارێکی تر ئەو وڵاتەیان ڕیسوا کرد.

**تاران بە ڕفتارە سیاسی و هەژموونخوازییەکانی زیانی گەورەی سیاسی و سەربازی بە وڵاتەکەی گەیاندووە و ئەگەر حکوومەتی ئێران لە سەر ئەو کردەوانەی بەردەوام بێ، بە دڵنیاییەوە بە تەڵەکەوە دەبێ و باجی ئەو فراوانخوازییەی بە قوورسی دەدات و ئیدی وڵاتانی نزیک لە ئێران و هاوپەیمانەکانی ئەمریکاش سەبریان بەسەر دەچێ و دەفیکری ڕەواندنەوەی مەترسییەکانی سەر ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکانیاندادەبن**

حکوومەتی تاران هەتا دێ زیاتر تەریك و ڕیسوادەکرێ؛ دژایەتی لە گەڵ دەسەڵاتی ئێران بە شێوەیەکی بەرفراوان پەرەی گرتووە و ئیدی ڕووداوە سیاسی و نێودەوڵەتییەکان بە سوودی ئەو وڵاتە نین و ئەمریکا زۆر ژیرانە مەلەفی ئێرانی گەیاندە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەوەی هەموو لایەك لەسەر سیاسەت و ڕفتاری تاران ئاگادار بکرێن و بە ڕێگای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا گوشاری نێونەتەوەیی لەسەر دروست بکەن و گەمارۆی ئابووری و سەربازی بخرێتە سەر ڕێژیم و جوومگە سەربازییەکانی. حکوومەتی ئێران بە گەمارۆدرانی زیاتری ئابووری و بازرگانییەکانی ئەمریکا ئەگەری ڕووخانی زۆر لاوازە و لەو ڕێگایەوە ڕەنگە لە ڕووی ئابووری و توانا و هێزی سەربازییەوە تۆزێك پەکی بکەوێ و دووچاری شێوەیەك لە تێکچوونی هاوسەنگی بێتەوە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە ڕێژیمی تاران بەتەواوی هێزی سیاسی و ئابووری و سەربازی لە دەست بدات و هێزە ناوچەییەکان بە تەنیا دەرەقەتی بێن. چوونکە ئێران پاش دۆڕاندنی شەڕ لە گەڵ حکوومەتی سەدام، زۆر بە جیددی دە فیکری بەهێزکردنی لایەنە سەربازییەکەیدا بووە و ئەگەر تەماشا بکەین، لە زۆر بواردا فشاری لە سەر وڵاتانی ناوچە و دژبەرەکانی دروست کردووە.

ئیدارەی ترامپ ئەگەر سیاسەتی خۆی لە بەرامبەر ئێراندا نەگۆڕێ و پەیڕەوی میکانیزمێکی نوێی کرداری نەکا و بە ڕێگای هاوپەیمانەکانیدا ناتوانیت ئێران خڕ بکاتەوە، بەڵکوو ئێران زیاتر لە سەر ئاستی ناوچەییدا پێشڕەوی دەکا و باڵادەستی خۆی دەسەپێنێ. ئەو بابەتەش بێگوومان نائومێدی دۆستە ناوچەییەکانی ئەمریکای لێدەکەوێتەوە و ڕەنگە هۆکاری تێکچوونی باڵانسی سیاسی و هاوکێشە هەرێمایەتیەکان بێت. وەختێك بە ڕۆژی ڕووناك و بە بەرچاوی کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە هێرش دەکاتە سەر سعوودیە، نیشانەی ئەوەیە کە ئێران جگە لە خۆی هیچ لایەنێکی تر بە کوێخای ناوچەی پەسند ناکات.

سیاسەتی نەرم و لێدوانی دژبەیەکی بڕیاربەدەستە سیاسی و سەربازییەکانی تاران بە دڵنیاییەوە شڵەژان و پەشێوی سیاسی و نیگەرانییەکانی ئەو وڵاتە کە لە قەیرانی گەورەی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا دەژی، نیشان دەدات. ئەمریکا بەو سیاسەتەی کە لەهەمبەر ئێراندا گرتوویەتەبەر، دەرکەوتووە کە ئاکامێکی ئەوتۆ و سوودبەخشی نەبووە و ڕێژیمی ئێران لە زۆر وڵات و هەرێمی ستراتێژیدا توانیویەتی زیاتر بێتە پێشەوە و مەترسی لە سەر ئاسایشی ئەو وڵاتانە دروست بکات کە دۆستایەتی مێژوویی و بەرژەوەندی هاوبەشیان لە گەڵ وڵاتەیەکگرتووەکاندا هەیە.

تاران بە ڕێگای هەرزانفرۆشکردنی نەوتدا جگە لە زیان گەیاندن بە سامانی گشتی گەلانی پێکهێنەری ئێران، توانیویەتی کڕیاری زۆر لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە و بە ڕێگای یاساغدا نەوتەکەی دەفرۆشێتە ئەو حکوومەتانەی کە پەیوەندی ژێربەژێریان لەگەڵ تاراندا پاراستووە بەمەبەستی دەسکەوتی ئابووری.

ئەو داهاتەش کە دەستیان دەکەوێت لە پێناوی مانەوەیاندا سوودی لێوەردەگرن و میلیشیا چەکدارەکانی نزیك لە تاران زیاتر پێی بەهێز دەکەن، بۆئەوەی لەژێر ئامۆژگاری تاراندا کەی و لەکوێ بیانهەوێت ئاژاوەیان پێ بنێتەوە.

حکوومەتی تیرۆریستی ئێران مێژوویەکی درێژی لە سیاسەتی فیتنە و ئاڵۆزییە سیاسی وتێکدانی هاوکێشە ناوچەییەکاندا هەیە.

بەو پارە کەمەش کە دێتە بەردەستیان لە پێناوی مانەوەی خۆیاندا سوودی لێوەردەگرن و بەشێك دەگاتە دەستی گرووپە تیرۆریستییەکان لە سووریە و لوبنان و حووسیەکان و حەشدی شەعبی لە عێراق و، ئەو گرووپانە بە درێژایی مێژوو دروسبوونیان بەقسەی ڕێژیمی ئاخوندی هەڵدەسووڕێن و ئامانجی ئەوانیش بەگشتی لێدان و پاشەکشە پێکردنە بە هێز و لاوازکردنی پێگەی ئەمریکایە لە سەر ئاستی ناوچەییدا.

بێدەنگی ئەمریکا سەبارەت بە سنووربەزاندن و هێرش کردنە سەر دۆستە نزیکەکانی ئەمریکا، حکوومەتی تارانی زیاتر چێرەگرتوو کردووە کە بەردەوام بێت لە سەر هەوڵەکانی و ئەگەر ئەو بارودۆخە بەو جۆرە درێژەی هەبێ، ئەگەری هەیە تاران هێرشی بەرچاوتر بەدژی هاوبەش و هاوپەیمانە هەرێمایەتییەکانی کۆشکی سپی ئەنجام بدات.

حکوومەتی ئەمریکا ئەگەر لە ڕابردوودا بە نەرمی لە گەڵ ڕووداوەکانی تایبەت بە ئێراندا چووبێتە پێش، ئەو جار هەست بە گۆڕانکاری لە سیاسەتی ئەمریکادا لە بەرامبەر حکوومەتی ئاخوندیدا دەکرێ و کاتێك کاربەدەستانی پلە باڵای ئێران بۆ کۆبوونەوەی ساڵانەی نەتەوەیەکگرتووەکان گەیشتنە نیۆیۆرك، بە تەواوی لە ژێر چاودێریدا بوون و هەتا دەرفەتی ئەوەیان نەبوو وەك ساڵانی پێشتر بە ئارەزوویان لە نێو شاردا بجووڵێنەوە. لە گووتاری واشنگتۆن و تاراندا ئەوە بەتەواوی بەدی دەکرا کە قسەکانیان بە دژی یەك توندن و هەست ناکرێت ئومێد بە دیدار و چارەسەرکردنی کێشەکان بە ڕێگای ئاشتیدا هەبێت و دوورەدیمەنی لێك دوور کەوتنەوەیان زۆر زیاتر بووە. ئەگەر تۆزێك بە ڕووداوەکانی ڕابردوو و ڕاپەڕینە بەرفراوان و جەماوەرییەکاندا بە قووڵی بڕوانین، کە بەشێکی زۆری شارە گەورەکانی وڵاتی گرتووە و دروشمی قووڵ و ڕادیکاڵ بە دژی سیاسەتی سەرکوت و نەبوونی ئازادییە سیاسی و نەتەوایەتییەکان بە گشتی شەقامی ئێرانی داگرت، ئەو کاتیش ئەمریکا خۆی لە تێوەگلان پاراست و بە پشتیوانی خواست و نارەزایەتییەکانی خەڵك هەنگاوێکی ئەوتۆی نەهاویشت کە سوود بەو ڕاپەڕینە جەماوەرییانە بگەیەنێت. تاران بە ڕفتارە سیاسی و هەژموونخوازییەکانی زیانی گەورەی سیاسی و سەربازی بە وڵاتەکەی گەیاندووە و ئەگەر حکوومەتی ئێران لە سەر ئەو کردەوانەی بەردەوام بێ، بە دڵنیاییەوە بە تەڵەکەوە دەبێ و باجی ئەو فراوانخوازییەی بە قوورسی دەدات و ئیدی وڵاتانی نزیك لە ئێران و هاوپەیمانەکانی ئەمریکاش سەبریان بەسەر دەچێ و دەفیکری ڕەواندنەوەی مەترسییەکانی سەر ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکانیاندا دەبن، حکوومەتی ئێران بەکردەوە بۆتە هۆکاری ناسەقامگیری سیاسی و ئاسایشی نەتەوەیی بەشێك لە وڵاتانی لە گەڵ مەترسی زۆر جیددی بەرەوڕوو کردۆتەوە و ئەو باردودۆخەش بێگوومان نیازی بە چارەسەرکردنی زۆر خێرا هەیە. پێدەچێت ئەمریکا هێندێك جیددیتر لە بەرامبەر ئێراندا بێتە مەیدان و کاتێك بڕیاری ناردنی هێزی بۆ سعوودیە دەرکرد، بێگوومان مانا و پەیامێکی نوێ دەگەیەنێت کە کۆشکی سپی چیتر قبووڵ ناکات لە بەر چاویان دۆستەکانیان بە ئامانج بگیرێن. سەرکۆماری ئەمریکا بیهەوێ یان خۆی لێ ڕزگار بکات، ئێران شەڕی بەدژی ڕاگەیاندووە و ئەو هێرشەش کە کرایە سەر ئارامکۆی سعوودیە، بە دڵنیاییەوە گێچەڵ کردنە بە حکوومەتی ئەمریکا. جەمسەرە سیاسی و ئابوورییەکانی گێتی وێڕای ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری خۆیان، دێنە نێو گەمە نوێکانەوە، بۆ ئەوەی بە سوودی وڵاتەکەیان ڕێککەوتنێک واژۆ بکەن و لەو ڕێگایەوە سوود بە کەرتەکانی خزمەتگوزاری و لایەنە سەربازییەکانی وڵاتەکانیان بگەیەنن، بەڵام ئەوەی بەلای کاربەدەستانی ڕێژیمی ئاخوندییەوە لە هەمووشتێك زیاتر بایەخی پێدەدرێت لە پێناوی مانەوەیاندا، بە هەدەردانی داهات و سامانی گشتی وڵاتە بە ڕێگای خۆپڕچەك کردن و ناردنی زیاتر لە ١٦ی ٪ داهاتی ئێران بۆ ئەو گرووپانەی کە بە فیتی تاران لە سەر ئاستی ناوچەییدا هەڵدەسووڕێن.

# ئێعدام سزایەک بۆ بەرهەمهێنانەوەی توندوتیژی

## «دەوڵەتێکی کارامە پێویستی بە یاسای سزادانی قورس نییە، نەک بە هۆی ئەوەی کە هەڵەکان دەبەخشرێن بەڵکوو بە هۆی ئەوەی کە ڕێژەی تاوانباران کەمە».

**ژان ژاک رۆسۆ**

**جاقل**

پاوانکردنو قۆرخکردنی بەکارهێنانی سزا لە چنگی حکوومەتو یاسادا یەکێك لە دەستکەوتە بایەخدارەکانو دادتەوەرکانی مرۆڤ بۆ پێکهێنان وچێکردنی کۆمەڵگایەکی مودێرنو مافتەوەرو پێشگرتن لە ملهۆڕی و سەرەڕۆیی و پاراستنی مافی مرۆڤە لاوازەکانە.

ئێعدام یان لەسێدارەدانی هاووڵاتیان یەکێك لەو سزا سەدە نێوەڕاستییانەیە کە سەرەڕای یاساغ بوونی لە ١٤٠ وڵاتی جیهان و کۆنوانسیۆن و بڕیارنامە نێونەتەوەییەکان هەنووکەش لە بەشێک لە وڵاتانی جیهان، یەك لەوان ئێرانی ژێردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بەڕێوە دەچێت کە تەنانەت لە هەندێ حاڵەتدا ئەم دیاردە بە مەبەست و ئامانجی پشتی پەردە لە بەرچاوی ڕای گشتی ئەنجام دەدرێت. بەپێی دوایین ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکانی ناوەندە هەواڵدەرییەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ، لە ماوەی شەش مانگ ییەکەمی ساڵی ٩٨دا لانیکەم ١٣٦ کەس لە ئێراندا ئێعدام کراون کە لەو ڕێژەیە ٢٣ کەسیان کوردن کە هەندێکیان لە پیش چاوی ڕای گشتی و هەندێکیشیان لە پێش چاوی زیندانییانی دیکە لە دار دراون.

ئەگەرچی ئەم ئامارانە و ئێعدامی هاووڵاتییان لە ئێراندا پرسێکی نوێ نییە و بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی هەبووە، هەر لە قەڵاچۆ و ئێعدام کردنی نەیارانی ڕێژیم لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە بگرە تا دەگاتە کوشتاری زیندانیانی سیاسی لە دەیەی ٦٠ی هەتاوی و دواتریش قەتڵە زنجیرەییەکان و پاشانیش کوشتن و لەسێدارەدانی چالاکانی سیاسی لە ژێرناوی جۆراوجۆری وەك دژایەتی لەگەڵ ڕێژیم، تێکدانی تەکوزی گشتی، سیخوڕی بۆ بێگانە و هەوڵدان بۆ «رووخاندن» و هتد، بەڵام دوو پرسی جێگەی سەرنج سەبارەت بە ڕەوتی ئێعدامەکان لە ئێراندا بوونیان هەیە کە پێویست بە ئاماژەیە.

یەکەم ئامانجی ڕێژیم لە ئێعدامەکان لە کوردستان و دووهەم هۆکارێکی نادیار بەڵام گرنگی ئێعدامەکان کە دەکرێ وەك یەکێك لە دەرنجامەکانی پرۆسەی ئیعدام و لەسێدارەدانەکان بێتە ئەژمار. کۆماری ئیسلامی بە باشی دەزانێت کە کوردستان تەنیا سەنگەر و مەتەرێزی ریشەدار و نەهادینەبووی خەبات و بەرخۆدان لە هەموو ئێرانە. هەر بەم هۆیەوە ڕێژیم بە بەردەوامی و بە هەستیارییەکی تایبەتەوە مامەڵەی لەگەڵ خەڵکی کوردستان کردووە. هەستیارییەکی ئاوێتە بوو بە ترس، هەربۆیە دەیهەوێ لە ڕێگەی ئێعدام و لە سێدارەدانی چالاکانی سیاسی و فەرهەنگیی کورد، لەلایەکەوە ڕێگا لە پەرەسەندنی هزری ئازادیخوازی بگرێت و لەلایەکی دیکەشەوە بە لەبەرچاوگرتنی سیاسەتی ترساندن و تۆقاندن تۆوی بێهیوایی لە ناخی گەلی کورددا بچێنێت. بەڵام پرسی دووهەم کە وەك ئاماژەی پێکرا گرنگییەکی تایبەتی هەیە، دەرنجامی ئیعدامەکان لە سەرکۆمەڵگایە

کە بە شێوازێك بە بەرهەمهێنانەوەی توندوتیژییەکان دەژمێردرێ.

وەك دەڵێن توندوتیژی، توندوتیژی بەرهەم دەهێنینەوە. چ ئەم توندوتیژییە دەوڵەتی بێت و بە سەر خەڵکدا بسەپێنرێ و چ لەلایەن تاکێکەوە بە سەر تاکێکی دیکەدا ئەنجام بدرێت. کۆماری ئیسلامی سێ ئامانجی دیاریکراوی لە بەڕێوەبردنی ئێعدامەکان بەتایبەت لە پێش چاوی جەماوەر یان بڵاوکردنەوەی هەواڵەکەی لە تلویزیۆن و هەواڵدەرییەکان هەیە: یەکەم، چەشنێك لە سووکایەتی پێکردنی تاکەکەسی. سوکایەتی بە تاکێکی تاوانبارکراوە کە تاوانەکەی هیچ پێوەندییەکی بە ڕێژەی سوکایەتییە کۆمەڵایەتییەکەیەوە نییە و ئەمەش لە سادیسمی سەرانی کۆماری ئیسلامییەوە سەرچاوە دەگرێت. ئامانجی دووهەم بریتییە لە پەرەدان بە رۆحی توندوتیژی و تۆڵەسەندنەوە و شەڕەنگێزی لەلایەن دەوڵەت و ئامانجی سێهەمیش کە جۆرێك لە ڕێگرێشە لە هەڵوێست وەرگرتن

و نارەزایەتی دەربڕین و پێوەندیی هەیە بە پێش و پاش ئێعدامەکان، بە واتایەکی دیکە حکومەت هەوڵ دەدات لە ڕێگەی ئێعدام کردنەوە ڕێگە لە دژکردەوەی ڕێکخراوەیی و جەماوەری و کۆمەڵایەتی بگرێت.

بەپێی زانستی کۆمەڵناسی، کوشتنی مروڤێك بە هەر هۆیەکەی یاسایی یان نایاسایی لە پێش چاوی خەڵك دەتوانێت پەرە بە کلتوری توندوتیژی لە کۆمەڵگادا بدات. تەنیا جیاوازیی نێوان ئەوەیکە کۆماری ئیسلامی دەیکات لەگەڵ ئەویکە لە بەستێنی کۆمەڵگادا جارجار دەبینرێ لەوەدایە کە کۆماری ئیسلامی بە ناوی یاساوە مرۆڤەکان دەکوژێت و پەرە بە توندوتیژی دەدات، بەڵام تاکەکان لە ژێر کاریگەریی هەلومەرجی تایبەتی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووریی یان مەزهەبی تووشی وەها دیاردەیەك دەبن. ئەگەر سزای ئێعدام بە مەبەستی بنبڕکردن یان کەمکردنی تاوانو

توندوتیژی بێت، بە بڕوای خاوەنڕایانی وەك کارل مارکس، بێنجامین راش، جان پۆل ئیستینووسو ئاکامی توێژینەوەی چەندین ئەنجومەنو ناوەندی کۆمەڵی تاواناسی، سزای ئێعدام بۆ کونترۆڵی تاوانو جینایەت کاریگەریی نییە. سزای ئێعدام لەوانەیە برینی کەسانێك سارێژ یان فیکرو هەستی تۆڵەسەندنەوە هێمن بکاتەوە، بەڵام لە راستیدا کێشەیەك لە کۆمەڵگا چارەسەر ناکات.

یەکێك لە پاساو و بیانووەکانی ڕێژیمی تاران بۆ ئەنجامدانی ئەم کردارە نامرۆیی و هۆڤانییە، بریتییە لەوەی کە وەك خۆی دەڵێت دەیهەوێ وانەیەك بێت بۆ کەسانی دیکە بەڵام کاتێك ئاوڕ لە کارنامەی رەشی ٤ دەیە تەمەنی کۆماری ئیسلامی دەدەینەوە، دەبینین کە سەرەڕای ئەنجامدانی ئەو هەموو ئێعدامە هێشتا ڕێژیم نەیتوانیوە تاوانەکان بنبڕ بکات. کەواتە دەتوانین بڵێین ئێعدام کردن نەتەنیا ناتوانێ ڕێگەچارەی گونجاو بۆ نەهێشتنی لادانە یاساییەکان بێت (وەک بۆخۆیان ئیدعا دەکەن) بەڵکوو دەبێتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی تاوانەکانیش!

تێڕوانینی کۆماری ئیسلامی و ئەو وڵاتانەی کە حوکمی ئێعدام بەڕێوە دەبەن ئەوەیە کە بەم شێوەیە پێش بە ڕوودانی تاوانە قورسەکان دەگیرێ و ئەم ڕێکارە دەبێتە هۆی سەقامگیری ئەمنیەت و ئاسایش لە کۆمەڵگەدا بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە گرفت کێشەی تاوان و کێشە جینایەکان هیچ کات بە لەسێدارەدان چارەسەر نەبووە و نابێ؛ ئەوەیکە دەبێتە هۆی کەمبوون یان بنبڕبوونی تاوانکارییەکان لەنێوبردنی هۆکارە پێکهێنەرەکانی ئەو تاوانەیە. ئەگەر لە کۆمەڵگایەکدا ئەم هۆکارانە بنبڕ نەکرێن هەرچەندەش ئێعدامەکان زیاتر بن دووبارە کەسانێکی تر تووشی ئەو جینایەتانە دەبنەوە و جێگەی تاوانبارە ئێعدامکراوەکان دەگرنەوە. ئەمە خولخواردنەوەیە لە نێو بازنەیەکی تەواونەبووی بەردەوام. ئەوەیکە ڕوونە و هەموو کۆمەڵناسانیش لەسەری کۆدەنگن ئەو ڕاستییەیە کە ئێعدام بەتایبەت لەپێش چاوی بیروڕای گشتی جگە لەوەیکە توندوتیژی لە کۆمەڵگەدا بەرهەم دەهێنێت دەبێتە هۆی دووبارەبەرهەمهاتنەوەی توندوتیژی و تاوانەکان لە کۆمەڵگەدا.

بەرهەمهێنانەوەی توندوتیژی وەك دەرنجامی ئێعدامەکان بە شێوەیەکی زنجیرەئاسا خۆی دەنوێنێ: حکومەت لە پێش چاوی خەڵکدا تاکەکان ئێعدام دەکات و تۆوی توندئاژۆیی لە ناخ و هزری بینەران و بیسەرانیدا دەچێنێ، ئەم توندئاژۆییە ریشە دەکوتێتە نێو بنەماڵەکان و توندوتیژی دژی ژنانی لێ شین دەبێت. ژنان ئازار و ژانی سەرچاوەگرتوو لەم توندوتیژییە بۆ منداڵەکانیان دەگوازنەوە و بەشێوەیەکی دیکە بەرهەم دێتەوە. ئەم توندوتیژییە دووجار بەرهەمهاتووە لە کۆتاییدا بە شێوەی کوشتن یان کێشە و لادانێکی یاسایی، ئەخلاقی، عورفی یان کۆمەڵایەتی خۆی دەنوێنێ و دواجار دەبێتە هۆی تێکچوونی گرێچنی کۆمەڵگە؛ ئەو تێکچوونەی کە ئەمڕۆکە لە ئێراندا دەیبینین.



# قسە و کاریگەرییەکانی

**شەهلا کاوە**

ئەوەتای مرۆڤ بۆ شیکردنەوەی کێشە و گرفتەکانی یاخود بەپێچەوانەوە بۆ گوزارشت لە ساتە خۆشەکان و دەربڕینی هەستەکانی، ئاخاوتن و قسەکردنی بە ڕێگەچارە زانیوە، بە دایم هەوڵی داوە لە ڕێگەی قسەکردنەوە ئامانجەکانی بپێکێت وبتوانێت کەسانی دەوروبەری بە دەرکێکی بەکەڵک بۆ ویستەکانی بگەیەنێت .

هەندێ جار سەرکەوتوو بووە و بەجۆرێک لە ئاسوودەیی گەیشتووە و پردی پێوەندییەکی قایمی لەو نێوانەدا دروست کردووە.

بەڵام با بزانین کەی و لە چ ڕوویەکەوە ئاخاوتنەکانمان کاریگەری نەرێنی لەسەر هزر و ژیانی ئەو کەسانەی کە ڕۆژانە لەگەڵیان هەڵسە ودانیشتە دەکەین دادەنێت ، زۆرجارقسەیەک تا کۆتایی تەمەنێک ، لە بیردا دەمێنێتەوە، وئەمەش وادەکات ئەم بابەتە لە شێوازی پەروەردەی ناو خێزان ودەرەوەی چوارچێوەی ماڵیشدا بە جیددی بگرین. ڕاستە کە دەڵێن قسە وەک فیشەک وایە کە دەرچوو ناگەڕێتەوە. بەگشتی ئێمە بەهۆی وتنەکانمانەوە کە

زۆرجار نازانین چ لێکەوتەیەکی دەبێت ناڕاستەوخۆ دەبینە خاوەن پشکێک لە ڕووخانێکدا، یان بەپێچەوانەوە دەبینە هۆکاری ڕۆنانێک! هەندێک جاریش قسە مەبەستدارە و بەو ئامانجە دەکرێت کە لە مێشکدا بمێنێتەوە و نەهێڵێت کەسە هەنگاو هەڵبگرێت، ڕوونتر بڵێم مەبەستی باسەکەم گۆچ و پەروەردە و گەورەکردنی جیاوازی کچان وکوڕانە لە کۆمەڵگا سوننەتییەکاندا، کە هەر لە سەرەتای پێگرتنیانەوە لەگەڵی لەدەستەویەخەدان.

گەر وردتر سەرنجی بدەینێ تێدەگەین ، لە ماڵێکدا کوڕ وکچێک لە تەمەنێکی کەمەوە خۆیان لە گۆڕەپانی پەرەوەردەی جیاوازی دایک وباوکێک کە خوێندەوارییان باشە وچاوەڕوانی لێیان زۆرە،دەبیننەوە. بەشێوەیەکی نابەرابەر قسەو ئامۆژگارییەکانیان بەسەردا دابەش دەکرێت، کچان هەر لە سەرەتاوە مۆرێکی بەناو زەعیفە لەناوچاوانیان دەکوتن، هێڵ و سنوورێکی زۆر بۆکچان دیاری دەکەن، بینیومە و دڵنیاشم کە زیاتر لەلایەن دایکانەوە بڤە بۆکارەکان بەکچان دەوترێت. ترس یەکەم وگەورەترین هەستە کە لە بوونی کچدا دروست دەبێت.

دەروونناسی ئەوەمان پێدەڵێت ئەگەر دوو مرۆڤ لەیەک ژینگەدا بەڵام بەدوو شێوەی جیاواز پەروەردە بکرێن ، دوو کەسایەتی جیاوازیان لێ دەردەچێت ئیتر ڕەگەز لەم بارەوە زۆر دەور نابینێت.

کاتێک بەردەوام بە منداڵێک دەگوترێت تۆ پیاوی دەتوانی، بۆ تۆ ئاسانە، تۆ پشت وپەنای ئێمەی، بەهێزی، ئەو کەسە دەسبەجێ بڕوابەخۆیی پەیدا دەکات وئەو هاندان وقسانە شوێنەواری باش وئەرێنی لەسەر دەروونی دادەنێت ونابێ وناکرێت، لە ئەدەبیاتی ژیانیدا، دەسڕێتەوە وبوار بۆ بەکردەیی کردنی ئامانجەکانی خۆش دەبێت.

بەڵام بۆ کچان بارودۆخەکە بەتەواوەتی جیاوازە، مەسەلەکە بەڕوونی دەگۆڕدرێت، منالێک هەرچەندە بەتوانا و بەهێز بێت وپڕیش بێت لە خولیا وئارەزوو، کە خۆراکی مێشکی دەبێتە تۆ کچی، تۆ زەعیفی، تۆ ناتوانی، ناهێڵن، ناکرێت، ڕاستەوخۆ بڕوابەخۆیی دێتە خوار و هەنگاوەکانی پێ شل دەکرێت وهێندە ئەو قسانەی بۆ دووپات دەکرێتەوە کە خۆیشی بڕوای پێدەکات؛ هەڵبەت لەبیرمان نەچێت کۆمەڵگا، ژینگەی دەرەوەی ماڵ و لە سەرووی هەموانەوە سیستەمی دەسەڵاتداریش ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕن لەم بارەوە. من پێموایە دایک وەک یەکەم کەس کە منداڵ و تایبەتیتر کچ، پێبەپێ و سات بەساتی ژیانی لەگەڵیەتی وهەمووکار

وقسەکانی شوێندانەری ڕاستەوخۆی لەسەری دەبێت وزۆرخێرا شتەکانی وەردەگرێت، دەتوانێت شوێندانەرییەکی بەرچاوی هەبێت بۆئەوەی کەسێکی بەهێز کە بۆگەیشتن بەویستەکانی لە هیچ سەختییەک ناترسێت وناکشێتەوە یا بەپێچەوانە دەستەمۆیەک کە لەترسی کەوتن ناوێرێ هەنگاوێک هەڵبگرێت، بەهێزترین کەسەکانیش گەر ئەم قسانەیان بۆ بکەی بڕوایان بە خۆیان نامێنێت ودەبنە کەسانێکی داڕووخاو کە گومانیان لە هەموو کارێکی خۆیان هەیە؛ ئەو دڵەڕاوکێیەی کە نەکا لەلایەن دەوروبەرەوە وەرنەگیرێن لەگەڵیان باڵا دەکات .

بەداخەوە زۆرینەی ئافرەتان بەم شێوە بەو خەسارە گەورە دەروونییانەوە دەڕۆنە پێش و لەئاکامی زەواجێکی نەبەکامدا دەبنە دایک وبەخێوکەرێکی ناشارەزا وبەمجۆرە کێشەی ژنان وبەگشتی کۆمەڵگا قوولتر دەبێت

. بەپێی ئەو توانایەی دایک وباوک هەیانە دەتوانن تارادەیەکی زۆر ڕۆڵی کەسانیتر لەسەر منداڵ کەمڕەنگ بکەنەوە یان هەر نەیهێڵن و خۆیان ڕۆڵی سەرەکی فیلمی ژیانی مناڵەکەیان بگێڕن، بەڵام بەداخەوە دایک وباوک وتایبەتیتر دایک کە خۆیشی قوربانی دەستی ئەو جۆرە پەروەردە وهەڵاواردنەیە وبەدایم لە دەست ناعەداڵەتیگەلێک وا لە ژیانیدا بەرانبەری کراوە دەناڵێنێت وبەدڵپڕییەوە لاپەڕەی ژیانی ڕابردووی هەڵدەداتەوە، بەڵام بەجێگەی ئەوەی هەوڵ بدات گۆڕانێک لە ژیانی منداڵەکەیدا[کچ]دروست بکات جیاوازییەک لەو دوو ژیانەدا دروست بکات ڕێک ئەو ئەزموونە تاڵانە بەکچەکەشی دەدا و بەخەیاڵی خۆی سەرەتا لە زەینیدا ژیانێکی ئارام بۆ کچەکەی وێنا ودواتریش مسۆگەری بکات بێ ئاگا لەوەی بەو شێوازە گەورەکردنە کێشەکان گەورەتر دەکات.

ڕام وایە باشترین و گونجاوترین کار بۆ پێشکەوتن و بەختەوەری کۆمەڵگای کوردی ئەوەیە کە هاوسەنگییەک لە نێوان مودێڕنیتە وسوننەتی بووندا ڕابگیردرێت ، بەتەمای چەسپاندنی دونیایەکی خەیاڵ پڵاوی نەبین با ڕاستبینانەتر لەوباسە بڕوانین کە ناتوانین زۆر بیرۆکە لە مێشکی مرۆڤی کورد دەربهێنین و بەناوی ڕۆشنبیرییەوە سەرلێشێواوییەک لەو نێوەدا دروست بکەین، چوونکە کۆمەڵگا هەڵگری وەها کەشێک نییە.

وا ڕاهاتووین کە باس لە ماف و کەرامەتی ژن لە کۆمەڵگادا دەکرێت، خێرا ئەو تێڕوانینە دروست دەبێت کە بەتەمان ڕۆڵ ودەسەڵات وجێپەنجەی پیاوان لەناو ببەن و چاوپۆشی لە بوونیان بکرێت، لەحاڵێکدا گەر وابێت دیسان کۆمەڵگاکەمان لارسەنگ وسەقەت دەبێت و ژیان دیسان جوانی خۆی لەدەست دەدات.

پرسی ژنان وبەکردەوەیی کردنی یەکسانی نابێ وابکات ئەو بیرۆکەیە لای پیاودرووست بێت کە لە پەراوێز خراوە وبەتەواوەتی دەسەڵاتی لێوەرگیراوەتەوە و خوازیاری ژیانێکین کە ئەوان تێیدا لە پەراوێز خرابن، چوونکە ئەم دوو ڕەگەزە پێکەوە تابلۆی ژیان دەنەخشێنن و لەدەستدانی سەروەری هەر کامیان کەلێنێکی گەورە دەخاتە ژیانیانەوە ،وهەمووی ئەم لێکەوتە باش وخراپانە پێوەندی بە گوفتمان و شێوەی دەربڕینەکانمانەوە هەیە ،هەربۆیە دەبێ بزانین سادەترین قسەکانیشمان ، شوێندانەری خۆیانیان دەبێت.

دەتوانین وردە وردە ولە شتە بچووکەکانەوە دەست پێبکەین وبێ ڕاوەستان هەوڵ بۆ ژیانێکی سەردەمیانە لەهەمان کاتدا گونجاو لەگەڵ کۆمەڵگای کوردی بدەین ودڵنیایش بین ئەو کۆمەڵگایە هەڵگری دەبێت ومسۆگەربوونی گومانی تێدا نییە.

# داهاتووی دوای شەڕی نێوان ئێران و عەرەبستان و هاوپەیمانەکانی

**موختار نەقشبەندی**

بە سەرنجدان بە دوایین ڕووداوەکان ئەگەری شەڕی ڕاستەوخۆ لە نێوان ئێران و عەرەبستاندا جیدی بووەتەوە. مەترسیی شەڕێکی لەم چەشنە لە هیچ کەس شاراوە نییە و لێکەوتەی جیدی لە کورتماوە و درێژماوەدا بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و تەنانەت جیهان دەبێت. بێگومان ئەو شەڕە تەنیا لە سنوورەکانی دوو وڵاتدا خۆی نابینێتەوە و لە ئەگەری هەڵایسانی شەڕێکی بە تەواو مانا، لە ماوەی چەند ڕۆژ و لەوانەشە هەر لە چەند کاتژمێری یەکەمدا هاوپەیمانەکان بێنە ناو مەیدانی شەڕ؛ لە واقیعدا شەڕی سارد لە نێوان ئێران و عەرەبستان گەیشتووەتە لوتکەی خۆی و ئەگەر نەتوانن بە ڕێککەوتنێکی بەرین بۆ کۆتاییهێنان بە کێشەکان بگەن هەڵایسانی شەڕێکی ڕاستەوخۆ دەکرێت بڵێین چاوەڕواننەکراو نییە.

هەڵبەت ململانێی نێوان ئێران و عەرەبستان و تورکیە لە ناوچەدا بەشێک لە کێشەکانە و بەرنامەی ناوکیی ئێران و کێشەکانی لەگەڵ ڕۆژئاوا بەشێکی دیکەی کێشەکانە و هەر بەو هۆکارە هیچ ڕێککەوتنێک بێ حزوور و قەبووڵی ئامریکا بۆ کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست سەرکەوتوو نابێت. کێشەی ئەسڵیی ڕێککەوتنێکی بەرین، سیاسەتی دەرەوەی ڕێژیمی ئێرانە کە نە بەپێی بەرژەوەندیی خەڵکی ئێران بەڵکوو بەپێی ئیدئۆلۆژیی ڕێژیم داڕێژراوە و سیاسەتی «هەناردەکردنی شۆڕش»ـی (صدور انقلاب) ڕێژیمی ئێران بەربەستی ئەسڵییە بۆ گەیشتن بە هەر جۆرە ڕێککەوتنێکی هەمەلایەنە هەر بۆیە ئەگەری ڕوودانی شەڕێکی گەورە زۆرە و هەر ڕۆژێک ئەو ئەگەرە بەهێزتر دەبێت.

لەو وتارەدا باس لەو بابەتە دەکەین کە ئەگەر شەڕێکی بە تەواومانا ڕوو بدات چ ئاکام و لێکەوتەیەکی بۆ وڵاتانی ناوچە بە تایبەتی ئێران و عەرەبستان دەبێت.

پێشبینیی وردی لێکەوتە و ئاکامەکانی شەڕی نێوان ئێران و عەرەبستان و هاوپەیمانەکانی یان هەر شەڕێکی دیکە دژوارە بەڵام هەتا ڕادەیەک دەتوانین پێشبینی بکەین. شەڕی سەخت و قورس و ماوەی شەڕەکە (شەڕی کورتماوە یان درێژماوە) لەسەر چۆنیەتی و دەستێوەردانی وڵاتانی دیکە و تەنانەت هێزەکانی دەرەوەی ناوچەکە کاریگەریی دادەنێت. بۆ نموونە لە شەڕی ئێران و عێراقدا ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی نێوان هێزەکانی ئێرانی و ئامریکایی لە کۆتایی شەڕ و بە هۆی هەڕەشەکانی ئێران دژی شاڕێگای وزەی جیهان بووە.

لە پێکهاتەی سیاسیی جیهاندا کە هەموو وڵاتان لەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆیانن زۆر ڕوونە کە لە ئەگەری هەڵایسانی شەڕێکی بەرین لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هێزەکانی دەرەوەی ناوچە لەو دەرفەتە ئەوپەڕی کەڵکی خۆیان بۆ خۆسەپاندن بە سەر ناوچە یان سڕینەوەی یەکتری وەردەگرن؛ چ بیانوویەکیش باشتر و مەشروعتر لەوەیە کە یەکێک لە لایەنەکانی شەڕی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ زیان بە بەرژەوەندییەکانی ئەوان بگەیەنێت.

عەرەبستان و سەرجەم وڵاتان و گرووپەکانی هاوپەیمان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا پێوەندییەکی باشیان لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاواییدا هەیە و تەنانەت بە هۆی دابین نەکردنی بەشێک لە وزەی چین؛ بەرژەوەندیی هاوبەش و گرینگی لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا هەیە و لە ئەگەری شەڕێکی بە تەواومانا هیچ هۆکار و پێویستییەکیان نییە کە زیان بە بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی دەرەوەی ناوچە بگەیەنن بەڵام ڕێژیمی ئێران کە چەندین دەیەیە ڕێگای دوژمنیی لەگەڵ ڕۆژئاوای گرتووەتە بەر، سەرەڕای ئەوەیکە لەگەڵ ڕووسیە و چین لە ئەگەری هەڵایسانی شەڕ و نائەمەن

> **لە پێکهاتەی سیاسیی جیهاندا کە هەموو وڵاتان لەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆیانن زۆر ڕوونە کە لە ئەگەری هەڵایسانی شەڕێکی بەرین لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هێزەکانی دەرەوەی ناوچە لەو دەرفەتە ئەوپەڕی کەڵکی خۆیان بۆ خۆسەپاندن بە سەر ناوچە یان سڕینەوەی یەکتری وەردەگرن**

کردنی گەرووی هۆرمۆز و بەستنی ڕێڕەوی وزە، لەگەڵ هەڵوێستی بەرینی وڵاتانی جیهان بەرەڕوو دەبێتەوە.

لە ڕاستیدا لە ئەگەری هەڵایسانی شەڕ و نائەمەن کردنی گەرووی هۆرمۆز هێرش بۆ سەر ناوەندە نەوتییەکان لە لایەن ئێرانەوە حەتمەن ئەنجام دەدرێت،



بەڵام دژکردەوەی جیهانیی بە نیسبەت هێرشەکانی ئێران دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتی ئەو هێرشانە.

جێگای باسە کە نە ئامریکا و نە عەرەبستان و نە هاوپەیمانەکانی هۆکار

> **نە ئامریکا و نە عەرەبستان و نە هاوپەیمانەکانی هۆکار و پێویستییەکیان نییە کە لەگەڵ ئێران تووشی شەڕ بن و لە ڕێگای پەراوێزخستنی سیاسی و گوشاری و ئابووریی لە هەوڵی کۆنترۆڵ و لاوازکردنی ڕێژیمی ئێراندان و تەنیا لە کاتێکدا لەگەڵ ئێران تووشی شەڕ دەبن کە هێرشی هاوشێوەی چەند ڕۆژ پێش بۆ سەر دامەزراوە نەوتییەکانی عەرەبستان درێژەی هەبێت**

و پێویستییەکیان نییە کە لەگەڵ ئێران تووشی شەڕ بن و لە ڕێگای پەراوێزخستنی سیاسی و گوشاری و ئابووریی لە هەوڵی کۆنترۆڵ و لاوازکردنی ڕێژیمی ئێراندان و تەنیا لە کاتێکدا لەگەڵ ئێران تووشی شەڕ دەبن کە هێرشی هاوشێوەی چەند ڕۆژ پێش بۆ سەر دامەزراوە نەوتییەکانی عەرەبستان درێژەی هەبێت. یا ئەوەیکە

> **ئێران لە کۆمەڵگەی جیهانی مەحکووم دەکرێت و ڕێژیمی ئێران یان دوای ڕووخانی ڕێژیم دەبێ حکوومەتی دوای ڕێژیم خەسارەتی شەڕ و ماڵی قەرەبوو بکاتەوە. شەڕێکی تەواومانا دەتوانێت ببێتە هۆی بەفیڕۆدانی سەدان میلیارد دۆلار لە سەرەوتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. داهاتووی دوای شەڕ ئێران دەبێت بە وڵاتێکی وێران و بە خەڵکێکی هەژار و قەرزدار.**

ڕێژیمی ئێران دەست بۆ دروستکردنی چەکی ناوکی بەرێت. بەڵام ڕێژیمی ئێران پێویستیی بە شەڕێکی کورتماوە و درێژەماوە هەیە هەتا لەگەڵ ڕۆژئاوا بە سازشێکی نوێ بگات و بتوانێت لە نێوخۆ هەموو دژبەرانی خۆی سەرکوت بکات و حکوومەت تەواو یەکدەست بکات.

بەڵام هیچ گارانتییەک نییە کە لە ئەگەری هەڵایسانی شەڕ ئاگرەکەی سنووردار بێت و لە کۆنترۆڵ نەچێتە دەر! چەند حاڵەت پێکەوە تاوتوێ دەکەین.

شەڕی درێژماوە و کورتی چەند ڕۆژەی نێوان ئێران و عەرەبستان:

بە هۆی هێرشی بچووک لە لایەن یەکێک لە لایەنەکان، هەر وەک ئەو هێرشەی دوایی بۆ سەر عەرەبستان و وڵامی ئەو هێرشە شەڕ دەست پێ دەکات، عەرەبستان ئەگەر بەپێی بەڵگەکانی کە هەیە ڕاستەوخۆ وڵامی هێرشەکانی ئێران بداتەوە و بە هاویشتنی چەند مووشەکی هەوا بۆ عەرز ناوەندێکی نەوتیی ئێران بخاتە بەر هێرشی خۆی حەتمەن لەگەڵ دژکردەوەی ئێران بەرەوڕوو دەبێتەوە و هێرشی دووبارەی عەرەبستان و دژکردەوەی دووبارەی ئێران دەتوانێت شەڕێکی گەورە هەڵایسێنێت و بەرین ببێتەوە، کەواتە ئەو بژاردەیە وێدەچێت قەت ڕوو نەدات چونکە عەرەبستان حەزی لەوە نییە بە تەنیایی لەگەڵ ئێران تووشی شەڕێکی تەواو بێت بەڵام دوور لە چاوەڕوانیش نییە؛ ئەگەر ئەو سناریۆیە ڕوو بدات لە ماوەی چەند ڕۆژدا هەموو هاوپەیمانەکان لەگەڵ ئێران تووشی شەڕ دەبن. بەڵام با وا بیر بکەینەوە هێرشەکە سنووردار بمێنێتەوە؛ هیچ دەسکەوتێکی سیاسی و ئابووری و ئەمنیەتیی بۆ هیچ کام لەو دوو وڵاتە نابێت و تەنیا چەند ناوەندی ئابووری و نیزامی زیانیان پێ دەگات.

کورتماوە بەڵام تەواومانا:

وەها شەڕێک دەتوانێت بە دوو هۆکار ڕوو بدات، یەکەم؛ لە کۆنترۆڵ دەرچوونی دەرگیرییەکی سنووورداری نێوان ئێران و عەرەبستان (درێژەی حاڵەتی پێشوو) کە دەسبەجێ داوێنی هاوپەیمانانی ئەوانیش دەگرێتەوە یا ئەوەیکە ئێران بیهەوێ بە پێشێلکردنی بەرجام بۆ دروستکردنی چەکی ناوکی هەنگاو هەڵبگرێت کە ئەگەری هەیە ئامریکا و ئیسرائیل و عەرەبستان هێرش بکەنە سەر ناوەندە ئەتۆمییەکانی ئێران و بە دژکردەوەی ئێران شەڕێکی تەواومانا ڕوو دەدات.

لە وەها شەڕێکدا ئێران هێرش دەکاتە سەر هەموو دامەزراوە نەوتییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، تەنانەت لە ڕێگای گرووپە تێرۆریستییەکانەوە لە خاکی عێراق ناوەندە نەوتییەکانی ئەو وڵاتە و کوەیت دەکاتە ئامانجی خۆی و لە هەموو شتێک گرینگتر ئەوەیە گەرووی هۆرمۆز دەبەستێت کە لەگەڵ دژکردەوەی توندی جیهانی بەرەوڕوو دەبێتەوە.

ناتوانین بەوردی پێشبینی ئەوە بکەین کە ئێران چەند ڕۆژ دەتوانێت بە دانانەوەی مین و هێرشی بەلەمە تونددڕەوەکان و مووشەکەکانی کەناردەریا بۆ دەریا و پەهپادی ئینتحاری پێش بە هاتوچۆی گەرووی هورمۆز بگریت. بەڵام ئەگەر زیاتر لە دوو حەوتوو نەخایەنێت و لە ئەگەری پێداگریی ئێران بۆ درێژەدان بە شەڕ حەتمەن هێزەکانی ئامریکا و هاوپەیمانانی نەواری کەنار دەریایی ئێران داگیر دەکەن هەتا پێش بە هاویشتنی ڕاکێت و مووشەک بۆ سەر کەنداو بگرن.

لەو شەڕە تەواوعەیارەدا ئیسرائیل هەموو هێزی خۆی بەکار دێنێت هەتا هێزەکانی ئێران لە سووریە بە تەواوی لەناو ببات و زیانێکی قورس بە حیزبوڵڵا و حەماس بگەیەنێت؛ کە هەڵبەت بە هێرشی مووشەکی و ڕاکەتی لە لایەن ئێران و گرووپە تێرۆریستییەکان ڕووبەڕوو دەبێتەوە و ئیسرائیلیش تووشی تەلەفات و خەسارێکی زۆر دەبێت. خەسارەتێکی زۆر بە کەنار دەریا و ناوەندە نەوتییەکانی وڵاتانی کەنداو دەگات. بەڵام لە بەرانبەردا ئامریکا و عەرەبستان و باقی هاوپەیمانەکانی دیکە بە بۆمبارانی قورس و بەردەوام دەست پێدەکەن کە زۆرینەی ژێربەنا ئابووری و نیزامییەکانی ئێران لەناو دەچێت.

بە دڵنیاییەوە ڕووسیە و چین هەوڵ دەدەن کە لە ڕێگای شۆرای ئەمنییەتەوە لایەنەکان ناچار بە ئاگربەس بکەن بەڵام ئەوەیکە چەند ڕۆژ دەکێشێت یا چەند حەوتوو، بەستراوەتەوە بە هەنگاوەکان و ڕای ڕێژیمی ئێران چونکە لە شەڕێکی تەواومانادا ئامریکا و هاوپەیمانانی لە چەند ڕۆژی یەکەمدا سەرجەم ناوەندە گرینگە ناوکییەکان و ناوەندە گرینگە نیزامییەکان وەک ناوەندی بەرهەمهێنانی مووشەک بە چڕی بۆمباران دەکرێت و هۆکارێک بۆ درێژەپێدان بە شەڕ نامێنێتەوە.

شەڕێکی تەواومانا و درێژماوە:

لە درێژەی حاڵەتی پێشوودا، ئەگەر ئێران لەسەر درێژەی شەڕ پێداگری بکات، بە دڵنیاییەوە ئامریکا و هاوپەیمانەکانی چارەیەکیان جیا لە ڕووخانی ڕێژیم یا لە ئەگەری پێویستدا داگیرکردنی ئێران نابێت.

بە سەرنجدان بە هێزەکانی هەر کام لە لایەنەکان لە ئەگەری درێژەی شەڕ و ئامانجی ناوەندە سیاسییەکان و فەرماندەهی و پچڕانی پێوەندیی ڕێبەران و فەرماندەکان ڕووخانی ڕێژیم کارێکی دژوار نییە بەڵام بۆ ئامریکا و هاوپەیمانانی بێ تێچوو و تەلەفات نابێت.

داهاتووی دوای شەڕی نێوان ئێران و عەرەبستان و هاوپەیمانەکان:

هەر شەڕێك ڕوو بدات چ لە بواری زەمانی درێژماوە یان کورتماوە و چ شەڕێکی سنووردار یا شەڕێکی تەواومانای وڵاتانی دەرەوەی ناوچەکە تەنیا لە بواری نیزامی تووشی زیان دەبێت بەڵام زیان و خەسارێکی ڕاستەوخۆ بە وڵاتان ناگات و تەنیا بەرزبوونەوەی بەهای نەوت بۆ چەند مانگێک زیان بە وڵاتانی جیهان (جیا لە وڵاتانی بەرهەمهێنەر نەوت) دەگات. بەڵام لە بەرانبەردا وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە تایبەت ئێران لە بواری ئابوورییەوە زیانیان پێ دەکات.

بە دڵنیاییەوە لە ئەگەری هێرشی ئێران بۆ سەر دامەزراوە نەوتییەکان و ژێربەنا ئابوورییەکانی وڵاتانی کەنداو ئەوانیش کاری هاوشێوە دەکەن و بە هێزی هەوایی پێشکەوتوو کە هەیانە هێرش دەکەنە سەر ناوەندە ئابوورییەکانی ئێران. شەڕێکی تەواومانا بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ زیان بە ئابووری وڵاتانی ناوچەکە دەگەیەنێت. بەڵام وڵاتانی کەنداو دوای ماوەیەک لە شەڕ دەتوانن پەرە بە گەشەی ئابووری و پێشکەوتن بدەن. بۆ نموونە عەرەبستان بە بەرهەمی ناپاقژی نێوخۆیی تەقریبەن ٢ قاتی ئێران پاشکەوتی ئەرزیی چەندسەد میلیارد دۆلاری هەیە کە دوای شەڕ (تەنانەت شەڕێکی تەواوعەیار) لە ماوەی چەند مانگدا ناوەندەکانی ئابووریی کە زیانیان پێگەیشتووە نۆژەن دەکاتەوە و پەرە بە گەشە و پێشکەوتنی خۆی دەدات. بەڵام ڕێژیمی ئێران بە کام پارە و پاشکەوتی وڵات خۆی نۆژەن دەکاتەوە؟

وڵاتانی کەنداو لە بواری ئابووری لە دۆخێکی باشدان و شەڕ لە بواری ئابوورییەوە کاریگەرییەک لەسەر ژیانی ئەوان دانانێت، بەڵام خەڵکی ئێران کە بۆ نانی شەو کێشەیان هەیە چۆن دەتوانن لێکەوتەکانی شەڕێکی بە تەواومانا تەحەموول بکەن؟

بە دڵنیاییەوە هاویشتنی ڕاکت و مووشەک لە لایەن ئێران و حیزبوڵڵا و حەماس لەگەڵ دژکردەوەی توند و قورسی ئیسرائیل بەرەوڕوو دەبێتەوە لە بەرانبەردا کوژرانی چەندسەد ئیسرائیلی، لوبنان دەبێتە وێرانەیەک کە نۆژەنکردنەوەی ژێرخانە ئابوورییەکانی تەنانەت بە یارمەتی وڵاتانی دەرەوە چەندین ساڵ دەخایەنێت.

هەڵبەت ئەوە هەمووی چیرۆکەکە نییە، چونکە ئێران لە کۆمەڵگەی جیهانی مەحکووم دەکرێت و ڕێژیمی ئێران یان دوای ڕووخانی ڕێژیم دەبێ حکوومەتی دوای ڕێژیم خەسارەتی شەڕ و ماڵی قەرەبوو بکاتەوە. شەڕێکی تەواومانا دەتوانێت ببێتە هۆی بەفیڕۆدانی سەدان میلیارد دۆلار لە سەرەوتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

داهاتووی دوای شەڕ ئێران دەبێت بە وڵاتێکی وێران و بە خەڵکێکی هەژار و قەرزدار. ئەگەر ئۆپۆزسیۆن بە ڕێز و قەبووڵی هەمووی خەڵکی ئێران بە هەموو جیاوازیی نەتەوەیی و قەومی و مەزهەبی و جنسییەوە، یەکگرتووانە هاوپەیمانییەک پێک بێنن دەتوانن پێش لە هەر شەڕێک ڕێژیم بڕووخێنن.

# هەوڵەکانی سمکۆی شکاک بۆ بەرەوپێشبردنی بواری خوێندن و ڕۆژنامەگەری

## سمکۆ: "من کوردم و ژیانم لە پێناوی ڕزگاری و بەختەوەریی گەلەکەم بەخت کردووە و بەختی دەکەم"١

ئەلبورز ڕۆژین تەن

**پێشەکی:**
دوژمنانی کورد بەتایبەتی دەسەڵاتی ئێرانی بە درێژایی مێژوو بە هەموو شێوەیەک بۆ سڕینەوەی نەتەوەی کورد ئەوەی لە دەستی هاتووە بە دڕندەترین شێوە کردوویەتی، لەنێوبردنی مێژووی نەتەوەی کورد و چەواشەکردنی ڕاستییەکان بەشێکی گرینگی ئەو سڕینەوەیە هەژمار دەکرێت، کەم شۆڕشگێر و ئازادیخواز و بەرگریکەری مافەکانی گەلی کورد هەن کە بەرەوڕووی ئەو هێرشە نەبنەوە، لەو نێوەدا ستەمێکی بێوێنە بە «سمایل ئاغای شکاک» ناسراو بە «سمکۆ» کراوە. ڕاستە بە ناجوامێری شەهیدکردنی سمکۆ لە لایەن ئێرانییەکانەوە تروپکی جینایەت و ناجوامێری بەرانبەر بە گەلی کوردە، بەڵام هێرش بۆ سەر کەسایەتیی سمکۆ بۆ دروستکردنی کەسایەتییەکی درۆ لە ئەو بۆ داپۆشاندنی جینایەتەکانی خۆیان لوتکەی ئەو چەواشەکارییانە هەژمار دەکرێت. وردبوونەوە لە ڕاستییەکانی مێژووی کورد لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی جیاوازدا بۆمان دەرکەوتووە کە کەسایەتیی سمکۆ نەک ئەوە نییە کە داخ لە دڵانی سمکۆ گێڕاویەتیەوە بەڵکوو بە بەراورد لەگەڵ پاشا و حوکمدارانی ئەوکاتی فارس و تورک و عەرەب، خاوەن کەسایەتییەکی ڕۆشنبیر و پێشکەوتوو بووە، بۆ سەلماندنی ئەو چەندە لە وتارەدا تیشک دەخەینە سەر هەوڵەکانی سمکۆ بۆ نەهێشتنی خوێندەواری و ڕۆشنبیرکردنی نەتەوەی کورد لە سەردەمێکی زۆر ئەستەم کە کوردستان وێڕای سەدان قەیرانی جیاواز ببووە گوڕەپانی شەڕ و هێرشی ڕووس و بریتانیا و عوسمانی و ئێرانییەکان.

**سمایل ئاغای شکاک «سمکۆ»:**
«سمکۆ» ناوی تەواوی «ئیسماعیل محەممەد عەلی ئیسماعیل ئیبراهیم حاجی بەگ ئیبراهیم هەمزە عەبدۆی» لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵی ١٨٨٢ لە گوندی چاری لە خێزانێکی ناسراو و شۆڕشگێر لەدایک بووە.»١ باوک و باپیرانی یەک لە دوای یەک بە دەستی دەوڵەتانی داگیرکەری ئێران و عوسمانی یان کوژراون یان دوور خراونەتەوە. «محەممەد پاشا»ی باوکی بۆ دوورگەی ڕۆدوسی یۆنان دوور خرایەوە و لەوێ کۆچی دوایی کرد. برای سمکۆ، «جەوەرە ئاغا» دوای ئەوەی لە لایەن حومکدارانی ئێران بە فریو بانگهێشتی تەورێز کرا، بە ناجوامێری شەهید کرا. بۆ باوەڕپێهێنانی جەوەرە ئاغا کە لە ئازایەتیدا بەناوبانگ بوو، قورئانێکیان ئیمزا کرد و ناردیان کە خیانەتی پێ ناکەن، بەڵام بە ناجوامێری شەهید کرا و تەرمەکەی لەگەڵ دوو هاوڕێی بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە دەرگای شار هەڵواسران. سمکۆ کە گەنجێکی تازە پێگەیشتوو زیاتر نەبوو، دوای شەهیدبوونی برای و کۆچی دوایی باوکی، دەسەڵاتی ئێلی شکاکی گرتە دەست.

بۆ ئەوانەی کە باس لە توندوتیژبوونی سمکۆ دەکەن دەبێ دۆخی کوردستان لە کاتی شەڕی یەکەمی جیهانی و پێشتر، هەروەها چۆنیەتیی شەهیدکرانی جیلی پێشووی بنەماڵەکەی دەبێ لە بەرچاو بگیرێت.

سمکۆ هەر زوو توانی لێهاتوویی و ئازایەتیی خۆی بسەلمێنێت لە ڕووداوی جیاوازدا بۆ دەسەڵاتی ناوەندی ببێتە پرسێکی گەورە. پەیوەندییەکانی سمکۆ هەر لە زووەوە دەری خستبوو کە ئەو زیاتر لە چوارچێوەی ئاغا و سەرۆک عەشیرەتێک بیر دەکاتەوە، بەڵکوو ئەو بیر لە ڕزگاریی نەتەوەیەک دەکاتەوە.

ئازایەتی و لێهاتوویی سمکۆ لە پلاندانانی شەڕدا، هەوڵی بێوچان بۆ دروستکردنی پەیوەندی و بەدەستهێنانی پاڵپشتیی زلهێزان، پەیوەندیگرتن بە پارچەکانی دیکەی کوردستان و شۆڕشگێڕانی نەتەوەی لە هەموو شوێنێک، هەروەها کاریگەریی شۆڕشی سمکۆ لەسەر بزاڤی نەتەوەیی دەتوانێت بوارگەلی لێکۆڵینەوە بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان بێت. یەکێک لەو بوارە گرینگانە گرینگیدان بە نەهێشتنی خوێندەواری و بواری ڕۆشنبیری و دامەزراندنی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە خۆی لە خۆیدا نوێگەرییەکی یەکجار زۆر بۆ نەتەوەی کورد هەژمار دەکرێت و بە جۆرێکیش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە کەسایەتییەکی پێشکەوتنخوازی هەبووە. دوکتور سادق شەرەفکەندی لە کتێبی «تاریخ جنبشهای ملی کرد» لەو بوارەدا دەڵێت:

«لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان و ئەو مێژووەی کە سەبارەت بە سمکۆ نووسراوە، بە تایبەتی ئەوەی لە لایەن دوژمنەکانی (فارسەکان و تورکەکان) نوسراوە، هەوڵ دراوە سمکۆ وەک فئۆدالێکی تاڵانچی و نیوەوەحشی بناسێنن».

بەڵام ڕاستیەکەی: یەکەم، سمکۆ لە بواری کولتووری نەک کەسێکی دواکەتوو نەبوو بەڵکوو لە زۆر ڕووەوە بە گوێرەی کەسانی هاوچەرخی خۆی ڕۆشنبیرتر بووە. زۆربەی ئەو کەسانەی کە ئەویان دیتووە، لە ڕووی پۆشاک و خۆراک و ڕەفتاری سمکۆ ئەویان بە کەسێکی ڕۆشنبیر زانیوە، دوای داگیرکردنی چەریق لە لایەن هێزەکانی حکومەتی لە ماڵی ئەودا ئامێری موزیکی پیانۆ دۆزراوەتەوە، لە ڕێگەی هێڵی تەلەفۆنی تایبەتی لەگەڵ مەهاباد و چەند شوێنی دیکەی کوردستان لە پەیوەندیدا بووە.

دووەم، سمکۆ بە تایبەتی لە دە ساڵی دوای چالاکییەکانی، ناسیۆنالیستێکی کورد هەژمار دەکرا، هەر چەند ئەو بابەتەی لەگەڵ قینی کەسێتیی خۆی بەرانبەر هێزەکانی تێکەڵ کردبوو. ٢

دامەزراندنی کۆمەڵەی جیهاندانی و یەکەمین خوێندنگەی کوردی:
سمکۆ گرینگییەکی زۆری دەدا بە بواری زانستخوازی. ئەو چەندە بەو شێوەیە لە بیرەوەرییەکانی یەکێک لە موسیۆنێرەکانی ئەمریکایی بە ناوی (H. MACKENSEN) کە سمکۆیان بینیوە، ڕەنگ دەداتەوە. دەگێڕێتەوە کە لەو چاوپێکەوتنەدا سمکۆ ئەو داوایانەی لە موسیۆنێری ئەمریکایی کردووە:

« پێویستمان بە قوتابخانەیە. پێویستمان بە هەموو شتێک هەیە کە کورد بەرەو شارستانیەتی بەرێ، من بڕوام بە ڕووس و تورک و ئێران نییە و هەموو درۆزنن و ڕاستگۆ نین، ئێوەن کە هیوای ئەوەتان تێدا بێت کە یارمەتیی کورد بدەن.»٣

لە کاتێکدا سمکۆ باس لە شارستانییەت و قوتابخانە دەکات کە کورد بەگشتی بەهۆی ئاکامی ئاڵۆزییەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی لە برسیەتییەکی بێوێنەدا بووە.

کۆمەڵەی جیهاندانی کە لە شاری خۆی بە هاوکاریی عەبدولرەزاق بەدرخان و سمکۆ دامەزرا، یەکێک لە کارە گرینگەکانی سمکۆ هەژمار دەکرێت، سمکۆ کە دەرگای بۆ کوردەکانی پارچەکانی دیکە هەمیشە کراوە بوو بە هاتنی عەبدولرەزاق بەدرخان زۆر خۆشحاڵ بوو، چونکە پێکەوە کارکردنیان دەبووە هۆی ئەوەی هەنگاوی گرنگ بۆ بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگای کوردی هەڵبگرن. تەنانەت جارێک بە هەوڵی زۆرەوە عەبدولرەزاق بەدرخانی لە دەستی تورکەکان ڕزگار کردووە.

عەبدولرەزاق بەدرخان کوڕی نەجیب پاشا لە ساڵی ١٨٦٤ لە ئیستانبول لەدایک بوو، عەبدولرەزاق وەکوو ئەندامەکانی دیکەی ماڵباتی بەدرخان ڕۆڵێکی گرینگی لە بزاڤی ڕۆشنبیریی گەلی کورددا هەیە. ئەو کە دوای فێربوونی زمانی فەرەنسی لە فەرانسە درێژە بە خوێندن دەدات. لەژێر کاریگەریی هزری نەتەوەخوازیی حاجی قادری کۆیە بووە. عەبدولرەزاق بۆ چەند ساڵێک لە شوێنی جیاوازی وەک ڕووسیە لە دەزگای وەزارەتی دەرەوەی ئیمپراتۆریی عوسمانی کاری کردووە بەڵام بەردەوام لەژێر چاودێری بووە. کاتێک کە وەکوو سکرتێری دووەم لە باڵوێزخانەی عوسمانی لە تاران بووە پەیامی بۆ دەنێردرێت کە بگەڕێتەوە ئیستانبول، بەڵام ئەو ئەوەی بە پیلان زانیوە، چووە بۆ ڕووسیە لەوێش پەرەی بە پەیوەندییەکانی داوە تا بتوانێت شۆڕش لە باکووری کوردستان هەڵبگیرسێنێت.

«هاتنی عەبدوالرزاق بۆ ڕۆژهەڵات گرنگ بوو ئەویش هاتە لای بەهێزترین کەسایەتییە کوردییەکانی ئەو کاتە کە خاوەنی هێزێکی تایبەتی و دەست ڕۆشتووی ناوچەکە بوو کە ئەویش سمکۆی شکاک بوو، بە هەمان شێوە سمکۆش بەم هاتنە مەیدانەی میر عەبدولرزاق بەدرخان خۆشحاڵ بوو لەم کاتەدا هەوڵیان یەک خست بۆ دروستکردنی ڕێکخراوێک کە ئومێدبەخش بێت بۆ خەڵکی کوردستان. بۆیە لە کۆتایی ساڵی ١٩١٢ و سەرەتای ساڵی ١٩١٣ توانییان کۆمەڵەیەکی ڕۆشنبیری دروست بکەن بە ناوی (جیهانزانی) یان خود هەندێک ڕایان وایە ئەم کۆمەڵەیە ناوی «گیهاندن» بووە.»٤

ئەو کۆمەڵەیە گرینگییەکی زۆری بۆ ئەوکات هەبووە چونکە وەک ناوەندێکی ئاکادمی و پەروەردەی لە بەرنامەیدا هەبووە کە خوێندگا لە هەموو کوردستاندا بکاتەوە هەروەها چەندین ئەرکی دیکە پەیوەندیدار بە پێگەیاندنی مندالآنی کوردی و زمانی کوردی بە دەست بووە، یەکەمین هەنگاوی ئەو کارەش کردنەوەی خوێندنگەی خۆی بووە کە بە یەکەمین خوێندگای کوردی دەزانرێت.

«گرنگترین کاری کۆمەڵکە کردنەوەی قوتابخانەکە بووە لە شاری خۆی لە ٢٧.١٠.١٩١٣ بەم بۆنەیەشەوە ئاهەنگێکی مەزن ساز درا کە فەرماندەی هێزەکانی ڕووسیا لە ناوچەکە (جەنەراڵ فیسۆلۆفسکی) و سەرداری شارەکە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە بازرگان و سەرانی کورد ئامادە بوون. عەبدولرزاق و سمکۆ وتەیەکیان پێشکەش کرد تیایدا سپاس و ستایشی ڕۆڵی ڕووسیایان کرد بۆ بەدەستهێنانی ئەم دەستکەوتە. ئەم قوتابخانەیە بە هەر دوو زمانی کوردی و ڕووسی تێدا دەخوێندرا لە خۆلی یەکەمدا ٢٩ قوتابی بەپێی قسەی عەبدولرزاق. ئەم قوتابیانە کە تەمەنیان لە نێوان ٨-١٠ ساڵیدا بوون بە گیانی نیشتمانپەروەرانە پەروەردە کران لە پاڵ بابەتەکانی وەک مێژوو جوگرافیا و ماتماتیک.»٥

گرینگیی ئەو کۆمەڵەیە بە تایبەتی ئەگەر توانیبای بەردەوام بێت لەو پێشنیارانەی کە عەبدوالڕەزاق بەدرخان بۆ دەوڵەتی ڕووسیە کردوویەتی دەردەکەوێت. لە دەقی پێشنیاری عەبدوالڕەزاق بەدرخان بۆ ڕووسیەدا هاتووە:

« ژبەر ڤێ کو زمانێ کوردی ل سەر بنگەها نڤیسەرا ب هەرفێن ئەرەبی نکارە ب باشی دیار بە، کۆمەلا جیهاندانی بریار گرتیە، ژ بۆنا ڤێ ئارمانجێ هەرفێن روسی بکار بینە. ژ من رە پێکهاتیە کو تەڤی ئاکدەمیک ن. بوو، مار ل سەر ڤێ بابەتێ باخڤن. دبستانێن کو وی ل کوردستانا ئیراقێ (بە بۆچوونی من ئێران بووە چونکە کۆمەڵە لە خۆی بووە) ڤەبن و دبستانا کو ل خۆیێ هاتیە ڤەکرن، دەرسێن زمانێ کوردی وێ ل سەر ڤێ ئەلفبایێ دەرباس ببن، نیەتا کومەلێ هەیە کو خورتێن کوردا ژبۆ خوەندنێ بشینە روسیایێ.»٦

پەیوەندی گرتن بە زانایانی کۆمەڵەی زانستی سنپتزبورگ لە ڕووسیە کە ناوەندێکی گرینگی زانستی دونیا هەژمار دەکرێت بۆ دانانی بناغەی فێربوون لە کوردستاندا بە هاوکاری و پشتیوانیی سمکۆ لە کوردستاندا مومکین بوو ئەو سمکۆیەی کە دوژمنان بە ڕێگر و دز تۆمەتباریان دەکرد. هەوڵی دامەزراندنی پەروەردە و ڕاهێنانی هەبوو. «بڕیار درا ئەو زەکاتە ساڵانەی کە ئیسلام دیاری کردبوو، کۆبکرێتەوە بۆ کڕینی چاپخانەیەک کە بتوانن ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی دەربکەن، سمکۆ داوای لێ کرا ئەرکی کۆکردنەوەی ئەو زەکاتە بگرێتە ئەستۆی خۆی.»٧

لە سەرچاوەکاندا هاتووە کە سمکۆ بۆ ئەو خوێندنگەیە کە ٢٩ قوتابی هەبووە ٤٠ پاسەوانی داناوە ئەوەش بەڵگەیەکی دیکەی ئەو گرینگیدانەیە بە بواری فێرکردن و خوێندن لە کوردستانی دواکەوتووی سەرەتای سەدەی بیستەمدا. لایەنێکی دیکەی ئەستەمی ئەو کارە دژایەتیی خەڵکی ئاسایی بووە بۆ خوێندنگایەکی وا مودێڕن. «ئەمە لەو ڕۆژگارە سەدایەکی باشی هەبوو لە ناوچەکەدا هەرچەندە لەمپەر و ڕێگر زۆر بوون بۆ پەشیمان کردنەوەی سمکۆ تەنانەت هەڕەشە و چاوسوورکردنەوەشی تێکەوت بەڵام سمکۆ هەر بەردەوام و سوور بوو لەسەر کردنەوەی قوتابخانەکە» ٨

سمکۆ و ڕۆژنامەگەری کوردی:
ڕۆژنامە یەکێکی دیکە لە هێماکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگا هەژمار دەکرێت، ئەو چەندە لە کوردستان بەهۆی دۆخە تایبەتییەکەی درەنگ کەوتووە، ئەو بوارە پێویستە بۆ شۆڕش و نەتەوەی کورد پێویستییەکەی چەند پاتە دەبێتەوە، سمکۆ لەو بوارەشدا کاری گرینگی کردووە، هەوڵەکانی سمکۆ لەو بوارەدا بە دوو قوناغ دابەش دەکرێت لە قوناغی یەکەمدا گۆڤارێک بە ناوی گۆڤاری کوردستان دەردەکات. «یەکەم گوڤار کە لە کوردستانی ئێراندا دەرچووە بریتی بووە لە گۆڤاری «کوردستان» کە لە شاری خۆی دەرچووە کە لە ساڵی ١٩١٤ داخراوە. « ٩

ساڵەکانی پێش شەڕی جیهانیی یەکەم ئەو هەنگاوە گرینگییەکی زۆر هەبوو بۆ شۆڕش بۆ ئەوەی زمانحاڵێکی هەبێ. «لە دوای دوورخستنەوەی عەبدولڕزاق بەدرخان لە لایەن ڕووسی قەیسەرییەوە ئیتر سمکۆ ئاغا ئەرکی بەڕێوەبردنی خستە ئەستۆی خۆی کە ئەو گۆڤارە تا ساڵی ١٩١٤ دەوامی کرد.»١٠ دەستپێکی شەڕی جیهانیی یەکەم ئەو قوناغە لە ڕۆژنامەگەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ڕاوەستا بەڵام بە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی جیهانیی یەکەم و پەرەستاندنی شۆڕشی سمکۆ قوناغی دووەمی ڕۆژنامەگەریی سمکۆ دەستی پێکرد.

«محەممەد هاوار ڕەسووڵ» لە سەرچاوەی کتێبی کەماڵ مەزهەرەوە بەو شێوەیە باسی ڕۆژنامەیەک دەکات کە ئەو کات دەرچووە. «لە دوای شەڕی جیهانیی یەکەم، سمکۆ لە ورمێ ڕۆژنامەیەکی دەرکرد بە ناوی «ڕۆژی کورد شەوی عەجەم»ـەوە لە دواییدا ناوەکەی گۆڕی کردی بە «ڕۆژی کورد» و لە ژمارەکانی دواییدا تەنها بوو بە «کورد»، کە ئەوەش لە دوایی ئەوەی بزووتنەوەکەی لە لایەن سپای ئێرانەوە تێک شکا ئیتر ئەو ڕۆژنامەیەش لە دەرچوون دەرکەوت. دوکتور کەماڵ لەو باسەیدا پەنای بردووەتە بەر کتێبەکەی «تمدن» کە وتوویەتی سەرنووسەری ڕۆژنامەکە «مەلا محەممەد تورجانی» بووە کە خەڵکی شاری مەهاباد بووە.»١١ مشوری و جیددییەتی سمکۆ لە دەرکردنی ڕۆژنامەکە لە کتێبی بیرەوەرییەکانی «تمد»ن کە چاپخانەی هەبووە لە شاری ورمێ بە باشی دەردەکەوێت. لە لایەکی دیکە بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی کە سمکۆ گرینگی داوە بە بواری ڕۆشنبیری. چونکە «لەو ڕۆژانەدا شتیکی گاڵتە و کەم نەبووە بۆ یەکێکی وەکوو سمکۆ کە لەگەڵ ئەو هەموو درۆ و دەلەسانەی دەربارەی ئەو بڵاوکراوەتەوە، ئەوەندە مشوری ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەریتی بخوات.»١٢

کۆبەند:
«کریس کۆچێرا» سەبارەت بە سمکۆ دەڵێت: «سمکۆ پیاوێکی پڕ نەزاکەت و سەلار بوو، جوانیی جلوبەرگەکەی زۆر کاری لە ئینگلیزەکان کردوە.»١٣ ئەو پیاوە بە نەزاکەت و سەلارە نێوی لە مێژووی کورددا وەک قارەمانێکی نەتەوەیی و ڕێبەرێکی ئازا تۆمار کراوە، هەر چەند هەوڵێکی بێوێنە بۆ شێواندنی ڕاستییەکان سەبارەت بە ئەو هەیە بەڵام ڕاستییەکان دەردەخەن کە سمکۆ سەرەڕای هەموو ئەو خسڵەتانەی هەبوو لە بواری ڕۆشنبیری و زانستخوازیشدا هەوڵی داوە کۆمەڵگای کوردستان بەرەو پێش بەرێت. دامەزراندنی یەکەمین خوێندنگە لە هەموو کوردستان و یەکەمین گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڵگەن بۆ ئەو بابەتە کە سمکۆ ڕێبەرێک بوو لە هەموو بوارێکدا بەرانبەر بە گەل بە بەرپرسیار دەزانی. بێگومان ناکرێت سمکۆ جیا لە دۆخی ئەو کاتی کوردستان و پاشخانی شەهیدکردنی هەموو ماڵباتەکەی بخوێندرێتەوە، بەڵام بە بەراوردی هەموو ئەوانە دەتوانین لایەنی ڕۆشنبیریی سمکۆش بەرز بنرخێنین.



**پەراوێزەکان:**
**١_ بارودۆخی سیاسی کوردستان لە نێوان ساڵانی ١٩٠٥-١٩٣٠ ، عەبدولقادر شکاک**
**٢_ تاریخچە جنبشهای ملی کرد از قرن نوزدهم تا پایان جنگ جهانی دوم سعید بدل** (د. سادق شەرەفکەندی)
**٣_ جوگرافیای مێژووی عەشیرەتی شکاک ، عبدالقادر شکاک**
**٤_ بارودۆخی سیاسی کوردستان لە نێوان ساڵانی ١٩٠٥-١٩٣٠ ، عەبدولقادر شکاک**
**٥_ بارودۆخی سیاسی کوردستان لە نێوان ساڵانی ١٩٠٥-١٩٣٠ ، عەبدولقادر شکاک.**
**٦_ عەبدولڕەزاق بەدرخان** (١٨٦٤-١٩١٨) **ژیان، تێکەلیێن سیاسی، خەباتا چاندی د. سەلاح محەممەد سەلیم هروری**
**٧_ بارودۆخی سیاسی کوردستان لە نێوان ساڵانی ١٩٠٥-١٩٣٠ عەبدولقادر شکاک.**
**٨_ جوگرافیای مێژووی عەشیرەتی شکاک عبدالقادر شکاک**
**٩_ سمکۆ** (سمایل ئاغای شکاک) **بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد ، محەممەد ڕەسول هاوار.**
**١٠_ سمکۆ** (سمایل ئاغای شکاک) **بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد ، محەممەد ڕەسول هاوار.**
**١١_سمکۆ** (سمایل ئاغای شکاک) **بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد ، محەممەد ڕەسول هاوار.**
**١٢_ سمکۆ** (سمایل ئاغای شکاک) **بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد ، محەممەد ڕەسول هاوار.**
**١٣_ جوگرافیای مێژووی عەشیرەتی شکاک ، عبدالقادر شکاک**

## لە زاری پارێزەرانی وڵاتەوە

# دیمانەیەک لەگەڵ "بەهمەن قاسمی قەلعە"، پێشمەرگەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان

وتووێژ: بێهزاد قادری

خۆشەویستیی خاک، گەل و نیشتمان، سەدان ساڵە چەکی لە شانی کوردان کردووە و شاخ و چیاکانی کردووە بە قەڵغانێکی دوژمنبەزێن. کە پێشمەرگەیەک لەسەر شاخێکی بەرز دەبینیت، هەستێکی تایبەت دەتبزوێنێت، هەستێک کە تێکەڵاوییەکە لە غەرە، خۆشەویستی و سەرکەشی. هەستەکە ئەوەندە تایبەتە کە وشەکان ناتوانن وەک خۆی دەریببڕن. ئێستا ئەگەر هەمان پێشمەرگە لەنێو شارەکاندا دەربکەوێت، مووچڕکە بە گیانی دار و بەردی شەقامەکانیشدا دەهێنێت.

بەڵام ئەگەر لەگەڵ پێشمەرگەیەک دابنیشیت و قسە بکەیت، بەدڵنیاییەوە هەستێکی جیاوازی تر، ڕۆح و دەروونت دەگرێتەوە. هەموو ئەمانە لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە پێشمەرگە هەمیشە هیوای ڕزگاری و سەرفرازیی لە دڵدایە، هەر بۆیەش لەنێو دڵ و دەروونی خەڵکەکەیدا جێی شانازییە. پێشمەرگە لەنێو جەماوەردا وەک توخمێکی شۆڕشگێڕانەی سیاسی، پێگەی بەهێزە، جێی متمانەیە و وەک ئەفسانەیە.

هەرچەند من خۆم پێشمەرگەم، بەڵام هەر کات کە لەگەڵ پێشمەرگەیەک دادەنیشم و قسەیان لەگەڵ دەکەم، هەر هەمان هەستی تایبەتی بەر لە پێشمەرگایەتیم هەیە کە بە ئاوات بووم تەنانەت پێشمەرگەیەک لە نزیکەوە ببینم و قسەی لەگەڵ بکەم. لەگەڵ پێشمەرگەیەکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە ناوی «بەهمەن قاسمی قەلعە» لە شاخەکانی کوردستاندا، ئەم وتووێژەم ئەنجام داوە، تا ئێوە خوێنەرانی خۆشەویستیش، لەم ڕۆچنەوە، گۆشەیەک لە هەست و بیر و باوەڕی پێشمەرگەیەک ببینن و بخوێننەوە.

- بەر لەوەی بێیتە ڕیزی شۆڕشەوە، هەست و بیر و باوەڕت سەبارەت بە کوردستان و پێشمەرگە چۆن بوو؟

هەر لە منداڵییەوە بەهۆی ئەوەی کە لەژێر ستەمی داگیرکەریی ڕێژیمێکی وەک کۆماری ئیسلامی ژیانم دەبردە سەر، وەکوو منداڵێکی کورد لە دڵی خۆمدا بە بیستنی وشەی کوردستان، هەموو گیانم وەلەرزە دەکەوت، بۆیە هەر لە منداڵییەوە لە ئاڵای داگیرکەر و وێنەی ڕێبەرەکانیان لە قوتابخانەدا بێزار بووم.

بەردەوام دەموت تەنیا پێشمەرگە و پێشمەرگایەتی دەتوانێت لەم بێزارییە ڕزگارم بکات. تەنیا پێشمەرگەم وەک ڕزگارکەر دەبینی و گەورەترین ئاواتی ژیانم ئەوە بوو کە بۆ ڕزگاریی کوردستان ڕۆڵێکی بەرچاوم هەبێت.

- ئێستا کە خۆت پێشمەرگەیت، چ هەستێکت هەیە و هەستت بۆ کوردستان چۆنە؟

ئێستا دەزانم پێشمەرگە کێیە و چ دەکات و پێشمەرگە دەبێ دڵی بە قەد هەر چوار پارچەی کوردستان گەورە بێت و بە قەد کوردستان ئێش تەحەمول بکات و بە قەد شاخ و دار و بەردی کوردستان لێبردوویی هەبێت هەتا بتوانێت ببێتە پێشمەرگە و هەتا زیاتر لە پێشمەرگایەتی حاڵی بێت.

بەڕاستی دڵخۆشتر دەبێت و بەردەوام ئامادەی گیانفیدایییە و کوردستان شیرینتر، جوانتر و ڕەنگینتر دەبینێت، بۆیە بە قەد ئەو شیرینی و جوانی و ڕەنگینییە، ڕق و قینی لە دوژمن، زۆردار، زاڵم و داگیرکەر هەڵدەگرێت. ڕۆژبەڕۆژ کە پێشمەرگانە ژیانی خۆم دەبەمە سەر، زیاتر هەست دەکەم لە بەزاندنی دوژمنم نزیکتر بوومەتەوە.

- هەر کام لەم وشانە (نیشتمان، پێشمەرگە و ڕاسان) لە ڕوانگەی خۆتەوە پێناسە بکە:

لای من «نیشتمان» هەموو شتێکە، ئەگەر نیشتمان نەبێت، دایک نییە، باوک نییە، ئایین نییە و ژیان وەک خۆی نییە. بەگشتی نیشتمان بەر لە هەموو شتێک، ژیانە.

بێ نیشتمان ژیان هیچ ئاسایی نییە و لە چوارچێوەی خۆی دەچێتە دەرەوە.

«پێشمەرگە» کەسێکی گیان لەسەر دەست و پێشڕەوە کە هەموو ژیانی خۆی لە پێناو ئازادیی وڵات و گەلەکەی پێشکەش دەکات.

«ڕاسان» نوێبوونەوەی خەباتێکە کە لەمێژە گەلی کورد چاوەڕوانی بووە و بە مانای زیندووبوونێکی دووبارەیە و هیوای لە دڵی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا چاندەوە.

- گەورەترین ئاواتی ژیانت چییە و بۆچی ئەو ئاواتە، گەورەترین ئاواتی ژیانتە؟

گەورەترین ئاواتی من، ئازادیی کوردستانە، تاکوو گەلی کورد چێژ لە ژیانێکی ئازادانە و سەربەرزانە ببات و ئاواتی ئەو هەمووە هاوڕێ شەهیدانەی ڕێگای ئازادیی خاک بەدی بێت.

- بە بۆچوونی تۆ، چ شتێک دەتوانێت واتا بە ژیانی مرۆڤی کورد ببەخشێت؟

بە بۆچوونی من، تەنیا ئازادیی وڵات و دامەزراندنی وڵاتێکی دێموکراتیک دەتوانێت واتا بە ژیانی کوردێک ببەخشێت.



- وەک پێشمەرگەیەک، چ قسەیەکت بۆ هاووڵاتییانت لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا هەیە؟

خەڵکی ڕۆژهەڵات بەداخێکی زۆرەوە لە زۆر بواردا بێبەشن. بەردەوام ژیانیان پڕ بووە لە هەڵاواردن و زوڵم و داگیرکاری. بۆیە داوام ئەوەیە کە زیاتر لە هەموو کات بۆ ژیانێکی گونجاوتر هەوڵ بدەن. داوایان لێ دەکەم دەنگ هەڵبڕن و داوای مافی نەتەوەیی خۆیان بکەن.

- وەک شۆڕشگێڕێک، چ وتەیەکت بۆ هاوسەنگەر و هاوڕێ پێشمەرگەکانت هەیە؟

هاوسەنگەرەکانم دڵنیا دەکەمەوە کە گەورەترین و پیرۆزترین ڕێگایان هەڵبژاردووە و مێژوویەکی پڕ لە سەربەرزی بۆ خۆیان و گەلەکەیان تۆمار دەکەن و ژیانێکیان هەڵبژاردووە کە هیچ کوردێک لێی پەشیمان نابێتەوە. هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم.

- وەک نیشتمانپەروەرێک، چ پەیامێکت بۆ خۆفرۆشان و خائینانی خاک و گەل هەیە؟

بە خاکفرۆشان ئەوە دەڵێم کە قەت ناتوانن بە خیانەتکردن بە خۆ، قەت ژیانێکی خۆش و سەربەرزانە ببەنە سەر، بۆیە دەبێ بە خۆدا بچنەوە، ئەگەرنا دواڕۆژیان خۆش نابێت. داوایان لێ دەکەم بگەڕێنەوە باوەشی گەل و ژیانێکی سەربەرزانە ببەنە سەر.

- ئەگەر کوردستان ئازاد بکرێت و بگەڕێتەوە کوردستان، چ بەرنامەیەکت بۆ ژیانت هەیە؟

هیوادارم بەپێی توانا و زانستی خۆم لەنێو وڵاتی خۆمدا، منداڵان و لاوان پەروەردە بکەم هەتا بتوانن داهاتوویەکی ڕوون بۆ گەل و وڵاتمان دروست بکەن.

هەروەها تا دواهەمین چرکەساتەکانی ژیانم واز لە فێربوون و فێرکردن ناهێنم و بۆ نەتەوە و حیزبەکەم هەرچی پێویست بێت، بێ ڕاوەستان دەیکەم و هەمیشە ئامادە و گیانفیدام.

- لەم بەشەدا پێمان خۆشە بیسەر و خوێنەری بەسەرهاتێکی تاڵ یان شیرینی خۆت بین، لەم ماوەیەدا کە جلی پیرۆزی پێشمەرگایەتیت لەبەردا بووە:

خۆشترین کاتی ژیانی پێشمەرگایەتیم ئەو کاتەی بوو کە لەگەڵ پۆلێک لە پێشمەرگەکان لە ناوچەی شنۆدا بووین و بە جلوبەرگی پیرۆزی پێشمەرگانە لەنێو خەڵکی بەشەرەفی خۆماندا بووین و بەردەوام وڵامی خەڵکمان دەدایەوە.

هەستێکی تێکەڵ لە گریان و پێکەنینم هەبوو! هەستێکی نامۆم هەبوو کاتێک کە دایک، خوشک، باوک و برا، هەموو دەهاتن و لە باوەشیان دەگرتین و دۆعایان بۆ دەکردین و ئەمە زۆر لەسەر بیر و باوەڕی پێشمەرگایەتیم کاریگەریی هەبووە و زیاتر تامەزرۆم کە وەها بڕۆمەوە نێو خاک و گەلی خۆم.

# هیوا بەهرامی: هەموو ئەوانەی بیرۆکەی ئەم شۆرایەیان هێناوەتە گۆڕێ، بە قەد ڕێکخراوێکی بچووکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پشتیان بە هێزی خەڵک گەرم نییە

لە ڕۆژانی ڕابردوودا «شورای مدیریت گذار» دامەزراندنی خۆی ڕاگەیاند. ئامانجەکان لە دامەزراندنی ئەم شۆرا و شێوەڕوانینیان بۆ بزووتنەوەی کورد و بەپێچەوانەوە کراوەتە مژاری وتووێژێک لەگەڵ بەڕێز هیوا بەهرامی، بەرپرسی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی دێموکرات کە لێرەدا دەخرێتە بەرچاوی ئێوەی ئازیز:

**١- وەک لە لێدوان و ڕاگەیەندراوەکانی دامەزرێنەرانی «شورای مدیریت گذار» دەردەکەوێ ئامانج لە دامەزراندنی ئەم شۆرا بریتییە لە تێپەڕاندنی کۆماری ئیسلامی و پارێزگاری کردن لە دێموکراسی و ئازادی و مافەکانی مرۆڤ بن. تێڕوانینی ئێوە چییە؟**

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە ئەندامانی ئەو شۆرا لە شێوەڕوانینە جیاوازەکان پێک هاتوون؛ لە چەپی چەپەوە تێیدایە تا دەگاتە سەلتەنەتخواز و ڕاستی ئیفراتی.

پێشەکی دەبێ بڵێم کە ئاڵترناتیف سازی لە مێژووی ئۆپۆزێسیۆنی ئێراندا لە چل ساڵی ڕابردوودا زۆر بینراوە، بەڵام لە بەر ئەوەی هەموو کات ڕێکاری نەگونجاو بۆ ئەم کارە گیراونەتە بەر، سەرکەوتوو نەبووە. ئاڵترناتیڤی واقعی کاتێک پێک دێت کە کۆدەنگی لە سەر کۆمەڵێک خاڵی جەوهەری لە نێوان هەموو تەیفەکانی ئۆپۆزێسیۆندا بێتە ئاراوە. لێرەدا پرسی نەتەوەکان ئەگەر نەڵێم گرینگترین پرسە، بە دڵنیاییەوە یەکێک لە پرسە گرینگەکانی ئێستا و داهاتووی ئێرانە. ئەمڕۆشی لە گەڵ بێت بەشی هەرە زۆری ئۆپۆزسیونی ئێران یان خۆیان وتەنی «سەراسەری» ئامادە نین دان بە کەمترین مافەکانی نەتەوە بندەستەکاندا بنێن. بویە هەر ئاڵترناتیڤێک خواستەکانی نەتەوە بندەستەکان لە بەرچاو نەگرێت لە دەستپێکەوە هەرەسی هێناوە. خواستەکانی نەتەوە بندەستەکان تەنیا بە بانگهێشتی چەند کەسایەتییەکی کورد یا بەلوچ و عەرەب بو مەحفەلی ئاڵترناتیڤسازان کە تەنانەت ئامادە نین لە نووسراو و وتاریاندا دان بە هەندێک دەستەواژەی وەک «فێدرالیزم» و «مێلییەت» دا بنێن دابین ناکرێن. پاشان ئەوانەی وا مودەعی سازکردنی ئاڵترناتیڤن، خۆ دەبێ پشتیان بە هێزی خەڵک گەرم بێت. کەسایەتییەک کە زیاتر لە چل ساڵە لە ئێران دابڕاوە و لە ئورووپا و ئامریکا دەژیت و هیچ چەشنە ڕێکخستنێکی لە ناوخۆدا نییە، لە سەر ئەساسی چی پێی وایە دەتوانێت ببێتە پێشەنگ و مودیریەتی گوزار بکات؟

**٢- لە ڕاگەیەندراوەکەی ئەم شۆرادا بە ڕوونی باس لە بەندێک دەکرێ کە تێیدا باس لە «حکومەت عدم متمرکز» دەکات. ئایا ئەمە بەواتای نەمانی ناوەندگەرایی و چەشنێک لە فێدرالیزم و دابەشکردنی دەسەڵاتە لە ئێرانی داهاتوودا؟**

هەر وەک پێشتریش ئاماژەم پێکرد، تەنیا هێنانە ئارای کۆمەڵێک دروشم و دەستەواژەی گشتی کافی نیە. ئەم شۆرایە ئەگەر باوەڕی بە دابەشکردنی دەسەڵات هەیە، بۆچی بە شێوەی کۆنکرێت ئاماژە بە «سیستمێکی سیاسی» ناکات. ئەساسەن ئەو ترسە چییە ئۆپۆزسیونی ئێران بە ڕاست و چەپ و میللی مەزهەبییەوە لە وشەگەلی وەک فێدرالیزم و مێلییەت هەیانە؟ ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەوان پێش ئەوەی بیر لە مافی نەتەوە بندەستەکانی جوغرافیای ئێران بکەنەوە، پرسی پاراستنی «تمامیت ارضی» ئێرانیان بو گرینگە. لە ڕوانگەی ئۆپۆزسیونی ئێرانەوە فێدرالیزم دەتوانێ ببێتە هۆی دابەشبوونی ئێران. هەر بویەش ئەو فێدرالیزمەی نەتەوە بندەستەکان و لەوانە کورد باسی لێوە دەکەن کە لە سەر بنچینەی نەتەوەیی — جوغرافیایی بێت، ئەوان باوەڕیان پێی نییە و لە باشترین حاڵەتدا فێدرالیزمیان لە سەر بنچینەی پارێزگاکان لا پەسەندە.

نەتەوەی باڵادەست لە ئێراندا هێشتا زۆر لەو کولتووره سیاسییە دوورە کە ئامادە بێت دەسەڵات دابەش بکات، چوونکە ئێستاشی لە گەڵ بێت تەنیا خۆیان بە ساحێبی ئەو وڵاتە دەزانن و باقی نەتەوەکان وەک ژێر مەجموعەی خۆیان دەبینن!

**٣- هەندێ کەس و لایەنی سیاسی دامەزراندنی ئەم شۆرایە بە پیلانێکی کۆماری ئیسلامی دەشوبهێنن و پێیان وایە ڕێژیمی تاران بۆ لاوازکردنی ئۆپۆزسیۆن و کولتووری حیزبایەتی کارێکی لەم چەشنەی کردووە.**

ئەم شۆرایە کەسانێکی تێدایە کە لە مێژ نییە بەشێک لە ڕێژیم بوون! بەڵام بە باوەڕی من ئەم چەشنە لە مەحفەلی ئاڵترناتیڤسازییە زیاتر بو ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی، هیچ چەشنە ڕێکخستن یا حیزبێکی سیاسیان نییە بو ئەوەی لە داهاتووی ئێراندا دەور بگێڕن. بۆیە پێیان وایە بەم جورە دەتوانن «ڕێبەری» یا «پێشەنگایەتی» لە حیزبە سیاسییەکان بستێننەوە و «کەسایەتییەکان» جێگای «حیزبەکان» بگرنەوە. پاش شۆڕشەکانی وڵاتانی عەرەبی کە بە بەهاری عەرەبی ناودێر کرا، ئەم تێزە هاتە گۆڕێ کە چیدی باوی ئەوە نەماوە شۆڕش «ڕێبەر»ی هەبێت، بە مانای ئەوەی کە حیزبێکی سیاسی پێشەنگی شۆڕش بێت، بەڵکوو خەڵک خۆیان شۆرایێک پێک دێنن و شۆڕش بەرەو سەرکەوتن دەبەن. بەڵام دەرکەوت کە شۆڕش ئەگەر بە بێ پێشەنگایەتی حیزب و ڕێکخراویش سەرکەوێت، مادام ڕێکخراوی بە ئەزموونی سیاسی ڕێبەری نەکات، ناتوانێ بە ئامانج بگات. شۆڕش تەنیا بو ڕووخان ناکرێت. دەبێ بیر لە پاش ڕووخانیش بکرێتەوە و لێرادەیە کە حیزبی سیاسی ڕۆڵی گرینگ دەگێڕێت.

**٤- بە ڕای بەڕێزتان کورد دەبێ چ بکات؟ ئایا دەبێ لەگەڵ وەها شۆرایەک بکەوێ یان نا دەبێ هەوڵی لەقاودانی بدات و دژایەتی بکات؟ چارەسەر چییە؟**

بە باوەڕی من ئەحزابی مەترەحی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چەند ساڵی ڕابردوودا ڕێچکەیێکی باش و ئەرێنیان گرتووەتە بەر. خودی پێکهاتنی ناوەندی هاوکاری هەنگاوێکی زۆر گرینگ بوو. کۆدەنگی بەرەوڕووی دەرەوە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی پوزەیشنی کورد. ئەمە لە ئێستادا وێڕای کۆمەڵێک کەموکوڕی توانیویەتی پێگەی کورد بەرەوڕووی دەرەوە بەهێزتر بکات. ڕێبەری ئەحزابی کورد دەبێ لەوە تێگەیشتبن کە بەهێزکردنی پێگەی کورد زۆر قازانجی زیاترە لەوەی وەک لە مەحفەلی ئاڵترناتیڤسازاندا کەڵکی ئەبزاریان لێوەربگیردرێت و تەنیا لە بەر ئەوەی بڵێن «کورد»یشمان لەگەڵدایە! بۆیە دیسان دەیڵێمەوە، کە پێش ئەوەی کات و وزەی خۆمان بە شتی لاوەکییەوە بە فیڕۆ بدەین، باشترە لە فیکری ئەوەدا بین پێگەی خۆمان بەهێزتر بکەین و یەکدەنگیمان بەرەوڕووی دەرەوە زیاتر نیشان بدەین. ئەوەشمان لە بیر نەچێت کە هەموو ئەوانەی بیرۆکەی ئەم شۆرایەیان هێناوەتە گۆڕێ، بە قەد ڕێکخراوێکی بچووکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پشتیان بە هێزی خەڵک گەرم نییە.

لە لایەکی دیکەوە دەبێ کورد زۆر گرینگی بە «کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ» بدات و بەم جۆرە پێگەی نەتەوە بندەستەکان لە بەرانبەر پاوانخوازان لە ئێراندا بهەێزتر بکات. سەرمایەگوزاری لە سەر ئەم کۆنگرەیە قازانجی سیاسی زۆر زیاترە تاکوو پاشکۆبوونی کەسانێک کە ئێستاشی لهگەڵ بێت ئامادە نین دان بە کەمترین مافی ئێمەدا وەک «نەتەوەیەک» بنێن. ئەمە بە مانای ئەوە نییە کە نابێت لە گەڵ ئۆپۆزسیونی ئێراندا نزیک بینەوە بەڵام بۆ دەبێت هەر ئێمە لەوان نزیک ببینەوە؟ دەکرێ ئەوانیش جارێک هەنگاوێک بەرەو ئێمە بنێن. وەک یەکەم هەنگاو دەکرێت ئەو حیزب و کەسایەتییانەی شۆرای مودیریەتی گوزاریان پێک هێناوە ببنە بەشێک لە کۆنگرەی نەتەوەکان کە دەتوانێت ببێتە ئاڵترناتیڤێکی واقعی بو داهاتووی ئێران.

# مێژووی ئەدەبی کوردی و سەرهەڵدانی ڕەوتە ئەدەبییەکان لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا

ئامادەکردنی:
گوڵباخ بەهرامی

## بەشی دووهەم و کۆتایی

ئەدەبیاتی کوردی لە نیوەی سەدەی نۆزدەهەمدا، درێژەی نەریتینی ئەدەبیاتی قوتابخانەی نالییە، کە هاوکات لەگەڵ پەرەسەندن و گەشەی هزری ڕۆشنبیرانە، شێوازە جیاوازەکانی شێعری داهێناوە و بووەتە وەرچەرخانێکی تر لە دونیای ئەدەبی کوردیدا.

لەگەڵ ئەوەشدا و لە دوای ئەو سەردەمە بە قۆناغی پاش نالی و مەحوی دەناسرێت، کە لەو سەردەمەشدا کاریگەری دەسەڵاتە باڵادەستەکان لە بەشەکانی کوردستان، بەسەر ڕەوتی بەرەوپێشچوونی ئەدەبیاتی کوردیدا، دیارە و فەزایەکی جیاوازتری خوڵقاندووە کە بەرهەمەکانیشی شوێندانەری ئەو بارودۆخەی سەردەمی خۆی پێوە دیارە. لە قۆناغەکانی پاش نالی و مەولەوی، لەو سەردەمەدا دوو ئیمارەتی نیمچە دەسەڵاتداری کوردی (بابان ـ ئەردەڵان) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە باشووری کوردستانیش هێزی یەکەم بوون؛ بەڵام هیچکامیان سەربەخۆ نەبوون و هەریەکەو بە دەسەڵاتێکی زلهێزەوە بەسترابوونەوە. ئەردەڵانەکان بە دەسەڵاتداریی ئێرانی و بابانەکانیش بە دەسەڵاتی عوسمانییەکانەوە بۆیە وەکوو پێویست نەتوانراوە ئاوڕ لە زمانی کوردی و بە گشتیی ئەدەبیاتی کوردی بدرێتەوە.

هەرچەندە لەگەڵ ئەوەشدا ڕەوتەکان ئاراستەی خۆیانیان بەرنەداوە ڕێچکە و ڕێبازە ئەدەبییەکانیان بەردەوامی پێدەدا. هەربۆیە ئەتوانین بڵێین، چەقی گۆڕانکارییەکان هەر لە سەردەمی نالی و مەولەویدا بووە و شەپۆلەکانی گۆڕانکاری لە ئەدەبدا لەو سەردەمە دەستیان پێکردووە. بۆ نموونە لە ئەدەبی فارسیدا کە شاعیرانی بەرەی نالی و مەولەویش لێی بەئاگان و تەنانەت لە ژێر تەوژمی کاریگەریشیدا بوونە، لەو دۆخەدا پەرەیان بە بەرهەمەکانیان داوە.

هەربۆیە ئەو رکابەرییەی لە نێوان شاعیرانی کورد و فارس و نەتەوەکانی دەوروبەریدا هەبووە، هەوڵێکتر بووە بۆ بەخۆداهێنانەوە و زیندووکردنەوەی ڕەوتەکان کە دواتر ئەگاتە ئەدەبی سەردەمی شۆڕشی مەشرووتە. لەم بزاڤەدا گەڕانەوە بۆ شێواز و شێعری سەردەمی پێشووتری ئێرانی، بەتایبەت شێوازی عێراقی باوتر بووە. زۆربەی ڕەخنەگران و خاوەن ئەزموونەکانی بواری ئەدەب پێیانوایە، لەو سەروبەندەدا بەرەی نالی زۆر ژیرانە ئەو دۆخەیان خوێندووەتەوە و ژیرانە و بوێرانە بە ئەرکی سەردەمیانە هەستاون و بە هەڵگیرساندنی شۆڕشێک، کە ئەتوانین بڵێین گۆمی مەندی ئەدەبی کوردییان شڵەژاندووە و بەرەو زیندووبوونەوەیان بردووە.

ڕەوت و ڕێبازی «نالی (١٧٩٧ـ١٨٥٥) بە هەوڵ و ماندووبوونی شاعیرانی وەک ، سالم (١٨٠٠ـ١٨٦٦)، کوردی (١٨٠٩ـ١٨٤٩) و مەحوی (١٨٣٠ـ١٩٠٤)» کامڵتر پێشکەش بە قوتابخانەی ئەدەبی کوردی ئەکرێت. ئەمە لەحاڵێکدایە کە ئەگەر قوتابخانەی بێسارانی (ساڵی کۆچی دوایی ١٧٠٢)،لەلایەن سەیدی هەورامی و مەولەوییەوە(١٨٠٩ـ١٨٨٢). (محەمەد ئەمین حەبیب و محەمەدی مەلاکەریم ) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش پەیوەست ئەکرێت، کەچی دەکەوێتە ژێر گوشاریشەوە، بەتایبەت لە ژێر سێبەری بەرهەمەکانی مەولەویدا ئەپرینگێتەوە و لە بزاف ئەکەوێت. بەم دۆخ و کەشەوە، قۆناغەکانی دوای مەولەوی و نالی، وەک دوو دەنگی پێوەر لە ئەدەبی کوردی و لە دوو زار و شێوازی جیاوازدا، دەست پێئەکەن. قۆناغی پاش نالی ئەگەر بۆ شرۆڤەی ئەو قۆناغە، هەر لە مەحوییەوە دەست پێبکەین، ئەبنە شوێنهەڵگری ڕەوتێکی پڕ ئاوەدان و زیندوو و خاوەن بزاف.

ئەوکاتە دەنگە شێعرییەکان زیاتر دەبینرێن و ئاوەدانی و جیاوازی بە ڕەوتە ئەدەبییەکە ئەبەخشن.

حاجی قادری کۆیی، حەمدی ساحیب قران، قانع، پیرەمێرد، ئەحمەد مۆختار، زیوەر، شێخ ڕەزا، بێکەس و... هەرکامە بەجۆرێک دەبنە دەنگی خاوەن هەژموونی و بەهرەی ئەو ڕێبازە و بەتایبەت لە پیرەمێردی نەمرەوە، دۆخ بۆ شۆڕشێکی نوێ و سەردەمیانە لە شێعری کوردیدا فەراهەم ئەکرێت. دواتر مامۆستا گۆران ئەبێتە پێشەنگ و باوکی شۆڕشێکی نوێی سەردەمیانە لە شێعری کوردیدا کە هاوتایی لە گەڵ شۆڕشەکانی بێسارانی و نالی ئەکات. کەسانێکی وەک: هێمن، هەژار، هەردی، کامەران، کاکەی فەلاح، حەمەساڵح دیلان و...کەسانێکن کە ئەبنە ئاوەدانکەرەوە و درێژەپێدەری ڕێبازەکەی گۆران بەڵام ڕەوتەکە لە گۆرانیشدا نامێنێتەوە و قۆناغ بە قۆناغ لە بەرۆژکردندایە. ئەگەر بزاڤی نوێخوازی گۆران لەبەرچاو بگرین ئەبینین لە شەستەکانیشدا هەڵوەدای نوێخوازی و جیاوازخوازی، مێشک و زەینی ژمارەیەك شاعێر داگیرئەکات و دواتر وەک بانگجاڕی «ڕوانگە» لە دایک دەبێ و پانتایی شێعری کوردی دادەگرێ. دواتر ئەو ڕەوتە لە سەرەتای حەفتاکاندا لە دایک دەبێ ولە ناوەڕاستی حەفتاکاندا پێ دەگرێ و دەڕواتە ناو جەماوەر. ئەگەر ئێمە ڕەوتی شێعریی دوای نالی تا سەردەمی ڕوانگە بە نەخشە بکەین، خاڵێکی بەرچاو و بەرجەستە شیاوی خوێندنەوە و سەرنج دەرئەکەوێت و ئەبینین کە ڕەوتەکە پەیوەست و زنجیرەییە.

بەڵام دواتر و بەتایبەت لە حەفتاکانی کۆچی هەتاوییەوە، بزاڤەکە لە باشوورەوە بۆ ڕۆژهەڵات ئەگوازرێتەوە.

داکار، وەک بەیاننامەیەک لەلایەن چەند شاعیرێکەوە ئەبێتە بانگەشەی نوێخوازی سەردەمیانە. پرۆژەی «پێوەر ـ جیاواز» کەشفێکی نوێ و سەردەمییانە بوو کە زەینی خاوەن بیر و پەروەردەکراوی ڕەخنەگری پێیگەیشتووە و بۆ یەکەم جار لە لایەن ڕەخنەگر فەرزاد میرئەحمەدییەوە، پرۆڤە کرا. میرئەحمەدی سەرەڕای ناوبردکردنی دەنگە جیاوازەکان: ( ساڵح سووزەنی ـ ئیبراهیم ئەحمەدی نیا ـ ڕەووف مەحموودپوور ـ بێهزاد کوردستانی ـ یوونس ڕەزایی و ڕەزا عەلیپوور)، ڕەخنە و شیکاریشی لە سەر دەقی شێعریی ئەوانی دەستپێکرد. تەنانەت پاش خستنە بەر ڕەخنەی زۆرێک لە دەقەکان و هاوکات لە گەڵ یەکەمین سمینار کە بۆ شیکاری لە سەر ئەو پرۆژەیە، کە لە خەرمانانی ١٣٨١ ی کۆچی هەتاوی لە مەریوان بەسترا، لە «شرۆڤەدا»، (وەک یەکەم مانیفێستی ئەو پرۆژەیە)، تایبەتییەکانی شێعری جیاواز پۆلێن کران.

ئەم پرۆژەیە بەپێچەوانەی ڕوانگە و کفری و هەولێر و داکار، لە لایەن ڕەخنەگرەوە هاتە داهێنان. ئەوانی دیکە، لە لایەن خودی شاعێرانەوە بانگەوازیان بۆ دەکرا و پەرەیان پێدرا. هەروەها شرۆڤە کردنی ڕەخنەگرانە بوو کە لە لایەن ڕەخنەگرەوە، لە سەر دەقە ناهاوچەشنەکان خوێندنەوەی بۆ دەکرا . لە خاڵە بەرجەستەکانی پرۆژەکە ئەوە بوو کە شاعیرانی ئەم ڕەوتە نەک تەنیا لە ئاست ڕەوتی ئەدەبی پێش خۆیان، بەڵکوو دەقەکانیان لەئاست یەکتریش جیاوازتر بوون. ئەمە لە حاڵێکدایە کە ئەدەبی کوردی لقی سۆرانی، لە ژانرەکانی دیکەی ئەدەبیشدا زیاتر گەشەی کرد و پەرەی سەند. هەروەك لە ژانرەکانی؛ چیرۆک و ڕۆمان، شانۆ، ڕەخنە و... دەبینرێت، کە ئەم ڕەوتە هەنووکەش بەردەوامە و بە شێوازی سەردەمیانە لە بزاڤدایە. بە گشتیی هەموو ڕەوتەکان لەژێر کاریگەری ڕەوتەکانی پێش خۆیان بوونە و ئێستاش داهێنان و نوێبوونەوە و نوێخوازی لە ئەدەبیاتی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەردەوامی هەیە و بەرەو ئاراستەیەکی مۆدێرنتر و شێوازی نوێگەرانەتر هەنگاو دەنێت و بناغەیەکی دەوڵەمەندتر بۆ داهاتووش بنیات دەنێت.

## ٥ کتێبی دیکە هاتنە نێو کتێبخانەی کوردییەوە

لە سەرەتای مانگی ڕەزبەری ئەمساڵەوە، ٥ کتێب بە کتێبخانەی کوردی زیاد کراون .

ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی ١١ی ڕەزبەر، لە کتێبخانەی "مەم و زین" لە شاری هەولێردا، کۆڕێک بۆ پەردەلادان لەسەر سێ کتێبی "فەرهاد پیربال"، نووسەر و هونەرمەندی کورد، بەڕێوەچوو.

"سێگۆشەی مەرگ"، ناوی ڕۆمانی نوێی "فەرهاد پیربال"ـە کە ٣١٠ لاپەڕەیە و بە وتەی خۆی، ساڵی ٢٠١٨ی زایینی لە زینداندا نووسیویەتی.

"زمانی حەیزەران"یش کتێبێکی هزرییە. زمانی حەیزەران وتارێکە لەبارەی گەنج و قوتابییانەوە. هەروەها "پەتاتەخۆرەکان"، کۆمەڵەچیرۆکێکە کە بۆ جاری سێهەم لەچاپ دراوەتەوە و پێشتر یەکەمجار ساڵی ٢٠٠٢ بڵاو بووەتەوە. لەم کۆڕەدا، "فەرهاد پیربال" دوو کتێبی تازە چاپکراوی خۆی بە ناوەکانی: "قەبرێکی سێگۆشە" و "زمانی حەیزەران"ی، بە بەشداربووان ناساند و ئاوڕێکی لە کتێبەکەی تری بە ناوی "پەتاتەخۆرەکان" دایەوە کە بۆ سێهەمین جار لەچاپ دراوەتەوە.

بۆ یەکەمجار، کتێبی "ڕاپەڕین لە باخچەی منداڵان"، لە لایەن وەرگێڕێکی بۆکانییەوە، وەرگێڕدرایە سەر زمانی کوردی و لە کتێبخانەکانی بەشی منداڵان و مێرمنداڵاندایە.

ئەو کتێبە لە لایەن "گۆرماندێر" بە زمانی سوئێدی نووسراوە و لە لایەن "سەلاح نیساری"، نووسەر و وەرگێڕی بۆکانییەوە کراوە بە کوردی و ئێستا لە کتێبفرۆشیەکانی کوردستاندا دەست دەکەوێت.

هەروەها "هیچ هاوڕێیەک جگە لە شاخەکان" بەرهەمی ناوداری بێهرۆز بووچانی، ڕۆژنامەنووس و نووسەری ئیلامی بە زمانی کوردی چاپ و بڵاو کرایەوە.

ئەم بەرهەمە لە لایەن دوکتور هاشم ئەحمەدزادە، لێکۆڵەر و وەرگێڕی کورد بە زمانی کوردی چاپ و بڵاو کرایەوە.

بێهرۆز بووچانی لەو ڕۆمانەدا، باسی بەسەرهاتی خۆی بۆ پەنابەری لە وڵاتی ئوسترالیا کردووە.

بێهرۆز بووچانی، هەتا ئێستا براوەی خەڵاتی ئەدەبیی جۆراوجۆر بە تایبەتی خەڵاتی ویکتۆریا بۆ ئەدەبیات و خەڵاتی ویکتۆریا بۆ بەرهەمە نائەدەبییەکانی بە دەست هێناوە، بووچانی لە دوورگەی مانوس دایە و دەوڵەتی ئوسترالیا ئیزنی چوونە دەرەوە لەو دوورگەیە بە ناوبراو نەدات.

## من لە خۆم ون بووم

دەمێکە لە غووربەتی خۆمدا غووربەتی دنیاشم لەکۆڵ گرتووە؛
دەڕۆم بۆ ئەوەی لە خۆم بێزار نەبم
دەڕۆم بۆ شەری مانەوەی ژیان.
هێدی هێدی دەڕۆم
بەڵام بەهێز،
بەهێز وەکوو تەوژمی گەردەلوولێک کە غەدرەکانی زەمانە دەشڵەژێنێت
دەڕۆم تا لە بنی ئۆقیانووسێکی قووڵدا
لەوپەڕی ئائۆمێدی بگەڕێمەوە
دەڕۆم بۆ ئەوەی دەس بەسەر ئازارەکانی تەنیاییدا بنێم
ئەو تەنیاییە ناخۆشەی کە بیری ژیانەوەم لەرزۆک دەکات
چیدی ئەم ژیانە سارد و سڕەم ناوێ وا بە چۆکمدا دەهێنێت
ئەمن وەرم بەرزە
نە دوورم
نە ماندوو
نە بریندار
من هاتووم بۆ ژیان
ئەمن لە دایک بوومە دووبارە،
من لە کاتی خۆی لە دایک نەبوومە بۆیە تووشی کێشەم.
بەڵام بە هاتنم ئەم جارەیان دەمەوێت ژیانم پڕبکەم لە گوڵ و گوڵزار.
من لە بنەماڵەیەک لە دایک بووم کە خۆم هەڵمنەبژارد
بەڵام
لەو بنەماڵە فێریان کردووم نیشتمان دایکی ڕاستەقینەی ئێمەیە.
منیش وەکوو کچێکی بچووکی ئەم نیشتمانە سوێند دەخۆم بە خاکم
کە سپای زلهێزی دوژمن نەمترسێنێت و وردم نەڕۆخێنێت.
سوێند دەخۆم
وەکوو کچێکی بنەماڵەی حیزبی دێموکرات کە لە پێناوی خاکی پیرۆزی نیشتمان
یان بەئازادی بژیم
یان بە سەربەرزییەوە
گیانم بەخت دەکەم.

شیوا

KURDISTAN

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan ■ No : 759 ■ 7 October 2019

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia

**ڕۆژنامەی کوردستان بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکرا کردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو و دەیخاتە بەردیدی خوێنەرانی ڕۆژنامەی کوردستان.**

**ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی سەرەتای مانگی ڕەزبەری ساڵی ۹۸ هەتاوی لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات کە بریتین لە حاڵەتەکانی دەستبەسەر کردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و بریندار بوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکووم کردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران .**

## هێمایەک لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە دوو حەوتووی ڕابردوودا



### دەسبەسەرکردن:

پەرستارێکی کورد بە ناوی «محەممەد ئەمین (هێدی) خزری»، کوڕی «موراد»، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.

ڕۆژی سێشەممە ٢ی ڕەزبەر، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «دلێر نەسری» خەڵکی گوندی «تەنگیسەر» و دانیشتووی شاری سنە، لە شوێنی کارەکەی لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی سەر بە ئیتلاعاتی سپای پاسدارانەوە، دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی شەممە، ٦ی ڕەزبەر، «ئیبراهیم پیری»، نوێنەری شۆفیرانی ناوەندی بێهداشتی شاری سنە، لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە لە شاری سنە، دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی شەممە، ٦ی ڕەزبەر، چالاکێکی مەدەنی و ژینگەپارێزیی کورد بە ناوی «سیروان ڕەحیمی»، تەمەن ٣٠ی ساڵ خەڵکی شارستانی دیوڵان، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

### بانگهێشت کردن بۆ ئیتلاعات:

ڕۆژی شەممە، ٦ی ڕەزبەر، دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «محەممەد محەممەدی» تەمەن ٧١ ساڵ و «حەمدییە ڕەئوفی» تەمەن ٦٧ ساڵ، بانگهێشتی ئیتلاعاتی شاری پاوە کران.

ڕۆژی یەکشەممە ٧ی ڕەزبەر، هاووڵاتییەکی کورد خەڵکی شاری سەقز بە ناوی «هیوا سافکار»، بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە کرا.

### خۆکوژی، مانگرتن و بێبەری لە مافی مورەخەسی زیندانییان:

ڕۆژی پێنجشەممە، ٤ی ڕەزبەر، «وەحید کەربەلایی»، بەهۆی جێبەجێنەکردنی داخوازییەکەی بۆ گواستنەوەی لە بەندێکی دیکە، لە لایەن بەرپرسانی زیندانی ناوەندیی شاری ورمێ، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

زیندانییەکی سیاسیی کورد بە ناوی «تەحسین دادڕەس»، خەڵکی گوندی «سەردۆش»ی شاری مەریوان، لە ماوەی دەسبەسەرکرانیدا، لە مافی مورەخەسی بێبەری کراوە و هەتا ئێستا بەرپرسانی زیندانی ناوەندیی شاری مەریوان، لە پێدانی مورەخەسی بەو زیندانییە کورده، خۆیان بواردووە.

سێ زیندانیی سیاسیی کورد بە ناوەکانی «تاهێر خۆرشیدی، فاروق شاروێرانی و ئەمیر پەیغامی»، خەڵکی شاری شنۆ، لە زیندانی کرماندا مانیان گرت؛ ئەو سێ زیندانییە سیاسییە، لە هەمبەر هەڵسوکەوتی نەشیاوی بەرپرسی حیفازەت ئیتلاعاتی زیندانی کرمان و گوشارهێنان بۆیان، نارەزایەتییان دەربڕیوە و دەستیان داوەتە مانگرتن.

### مەحکووم کردنی هاووڵاتییان بە زیندان و گواستنەوەیان بۆ زیندان:

ڕۆژی دووشەممە، ١ی ڕەزبەر، «خەلیل کەریمی»، چالاکی کرێکاری کە لە لایەن دادگای پێداچوونەوەی شاری سنەوە بە ٢ مانگ زیندانی تەعزیری مەحکووم کرابوو، ڕەوانەی زیندان کرا.

سەید «کازم حوسێنی»، پارێزەری «موحسین لوڕستانی» لە وتووێژێکدا لەگەڵ هەواڵدەریی «ئیسنا» ڕاگەیاندووە کە بریگرتەکەی لە ڕێکەوتی ١٢ی ڕەشەمەی ساڵی ٩٧، لە ماڵی دایکی لە «سەعادەت ئاوا» دەسبەسەر و لەو کاتەوە هەتا ئێستا لە زینداندایە.

### نارروونی چارەنووسی هاووڵاتییان:

لە شوێنی ڕاگیرانی لاوێکی بانەیی بە ناوی «پەیام ئەنوەری»، پاش ١٠ مانگ لە دەسبەسەرکرانی، هیچ زانیارییەک لە بەردەستدا، نییە.

چالاکێکی مەدەنیی کورد بە ناوی «کەیوومەرس لەتیفی»، تەمەن ٣٩ ساڵ، خەڵکی شاری سنە، ٤٠ ڕۆژ پێش لە زیندانی ناوەندیی ئەو شارە بۆ گرتنگەی ئیتلاعاتی سپای پاسداران ڕاگوێزرا و لەو کاتەوە هەتا ئێستا چارەنووسی ناڕوونە

### کوژران و بریندار بوونی کۆڵبەران:

ڕۆژی یەکشەممە، ٣١ی خەرمانان، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «شەفیع



حەمیدی»، کوڕی «هاشم»، لە نزیک گوندی «خانێک»ـی شاری ورمێ، لە ئەنجامی تەقەی هێزەکانی سپای پاسداران پێکرا.

ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە، ٩ی ڕەزبەر، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «عەزیز ڕەئیسی»، کوڕی «مەناف»، خەڵکی گوندی «گرک»ـی ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ، لە بەرزاییەکانی کێلەشینی شاری شنۆدا، گیانی لەدەست دا.

ڕۆژی سێشەممە، ٩ی ڕەزبەر، ژمارەیەک لە کاسبکارانی کورد لە سنووری شاری سەردەشت، کرانە ئامانجی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی سپای پاسداران و لە ئەنجامی ئەو تەقەکردنەدا، کاسبکارێک بە ناوی «قادر محەممەدزادە»، خەڵکی گوندی «تویژەڵ»ـی شاری سەردەشت، بریندار بوو.

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «وەحید عیساپوور» کوڕی «ڕەزا»، لە شوێنێک بە ناوی «شەپیران» لە شاری سەڵماس، بە تەقەی هێزەکانی سپای پاسداران پێکرا.

ڕۆژی هەینی، ١٢ی ڕەزبەر، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «پەیمان یووسفی»، خەڵکی گوندی «دەرمانئاوێ»ـی شاری سەردەشت، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت بریندار کرا.

### تەقینەوەی مین:

ڕۆژی دووشەممە، ٨ی ڕەزبەر، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «عادڵ یەعقووبی»، تەمەن ٢٦ ساڵ، کوڕی «سدیق»، خەڵکی گوندی «بێساران» و دانیشتووی شاری مەریوان، بەهۆی تەقینەوەی یەکێک لە مینە چێنراوەکان، لاقی چەپی بریندار بوو .

### گیان لە دەستدانی کرێکاران:

ڕۆژی دووشەممە، ١ی ڕەزبەر، کرێکارێکی کورد بە ناوی «ڕامین بێهزادی»، تەمەن ٣٥ ساڵ، خەڵکی



گوندی «باڵاو»ی سەر بە بەخشی ناوەندیی شاری ورمێ، لە کاتی کارکردن لە شاری هەولێر لە هەرێمی کوردستاندا، تووشی ڕووداوی کار بوو.

حەوتووی ڕابردوو، کرێکارێکی کورد بە ناوی «ئەیووب ئەمینی»، خەڵکی گوندی «کەرگینە»ی ناوچەی کەڵاتەرزانی شاری سنە، لە دوورگەی «کیش»، تووشی ڕووداوی کار بوو.

### خۆکوژی هاووڵاتییان:

ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی ١٢ی ڕەزبەر، دوو لاوی کورد بە ناوەکانی «شەهریار ئەحمەدیاری» و «عادڵ محەممەدی»، خەڵکی شارستانی سەقز، لە ڕێگای خواردنی ژەهرەوە، هەوڵی خۆکوژییان دا و «شەهریار ئەحمەدیاری» گیانی خۆی لەدەست دا.

### ئێعدام:

سەرلەبەیانیی ڕۆژی پێنجشەممە، ٤ی ڕەزبەر، ژنە هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «لەیلا زەرئەفشان»، پاش ٥ ساڵ لە زیندانی ناوەندیی ئەو شارە، لەسێدارە درا.

ڕۆژی پێنجشەممە، ٤ی ڕەزبەر، سێ زیندانی بە تاوانی کڕین و فرۆشتنی ماددەی سڕکەر، بە ناوەکانی «ڕەئووف (ئازاد) ئازادیخا» کوڕی حاجی «سدیق» خەڵکی دزەی مەرگەوەڕی ورمێ، «شەماڵ (ئیبراهیم) مەحموودپوور» خەڵکی شاری مەهاباد و «شەهابەدین محەممەدپوور» خەڵکی گوندی «حاجی بایرام» لە ناوچەی ئەنزەلی ورمێ، لە زیندانی ناوەندیی ئەو شارەدا، ئێعدام کران.

ڕۆژی پێنجشەممە، ٤ی ڕەزبەر، بەرپرسانی زیندانی ناوەندیی شاری سەڵماس، حوکمی لەسێدارەدانی زیندانییەک بە ناوی «عەلی عەمیزادە»، لە زیندانی ئەو شارەیان جێبەجێ کرد.

ڕۆژی سێشەممە، ٩ی ڕەزبەر، زیندانییەک بە ناوی «ڕزگار زەندی»، تەمەن ٢٧ ساڵ، بە تۆمەتی «کوشتنی بەئەنقەست»، لە زیندانی ناوەندیی شاری سنە لەسێدارە درا و هەوڵەکانی چالاکانی مەدەنی بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی لە بنەماڵەی کوژراوەکە، بۆ پێشگرتن لە بەرێوەچوونی حوکمی لەسێدارەدانی ئەو زیندانییە، بێئاکام مایەوە...

### خۆکوژی ژنان و پیاوان لە کوردستان:

سەرلەبەیانیی ڕۆژی پێنجشەممە، ٤ی ڕۆژی هەینی، ٢٩ی خەرمانان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «یەدوڵڵا قوبادی» تەمەن ٦٠ ساڵە، خەڵکی شاری کامیاران، بەهۆی کێشەی بنەماڵەییەوە، لە سەربانی ماڵەکەی خۆیاندا، خۆی فڕە داوەتە خوارەوە و گیانی لەدەست داوە.

ڕۆژی شەممە، ٣٠ی خەرمانان، لاوێکی کامیارانی بە ناوی «فەرزاد وەیسی»، تەمەن ٣٠ ساڵ، کوڕی «مەولوود»، بە هۆکاری نادیار کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

ڕۆژی سێشەممە، ٢ی ڕەزبەر، مێرمنداڵێکی تەمەن ١٧ ساڵ بە ناوی «ڕامین نەبەردی»، کوڕی «ڕەسووڵ»، خەڵکی شاری مەهاباد، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

ڕۆژی دووشەممە، ٨ی ڕەزبەر، دوو ژنە هاووڵاتیی کوردی خەڵکی شاری کرماشان بە ناوەکانی «زینەت محەممەدی و نگار عێزەتی»، بەهۆی هەژاری و دەسکورتییەوە، خۆیان سووتاند.



دووشەممە، ٨ی ڕەزبەر، هاووڵاتییەکی دیکەی کرماشانی، بەهۆی دەستکورتی لە دانەوەی قەرزەکانی بە بانک، خۆی سووتاند، کە لە لایەن هاووڵاتییانی ئەو شارەوە لە مردن ڕزگار کرا. هەروەها، پیاوێکی تەمەن ٣٥ ساڵ، بەهۆی کێشەی ئابوورییەوە لە بینایەکی ٦ نهۆمی لە شارەکی «ئابادانی و مەسکەن»ـی کرماشان، خۆی خستووەتە خوارەوە و گیانی لەدەست دا.

ئەو هاووڵاتییە، بەهۆی کێشەی ئابووری و هەژارییەوە خۆی کوشت.

**ئەم ئامارانە لەلایەن ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا ئامادە کراوە.**

## ژینگەی کوردستان هەڕەشەی لە سەرە

لە ڕۆژانی ڕابردوودا، «عیسا کەڵانتەری»، بەرپرسی ڕێکخراوی ژینگەی ڕێژیمی ئێران، سەبارەت بە ژینگەی ئێران وتوویەتی: «ئەمڕۆ نە ئامریکا و نە ئیسرائیل بۆ وڵتی ئێمە هەڕەشە نین، بەڵکوو ئەوە دۆخی ژینگە، سەرچاوە ئاوییەکان، جۆرەکانی گیاکان و ئاژەڵەکانن کە بۆ وڵاتەکەمان وەکوو هەڕەشە بەئەژمار دێن.»

عیسا کەڵانتەری هەروەها باسی لە پاراستنی ژینگە کردووە و وتوویەتی: دەبێ، هاوکات لەگەڵ چالاکییە فێرکاری، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان لە بیری ژینگەشدا بین.

لە ڕاستیدا ئەم وتە چەواشەکارانە لەحاڵێکدا لە زاری ئەم بەرپرسەی ڕێژەمەوە دێنە دەر کە خودی ئەو بەرپرسە و هیچ کام لە دامودەزگا پیوەندیدارەکانی ڕێژیمی ئێران هیچ ئاوڕێک لە دۆخی ژینگەی ئێران بە گشتی و ژینگەی کوردستان بەتایبەتی نادەنەوە.

لە ماوەی ١٥ ڕۆژی ڕابردوودا ڕێژەیەکی بەرچاو لە دارستانەکانی ناوچەکانی مەریوان و دەوروبەری لە ئاگری نەیارانی ژینگەی کوردستاندا سووتان کە ئەمە خەسارێکی جیددی بۆ سەر ژینگەی



زاگرۆس بەئەژمار دێت.

ڕۆژی ٤ی ڕەزبەری ئەمساڵ، ٥ ناوچەی جیاجیای دارستانەکانی مەریوان بە ناوەکانی « گێڵی کەران، چنارە، گەوێڵە، شێخ عەتار، قەڵانجان» تووشی ئاگرکەوتنەوە بوون، ڕۆژی ٥ی ڕەزبەر، دارستانەکانی گوندی گەوێڵە ئاگریان تێبەردرا.

لە ڕۆژی ٦ی ڕەزبەردا ئەم ئاگرە گەیشتە گوندی «بەردی سپی»، لە ٨ی ڕەزبەردا، دارستانەکانی گوندی «بالک» ئاگریان تێبەردرا، لە ١٣ی ڕەزبەردا، دارستانەکانی دۆڵەبی لە سەردۆشی مەریوان تووشی ئاگرکەوتنەوە بوون.

سەرەڕای ئەم هەموو ئاگەتێبەردانانە، نەیارانی ژینگەش بە بڕینەوەی داری دارستانەکانی ناوچەی «بەر پلەی ساراڵ» و بڕین و بە تاڵانبردنی دار بییەکانی چەم کانیان، نێوان ئاواییەکانی «تەیناڵ، گوڵچێر و ئاڵی هەمەدان» هەوڵی تێکدانی ژینگەی کوردستانیان کردووە.

ناوەندە پێوەندیدارەکانی ڕێژیم لە سەرەکیترین هۆکارەکانی تێکدانی ژینگەی کوردستان بە ئەژمار دێن و لە قاچاخ کردن و دزینی داری دارستانەکانی زاگرۆسدا ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە.